
## بەدواچوونێک لەسەر راپۆرتەکەی هیومان رایتس وۆچ



فۆتۆ: کەمال ئاکرەیی

ئەوانەی ئەو راپۆرتەیان نووسیوە، شارەزای پێکهاتەی ئیتنی و ئاینی کوردستان نین، هەروەها شارەزای ئایین و شێوە زارە جیاوازەکانی نەتەوەی کوردیش نین

جیاوازی ئایینی یان جیاوازی مەزهەبی هۆکارێک نیە بۆ ئەوەی ناسنامەی نەتەوەیی لێ دابماڵرێت

# لە کوردستان ئایین و نەتەوەی جیاواز هەیە نەک کەمینەکان




گوڵان
ژمارە (٧٥٨)
٢٠٠٩/١١/٢٣

**«لێبوردەیی ئاکامی حەتمی هەستکردنمانە بەوەی ئێمەش لە هەڵەکردن بەدەرنین،ئادەمیزاد هەڵەدەکات، بەردەوام هەموومان هەڵە دەکەین،لێگەڕێن با لەهەڵەکانی یەکتری ببوورین،ئەمەش پرانسیپی یەکەمی مافی سروشتییە»**

**ڤۆلتێر**

***

هەرێمی کوردستان تەنها ناوچەیە لە هەموو رۆژهەڵاتی ناوەراستدا،وشەی کەمینەی لە فەرهەنگی سیاسیی و حکومڕانیدا بۆ هەتا هەتایە سڕییەوە،راستە لە کوردستان ئایین و نەتەوەی جیاواز هەیە بەڵام ئەو نەتەوەو ئاینزا جیاوازانە، کەمینەی ئایینی و نەتەوەیی نین، بەڵکو لای سەرۆکی کوردستان ئایین هەر ئایینە،کەمینە و زۆرینەی بۆ نیە،نەتەوەش هەر نەتەوەیەو بە کەمی و زۆری نییە، بەڵام سنووری جوگرافی و مێژوویی هەر وڵاتێك پەیوەستە بە کۆمەڵێك بەڵگەو دیکۆمێنتی مێژوویی و سیاسییەوە بۆیە ئەوە کاری ریکخراوی چاودێری مافەکانی مرۆڤ نیە سنووری وڵات و هەرێمەکان دیاری بکات.

لایەنێکی دیکە کە راپۆرتەکەی رێکخراوی (HRW) ئاماژەی پێکردووە و داوا لە حکومەتی هەرێمی کوردستان دەکات کە دان بە ناسنامەی ئێزدی و شەبەك و کریستیانەکانی کوردستان بنێت، ئەمەشیان داوایەکە کە لە داوای رێکخراوێکی مافی مرۆڤ ناچێت و پێشێلکردنی سەرەتاییترین مافەکانی مرۆڤە لەبەر ئەوەی راپۆرتەکە تێکەڵاوییەکی خراپی پێکهاتە ئایینی و ئیتنیەکانی کوردستانی کردووە و ئەمەش کە پێناچێت هەڵەیەکی هەروا سادەبێت و چاوی لێ بپۆشرێت، بەڵکو ئەمە هەڵەیەکە بەدەستی ئەنقەستکراوە و هەوڵێکە بۆ سڕینەوەی ناسنامەی نەتەوەیەك کە بەدێژایی مێژوو لەسەر ناسنامەی نەتەوەیی دووچاری پاکتاوی رەگەزی بۆتەوە، بۆیە بە پێویستی دەزانین ئەم لایەنە وردتر قسەی لەسەر بکەین:

١- خاڵی گرنگ کە رێکخراوی چاودێری مافەکانی مرۆڤ لەبەرچاوی نەگرتووە ئەوەیە کە ئەوانەی ئەو راپۆرتەیان نووسیوە، شارەزای پێکهاتەی ئیتنی و ئاینی کوردستان نین،هەروەها شارەزای ئایین و شێوە زارە جیاوازەکانی نەتەوەی کوردیش نین، بۆ ئەوەی نووسەرانی ئەم راپۆرتە باش لە پێکهاتەی شێوەزار و ئایینە جیاوازەکانی نەتەوەی کورد بزانن، راشکاوانە پێیاندەڵێین لە پێکهاتەی نەتەوەی کورد لە سەرانسەری کوردستان بەگشتی و کوردستانی عێراق بەتایبەتی، کورد چەندین ئایینی جیاوازی تێدایە، راستە نەتەوەی کورد زۆربەیان موسڵمانن، بەڵام لەناو نەتەوەی کوردیشدا پێڕەوانی ئاینەکانی دیکەش هەن، هەروەها لە ناو کوردی موسڵمانیشدا پێڕەوانی مەزهەبە جیاوازەکانیش هەن، بۆیە جیاوازی ئایینی یان جیاوازی مەزهەبی هۆکارێك نیە بۆ ئەوەی ناسنامەی نەتەوەیی لێ دابماڵرێت، ئەم حاڵەتە دوژمنانی کورد و نەتەوە جیاوازەکانی کوردستان بە مەبەستی پاکتاوی رەگەزی دژی هەموو نەتەوە و ئایینە جیاوازەکانی کوردستان پیادەیانکردووە، یەکەم سیاسەتی پاکتاوی رەگەزی کە لە ساڵی ١٩٨٠ دژی کورد پیادەکرا، ئەنفالی کوردە فەیلیەکان بوو، ئەم سیاسەتە بەبیانووی ئەوە پیادەکرا، لەبەر ئەوەی کوردە فەیلیەکان پێڕەوانی مەزهەبی شیعەن وپێڕەوانی مەزهەبی سونە نین، ئینجا ئێزدیەکان کران بە عەرەب و هەموویان بە سیاسەتی ( تصحيح القوميه ) کران بە عەرەب،تا بۆیان کرا کریستیانەکانیان کرد بەعەرەب، ئەمانە هەمووی لە پێناوی ئەوەی دیموگرافیای کوردستان بشێوێنن و یەکپارچەیی عێراق بکەنە عێراقێکی عەرەبی.

٢- راپۆرتەکە دیسان کەوتۆتە هەڵەیەکی ترسناکی ترەوە، ئەویش تێکەڵاوکردنی براکریستیانەکانی کوردستانە لەگەڵ دووشێوەزاری جیاوازی نەتەوەی کورد، بەراستی سەیرە راپۆرتەکە بەبێ ئەوەی ئاماژە بە هیچ بەڵگەیەك بکات یان بگەڕێتەوە بۆ هیچ بەڵگەیەکی مێژوویی داوا دەکات حکومەتی هەرێمی کوردستان وەك ئیتنیەکی جیاواز دان بەبوونی کریستیانەکان بنێت، بۆ راستکردنەوەی ئەم خاڵەی کە راپۆرتەکە ئاماژەی پێکردووە دەڵێین، ئایینی کریستیان مێژوویەکی دێرینی لە کوردستان هەیە، راستە زۆربەی ئەوانەی پێڕەوی ئایینی کریستیان دەکەن لە کوردستان سەر بە هەردوو نەتەوەی کلد و ئاشوورین،بەڵام تێکڕای پێڕەوانی ئایینی کریستیان لە کوردستان کلد و ئاشوری نین و خەڵکانێك هەن کوردن و پێڕەوی ئاینی کریستیان دەکەن و کەنیسەی خۆشیان هەیە بە ناوی کەنیسەی کورد زبان، ئەمەش مانای ئەوەیە ئەو لێبوردە ئایینییەی لە کوردستاندا هەیە لەهەموو رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و تێکڕای دەوڵەتانی ئیسلامی و عەرەبی بێ وێنەیە، کوردستان تەنها دوورگەی ئازادە لە ناو هەموو دەوڵەتانی عەرەبی و ئیسلامیدا بە ئیسرائیلیشەوە، کە هاوڵاتیانی ئازادن پێڕەوی چ ئایین یان چ مەزهەبێك دەکەن،بۆیە زۆر ئاساییە کوردێکی موسڵمان واز لە ئیسلام بێنێت وبێتە پێڕەوی ئایینی کریستیان، یان بە پێچەوانەوە هاووڵاتیەکی کلد یان ئاشوری واز لە کریستیان بێنێت و ببێتە پێڕەوانی ئایینی ئیسلام، لەمەش گرنگتر لێبوردەیی ئایینی لای تاکی کورد بە ئاستێکە کە لە کاتی ژنهێنان و تێکەڵاو بوون لەگەڵ ئایینەکانی دیکە تاکی کورد ئەوجا چ ژنەکە کورد بێت و شوو بە کەسێك بکات کریستیان بێت، یان چ پیاوەکە کورد بێت و ژنێکی کریستیان بێنێت، هیچ لایەکیان ئەوی دیکە ناچار ناکات دەستبەرداری ئایینەکەی خۆی بێت، بۆ ئەوەی نووسەرانی راپۆرتەکەی (HRW) باشتر لەم باسە تێبگەن پێیان دەڵێین دەزانن ئەمە مانای چیە؟ واتە ئەو منالانەی لەو دایك و باوکە موسڵمان و کریستیانە دروستدەبن، ئازادن دەبنە پێڕەوانی ئایینی ئیسلام یان کریستیان، ئازادن ئایینی دایکیان هەڵدەبژێرن یان ئایینی باوکیان، ئەگەر رێکخراوی ( HRW ) دەیەوێت ئەم راستیە بە چاوی خۆی ببینێت، گوڵان ئامادەیە لیژنەی رێکخراوی (HRW) بباتە دەیانماڵی کوردستان کە لە یەك خێزاندا دوو ئایینی جیاواز هەیە، گوڵان ئامادەیە بیانباتە دەیان ماڵ کە لەیەك خێزاندا دوو نەتەوەی جیاواز هەیە، گوڵان ئامادەیە بیانباتە دەیان ماڵ کە لە ناو یەك خێزاندا دوو مەزهەبی جیاواز هەیە،ئێمە تەنها ئەو پرسیارە لە رێکخراوی ( HRW ) دەکەین، ئایا ئەو رێکخراوە بەرێزە دەتوانێت لە هەموو ئەو دەوڵەتانەی پێیدەگوترێت جیهانی سێیەم یان تازە پێگەیشتوو،نموونەیەکی هاوشێوەی ئاستی ئەو لێبوردەیی ئایینی و نەتەوەییەی لە کوردستان بوونی هەیە پیشانمان بدات؟ ئایا رێکخراوی ( HRW ) دەتوانێت لەرووی لێبوردەیی ئایینی و نەتەوەییەوە فەرەنسا و بەریتانیا کە یەکەمیان خاوەنی شۆرشی فەرەنسایە و دووەمیان خاوەنی یاسای مەگناکارتایە بە کوردستان بەراورد بکات؟

**کوردستان تەنها دوورگەی ئازادە لە ناو هەموو دەوڵەتانی عەرەبی و ئیسلامیدا بە ئیسرائیلیشەوە، کە هاوڵاتیانی ئازادن پێڕەوی چ ئایین یان چ مەزهەبێک دەکەن**

**ئەگەر رێکخراوی (HRW) دەیەوێت ئەم راستیە بە چاوی خۆی ببینێت، گوڵان ئامادەیە لیژنەی رێکخراوی(HRW) بباتە دەیان ماڵی کوردستان کە لە یەک خێزاندا دوو ئایینی جیاواز هەیە، گوڵان ئامادەیە بیانباتە دەیان ماڵ کە لەیەک خێزاندا دوو نەتەوەی جیاواز هەیە، گوڵان ئامادەیە بیانباتە دەیان ماڵ کە لە ناو یەک خێزاندا دوو مەزهەبی جیاواز هەیە**

فەرەنسیەکان هەتا ئێستاش ئامادەنین بە زمانی ئینگلیزی قسەبکەن، تەنانەت ئەگەر ئینگلیزیش بزانن بە ئینگلیزی پرسیاریان لێ بکەیت بە فەرەنسی وەڵامت دەدەنەوە، ئیرلەندییەکان کەبەشێکن لە شانشینی مەزنی بەریتانیاو بەریتانیاش کە بەلانکەی لیبرالیزم و دیموکراتی ناسراوە، هەتا ئێستا قەدەغەیە ئۆرنج وپرۆستانتەکان بە گەڕەکانی یەکتریدا هاتو چۆ بکەن، بەڵام لە کوردستان نەك ئێستا بەڵکو بە درێژای مێژوو ئایین و نەتەوەجیاوازەکان لە ناو یەك خێزاندا تێکەڵاو بوون، ئەم روونکردنەوەیە بۆ ئەوە نیە، کەبڵێین لە هاوڵاتیانی کوردستان ئەوجا هاوڵاتیەکە کورد بێت یان کلد و ئاشوری یان تورکمان،هەڵەناکەن، نەخێر ئادەمیزاد هەموی هەڵە دەکات، بەڵام ئەو کولتوورەی لە کوردستان هەیە هاوڵاتیانی فێرکردووە لە هەڵەکانی یەکتری ببوورن، بۆیە هەتا ئێستا لێبوردەیی بەسەر رەگەز پەرستی و توندڕەویی باڵادەستە و برایەتی و پێکەوە ژیان بەردەوامە.

**٣-** لێرەوە ئەگەر بێینە سەرخاڵی سەرەکی کە راپۆرتەکە بە تێکەڵاوی باسیکردووە، ئێمە بۆ راستکردنەوەی راپۆرتەکە تەنها باسی نەتەوەی کلد وئاشوور دەکەین کە پێکهاتەیەکی سەرەکی گەلی کوردستانن،لەم رووەوە پرسیار لە نووسەرانی راپۆرتەکە دەکەین و پێیاندەڵین: ئایا مەبەست لە دانپێدانان بە بوونی نەتەوەیەك کە ئێوە وەك پێرەوانی ئاینێك ئاماژەتان پێکردووە چیە؟ ئەگەر مەبەستان ئەوەیە حکومەتی هەرێمی کوردستان دان بە بوونی ئەواندا بنێت، ئەوا پێتاندەڵین ببوورن نە سەرۆکی کوردستان ئەو مافە بەخۆی دەدات نە حکومەتی هەرێمی کوردستانیش ئەو مافە بە خۆی دەدات، چونکە سەرۆکی کوردستان و حکومەتی هەرێمی کوردستان بڕوای تەواویان بەوەهەیە کە دەبێت نەتەوەکانی کوردستان خۆیان چارەنووسی خۆیان دیاریبکەن، ناسینی نەتەوەیەك یان دانانان بە مافەکانیان ئەوە خەڵاتکردن نیە هەتا کورد خەڵاتیان بکات، بۆیە راشکاوانە ئەوە بە نووسەرانی راپۆرتی (HRW) دەڵێین، سەرۆکی کوردستان کە ئێستا سەرۆکی هەڵبژێردراوی تێکرای گەلانی کوردستانە( نەك تەنها کورد ) حکومەتی هەرێمی کوردستانیش کە پێکهاتەکەی رەنگدانەوەی تەواوی پێکهاتە نەتەوەیی و ئایینە جیاوازەکانی کوردستانە، ئەو مافە بە خۆیان نادەن ماف بۆ نەتەوە و ئایینە جیاوازەکانی کوردستان دیاریبکەن، بۆیە سەرۆکی کوردستان بەوجۆرە سەیری دەستووری کوردستان دەکات،

ئایا ئەو رێکخراوە بەڕێزە دەتوانێت لە هەموو ئەو دەوڵەتانەی پێیدەگوترێت جیهانی سێیەم یان تازە پێگەیشتوو، نموونەیەکی هاوشێوەی ئاستی ئەو لێبوردەیی ئایینی و نەتەوەییەی لە کوردستان بوونی هەیە پیشانمان بدات؟ ئایا رێکخراوی (HRW) دەتوانێت لەرووی لێبوردەیی ئایینی و نەتەوەییەوە فەرەنسا و بەریتانیا کە یەکەمیان خاوەنی شۆرشی فەرەنسایە و دووەمیان خاوەنی یاسای مەگناکارتایە بە کوردستان بەراورد بکات؟



فۆتۆ: سەفین حەمید

چۆن کورد مافی خۆیەتی بەشـداربێت لە دارشـتنی ئەو دەستوورەو مافەکانی خۆی لە دەستووردا دیاریبکات، تورکمان و کلد و ئاشـوریش هەمان مافیان هەیە و خۆیـان مافی خۆیان لە دەسـتووری کوردستان دیاریدەکەن، چۆن موسڵمانانی کورد و تورکمان مافی خۆیانە سەبارەت بە لێبوردەیـی و ئازادی ئایینی مافی خۆیـان وەك پیڕەوانی ئایینی ئیسـلام لە دەسـتووردا دیاریبکەن و پێ لەسەر ئـەوە دابگرن نابێت دەسـتوور لە هیچ بڕگەیەکیـدا دژی بنەماکانی ئایینی ئیسـلام بێت، بەهەمان شێوە کریستیان و ئێزدی و تەنانـەت ئایینەکانی دیکەش مافی خۆیانە پێ لەسـەر ئەوە دابگرن کە نابێت دەسـتووری کوردستان لەگەڵ بنەماکانـی ئایینی کریسـتیان و ئێزدی و تەنانـەت ئایینەکانی دیکـە هاودژی دروسـتبکات، بۆیە بەلامانەوە سەیرە ئەو داوایە لە سەرۆکی کوردستان یان حکومەتی هەرێمی کوردسـتان دەکرێت،لـە کاتێکدا پێویسـتە رێکخـراوی ( HRW ) رۆڵێکی مرۆڤایەتی ببینێـت و هاوکارئەو نەتەوە و ئایینە جیاوازانەی کوردستان بێت، بێگومان لەپێش هەموویانەوە ئێمە دەخوازین هاوکاری نەتەوەی کورد بکەن، ئینجا کلد وئاشوری و تورکمان بۆ ئـەوەی تەواوی مافەکانی خۆیان لە دەستووری کوردستان دیاربکەن، دەبوو رێکخـراوی (HRW) ئاگاداری ئەو راستیە بوایە کە هۆشـیاری دەسـتووری و یاسایی لە کوردسـتان بـە تایبەتی و لـە عێراق بەگشتی لە ئاسـتێکی نزمدایە عێراق لەوەتەی دروست بووە دەوڵەتی یاسا نەبووە و دەوڵەتی زەبر زەنگ و جەنگەڵ بووە، بۆیە پێویستە تێکرای گەلانی کوردستان بە تـەواوی بە بنەماکانـی مافەکانی مرۆڤ هۆشیار بکرێنەوە بۆ ئەوەی بزانن مامەڵەیەکی دروست لەگەڵ مافەکانی خۆیان بکەن، بۆیە ئێمە پێشنیار بۆ رێکخراوی (HRW) دەکەین، کـە هاوکارییەکی

فەرەنسیەکان
هەتا ئێستاش
ئامادەنین بە
زمانی ئینگلیزی
قسەبکەن،
تەنانەت ئەگەر
ئینگلیزیش بزانن
بە ئینگلیزی
پرسیاریان
لێ بکەیت بە
فەرەنسی وەڵامت
دەدەنەوە،
ئیرلەندییەکان
کەبەشێکن لە
شانشینی مەزنی
بەریتانیاو
بەریتانیاش
کە بەلانکەی
لیبرالیزم و
دیموکراتی
ناسراوە،
هەتا ئێستا
قەدەغەیە ئۆرنج
وپرۆستانتەکان
بە گەڕەکانی
یەکتریدا هاتو
چۆ بکەن، بەڵام
لە کوردستان
نەک ئێستا
بەڵکو بە درێژایی
مێژوو ئایین و
نەتەوەجیاوازەکان
لە ناو یەک
خێزاندا تێکەڵاو
بوون



مرۆڤایەتی ئەو ٣ پێکهاتەیە بکات کە بە ئەنقەست تێکەڵاوی کردوون، بۆ ئەوەی خۆیان چارەنووسی خۆیان یەکلابکەنەوە،با خۆیان بڕیار بـدەن نەك داوامان لێبکەن مافە سروشتیەکانی خۆیان، وەك خەڵات پێیان بدەینەوە.

٤- سەبارەت بە ئێزدیەکان کە ڕاپۆرتەکەی (HRW) وەك ئیتنیەکـی جیـاوازی غەیرە کـورد پێناسـەیان دەکات،جارێ پێش هەموو شـت ئەوەی ڕاپۆرتەکەی خوێندبێتەوە لەوە تێدەگات کە ئەم ڕاپۆرتە بەچ نەفەسێکی دژی بەرژەوەندییەکانی گەلانی کوردستان نووسراوە، لە کۆباسی ڕاپۆرتەکـەدا هاتـووە کـە لیژنەکەی (HRW) نەیتوانیوە سـەردانی شـاری شەنگار بکات،بیانووشیان بۆ نەچوونیان بۆ شـەنگار ئەوەیە، کە لەبەر هۆکاری ئاسایش نەیانتوانیوە سەردانی ئەو شارە بکەن، ئەمـە لە کاتێکدا ئەم ڕاپۆرتە لە شـوباتی ٢٠٠٩ ئامادەکـراوە، بۆیە بە لیژنەی ڕێکخراوی (HRW) دەڵێین، ئێوە خۆشـتان لە ڕاپۆرتەکەتان ئاماژەتان بەو تەقینەوە گەورە دڕندانەیەی ساڵی ٢٠٠٨ ی شـاری شـەنگار کردووە، هەروەها ئاماژەشتان بەوەکردووە کە ئەو تەقینەوانە دەسـتی عەرەبەکانی شـاری موسڵە، هەروەها ئاماژەشتان بەوەکردووە کە کۆنە بەعسیەکان و سـەدامیەکان بە کوردی ئێـزدی دەڵێن کافر و شەیتانپەرسـت، بەڵام لەدوای ئەو تەقینەوە دڕندانەیەی پاشماوەی بەعسیەکان و تیرۆریستان لە شـەنگار ئەنجامیاندا هەتا ئەو کاتەی ئێوە هاتوون ئـەو ڕاپۆرتە ئامادە بکەن، نزیکـەی ٦ مانگی نێوانـە، لەماوەی ئەو ٦ مانگەش نەك کاری تیرۆریسـتی نەبـووە بەڵکـو باردۆخی شـەنگار ئارام بووە، ئایا هیچ پاسـاوێك بۆ ئەوە هەیە کە لیژنەیەکـی وەك لیژنـەی (HRW) سـەردانی ئەو ناوچەیە نەکات کە ٩٠٪ی ئێزدیەکانـی لێیە و بەبێ ئـەوەی چاوپێکەوتنـی لەگەڵ یەك ئێزدی لە دهۆك و شـەنگار کردبێت،ڕاسـتەوخۆ دەنووسـێت ئێـزدی ئیتنیەکـی جیاوازە و کوردنین، پرسـیار ئەوەیە ئایا ئەمە پاراستنی مافی مرۆڤ یان پێشێلکردنی مافی سەدان هەزار هاوڵاتـی کوردە کە بەبـێ ئەوەی پرسـیاریان لێبکرێـت بڕیار لەسـەر چارەنووسـیان بدرێت؟ ئایا ئەمـە دووبـارە کردنەوەی سیاسەتی ڕژێمی دیکتاتۆری سەدام حوس□ینە یان ڕاپۆرتی ڕێکخراوی چاودێری مافەکانی مرۆڤە؟ ئێمە لەم ڕاپۆرتە وەك گۆڤارێك نەك دامەزراوەیەکی حکومی ڕاشـکاوانە لیژنەی ڕێکخـراوی (HRW) دڵنیادەکەینـەوە و ئامادەباشـی خۆمـان دەخەینـە بەردەسـتیان و گەرەنتـی سـەلامەتیان دەخەینە ئەسـتۆی خۆمان و لـە گەڵیـان دەچینـە شاری شـەنگار و ڕاپرسیەك دەکەین بە نووسین و هێندەی ڕێکخراوی ( HRW) داوای دەکات فۆرم بەسەر هاوڵاتیانی ئێزدی و شەنگار دابەش دەکەین، با خۆیان لەسەر ئەو فۆرمانە بڕیار بدەن ئایا بەشێکن لە نەتەوەی کورد یـان ئیتنیەکی جیاواز؟ ئەگـەر بڕیاریان بەو جۆرە بوو کە ئەوان بەشێکی سەرەکی و ڕەسەنی نەتەوەی کوردن ئـەوا دەبێت هەموو جیهان ڕێز لە ئیـرادەی خۆیـان بگرێت، ئەگەر بڕیاریشـیاندا ئیتنیەکـی جیاوازن ئەوا دیسـان دەبێت هەمـوو جیهان ڕێز لە ئیرادەیان بگرێت، مەسـەلەی دەستنیشـانکردنی چارەنـووس مەسەلەیەکی هەسـتیار و گرنگە، ئێمە نازانین چۆن ئەم لیژنەیەی سەر بەم ڕێکخراوە جیهانیە بەرێزە کەوتۆتە ئەم هەڵە ترسناکەوە.

٥- سەبارەت بە کوردی شەبەکیش، ئێمـە وەك گۆڤـاری گـوڵان دوای هەڵبژاردنەکانـی پارێزگای نەینـەوا بردنەوەی لیسـتی حەدبا لـە هەڵبژاردنـەکان وەك کارێکـی پرۆ فیشـناڵی ڕۆژنامەگەریـی بە باشـمان زانـی دیمانەیەك لەگەڵ ئەسـیل نجێفی سـەرۆکی لیستی حەدبا بکەین بۆ ئەوەی بزانین ئـەم لیسـتە کـە زۆرینەی کورسـیەکانی ئەنجوومەنی

**عێراق لەوەتەی دروست بووە دەوڵەتی یاسا نەبووە و دەوڵەتی زەبر زەنگ و جەنگاڵ بووە**

**مەسەلەی دەستنیشانکردنی چارەنووس، مەسەلەیەکی هەستیار و گرنگە، ئێمە نازانین چۆن ئەم لیژنەیەی سەر بەم ڕێکخراوە جیهانیە بەرێزە کەوتۆتە ئەم هەڵە ترسناکەوە**



پارێزگای نەینەوای بردۆتەوە و ئیدارەی ئەو پارێزگایە پێکدەهێنێت، چۆن لەگەڵ پێکهاتە جیاوازەکانی ئەوشارە مامەڵە دەکات بەتایبەتیش لیستی برایەتی نەینەوا کە سێیەکی کورسیەکانی ئەنجوومەنی پارێزگای نەینەوای بەدەستهێناوە، لە وەڵامدا ئەسیل نجێفی (( دەنگەکەی بە تۆمارکراوی لە ئەرشیفی گوڵان پارێزراوە و بەدەقیش لە ژمارەکانی پێشتری گوڵان بڵاوکراوتەوە)) بە گوڵانی راگەیاند: ((لە موسڵ کورد بوونی نییە ئەوەی هەیە ئێزدیە، شەبەکە، گەرگەرییە، ئەسڵەن کورد لە موسڵ بوونی نیە))ئێمە لە گوڵان ئەم قسەیەی ئەسیل نەجێفی نەك هەر بڵاومانکردەوە، بەڵکو وەك مانشێتی سەرەکی دیمانە دامانناا، ئامانجمان لەم شێوازە ئەوەبوو:

أ- پیشانی رای گشتی خەڵکی کوردستانی بدەین کە پاشماوەکانی بەعس ئامانجیان ئەوەیە عێراقی نوێ بگەڕێننەوە بۆ سەردەمی دیکتاتۆری و سەرکوتکاری.

ب- حەزمانکرد ناسنامەی ئەو کوردە خۆفرۆش و جاشانەی وەك ئەرشەد زێباری بۆ هاوڵاتیانی کوردستان ئاشکرا بکەین، کەچۆن لە دژی نەتەوەی خۆیان دەستیان خستۆتەوە ناو دەستی کۆنە بەعسیەکان و رازین بە ئاشکرا پێیانبگووترێت ئێوە کوردنین.

ت- مەبەستمان بوو هەموو پێکهاتەکانی ناو لیستی برایەتی نەینەوا ئاگادار بکەینەوە کە عەرەبیشی تێدابوو،بەوەی کۆنە بەعسیەکان دژی هەر پێکهاتەیەکن کە بڕوای بە پێکەوە ژیانی برایانەی پێکهاتە جیاوازەکانی پارێزگای نەینەوا هەبێت.

بەداخەوە کە راپۆرتەکەی رێکخراوی ( HRW)مان خوێندەوە ئەو قسانەی ئەسیل نجێفیمان بیرهاتەوە کە پێشتر بۆ گوڵانی کردووە، ئێمە هەر سەبارەت بە بوونی کۆتا لە پارێزگای نەینەوا بۆ شەبەك و ئێزدی لەگەڵ شەبەك و ئێزدیەکانی پاریزگای نەینەوا قسەمانکرد و لێمان پرسین ئایا بۆچی کە ئێوە کوردن کۆتا تان هەیە؟ لە وەڵامدا پێیانگووتین لە بنەرەتدا دانانی کۆتا بۆ کریستیان و ئێزدی و شەبەك بۆ ئەوەیە ناسنامەی پارێزگای نەینەوا لە شاری برایەتی و پێکەوەژیانەوە بگۆرن بۆ شارێکی عەرەبی، نەك ئێمە وەك کوردی شەبەك و ئێزدی بەو کۆتایە رازینین، بەڵکو کلد وئاشوریەکانیش بەو کۆتایەی خۆیان رازینین، بۆیە هەموو لە ناو لیستی برایەتی نەینەوا خۆمان بینیوەتەوە و هەڵبژاردنەکانیش دەریدەخات، ئەو کۆتایانە بۆ چ مەبەستێکە.

بەداخەوە رێکخراوی (HRW) کەم تازۆر بایەخی بۆ ئاکامی هەڵبژاردنەکانی پارێزگای نەینەوا دانەناوە و ئەوەی لەبیر خۆی بردۆتەوە ١٣ کورسی لە کۆی ٣٩ کورسی پارێزگای نەینەوا چ مانایەکی هەیە؟ بۆیە ئێمە بە راشکاوی مانای ئەو ١٣ کورسیە بۆ رێکخراوی (HRW) روونەکەینەوە و پێیاندەڵێین،بوونی ١٣ کورسی بە ناوی لیستی برایەتی نەینەوا لە ناو ئەنجوومەنی پارێزگای نەینەوا واتە یەك ملیۆن هاوڵاتی پارێزگای نەینەوا بە کورد و کلد وئاشوری و تورکمانەوە بە خواستی خۆیان دەیانەوێت بگەڕێنەوە سەر هەرێمی کوردستان ئەمە هەموو ئەو ناوچانەی پارێزگای موسڵ دەگرێتەوە کە غەیرە عەرەبن، بە راشکاوی و بە شانازییەوە بەنووسەرانی راپۆرتەکەی (HRW) دەڵێین: ئەو زیاتر لە یەك ملیۆن هاوڵاتیانەی دەیانەوێت بگەڕێنەوە سەر هەرێمی کوردستان هەموویان بە دەنگدانی نهێنی و لە ژێر چاودێری زیاتر لە ٣٠ هەزار چاودێری ناوخۆ و بیانی دەنگیان داوەو هیچ هێزیکیش نیە لە دنیادا بتوانێت رێز لە ئیرادەی یەك ملیۆن مرۆڤ نەگرێت، هەر کارێك پێچەوانەی ئەم راستیە بگوترێت ئەوا پێشێلکردنی مافی یەك ملیۆن مرۆڤە نەك پاراستن و چاودێری کردنی مافەکانی مرۆڤ؟

٦- خاڵێکی زۆر گرنگ کە بەداخەوە لیژنەی رێکخراوی(HRW) لێی بێئاگابووە، یان بە ئەنقەست خۆی لێ بێئاگاکردووە، تێنەگەیشتنی لیژنەی

**بەڕێزانی ئەم لیژنەیە لەوە بێئاگان کە چۆن مافی حکومەتی بەغدایە بوونی لەو ناوچانە هەبێت مافی حکومەتی هەرێمی کوردستانیشە لەو ناوچانە بوونی هەبێت**



ڕیکخراوی چاودێری مافەکانی مرۆڤە، زۆر بەداخەوەین کـــە دەبینین لیژنەیەك خۆی بە نوێنەری چاودێری مافەکانی مرۆڤ دەناسێنێت، بەڵام لەوە بێ ئاگایە کە لەو وڵاتە دەســـتورێك هەیە ./٨٥ی هاوڵاتیانی دەنگیان بۆداوەو دەبێت ڕێزی لێ بگیرێت، دیسان بەداخەوە ئەم لیژنەیە هیچ ئیعتبارێکی بۆ دەستووری عێراق دانەناوە، ئەمەش پێشـــلکردنی تەواوی ڕێـــژە ئـــەو ./٨٥ی هاوڵاتیانی عێراقە کە دەنگیـــان بەو دەســـتوورە داوە، ئەو ناوچانەی لـــە ڕاپۆرتەکەی (HRW ) ئاماژەیـــان پێکراوە هەموویان ئەو ناوچە جێناکۆکانـــەن کە بەپێی مادەی ١٤٠ی دەســـتووری عێراق نەخشەی ڕێگەی بۆ دارێژراوە بۆ ئەوەی بە شێوەیەکی یاسایی و دەستووری چارەسەر بکرێن، هاوڵاتیانی ئەو ناوچانە بڕیاربـــدەن ئایا دەگەڕێنەوە ســـەر هەرێمی کوردســـتان یان دەخـــوازن ســـەر بـــە حکومەتی بەغدا بن. بەڕێزانـــی ئـــەم لیژنەیە لەوە بێئاگان

کە چۆن مافی حکومەتی بەغدایە بوونی لەو ناوچانـــە هەبێت مافـــی حکومەتی هەرێمی کوردستانیشە لەو ناوچانە بوونی هەبێـــت، هەروەها ئەمریکاش گەیشـــتۆتە قەناعەت کە دەبێـــت هێزێکی هاوبەش لە هێزەکانی گاردی کوردســـتان و ســـوپای عێـــراق و هێزەکانی ئەمریکا ئاسایشـــی ئـــەو ناوچانە بپارێزیت، ئەمە نەك تەنها لە پاریـــزگای نەینەوا بەڵکو لەهەموو ناوچە جێ ناکۆکەکان بـــە پاریزگای کەرکوك و دیالـــە و سەلاحەدینیشـــەوە، ئەمە کارێکە بە ڕێککەوتنـــی **٣** لایەنە کراوەو بۆ ئەوەیە کەشـــێکی ئارام دروستبکرێت بۆ ئەوەی بە شێوەیەکی دەستووری و یاسایی ئەو کێشە ئاڵۆزە چارەسەر بکرێت، ئەمە ڕێگەیە بۆ ڕێگرتن لەو مەترسیەی خۆتان لە ڕاپۆرتەکەی خۆتان باســـتانکردووە کەچـــۆن کۆنـــە بەعســـیەکان و پاشـــماوەکانی ڕژێمـــی ســـەدام حوسێن باســـی نەتەوە جیاوازەکانـــی شـــاری موسڵ دەکەن، ئێوە

خۆتـــان نووســـیوتانە عەرەبی ســـونە( کەئێمـــە پییـــان ناڵێین عەرەبی ســـونە بەڵکو پێیـــان دەڵێین کۆنە بەعســـی و تیرۆرســـتەکان، ئێمە ڕێزمان بۆ عەرەبی سونە هەیە وئەوانیش وەك ئێمە قوربانی دەســـتی ڕژێمی ســـەدام حوسێن بوون) بە کلدو ئاشـــوریان گوتـــووە کافر، بە ئێزدیەکانیان گوتووە شەیتانپەرست، ئەمە بێجگە لـــەوەی هەر خۆتـــان ئاماژەتان پێکردووە بە ســـەدانیان لێ تیرۆرکردوون و بەهەزارانیشـــیان ناچارکردووە موسڵ



**چۆن دەبێت لیژنەیەکی وەک لیژنەی ڕێکخراوی (HRW) حەساسیەتی بە ئاڵای قەوارەیەکی سیاسیی هەبێت کە هەموو ئامانجی پاراستنی مافەکانی مرۆڤ و بونیادی دیموکراتی و پێکەوەژیانی برایانە هەیە**

بەجێبهێڵن و روو لە شارەکانی دهۆك و هەولێر بکەن،ئێمە پێمان سەیرە ئەم لیژنە بەرێزە ماف بە کۆنە بەعسی و تیرۆریستەکان دەدات، بەڵام رەخنە لەوە دەگرێت کە هێزەکانی گاردی کوردستان سەلامەتی ئەو ناوچانە دەپارێزێت.

**٧- لایەنێکی دیکە** کە بەراستی جێگەی سەرسامی ئێمەیە و ئەو پرسیارە دەوروژێنێت، ئایا چۆن دەبێت لیژنەیەکی وەك لیژنەی رێکخراوی (HRW) حەساسیەتی بە ئاڵای قەوارەیەکی سیاسیی هەبێت کە هەموو ئامانجی پاراستنی مافەکانی مرۆڤ و بونیادی دیموکراتی و پێکەوەژیانی برایانە هەیە؟ بەراستی سەیرە لیژنەیەك خۆی بە پارێزەری مافی مرۆڤ بزانێت بە ئاڵای کوردستان حەساسیەتی هەبێت، ئەو لیژنەیە لەوە ئاگادار نیە کە ۆردۆ ولسن لە سەرەتای سەدەی بیستەم رایگەیاند لە هەرشوێنێك ئاڵای ئەمریکا هەبێت نابێت لەو شوێنە چەوسانەوە هەبێت،دەبوو ئەو لیژنە بەرێزە بەوجۆرە سەیری ئاڵای کوردستانی بکردایە کە لەهەموو ئەو ناوچانەی پارێزگای نەینەوا کە ئاڵای کوردستان دەبینرێت هەست دەکەیت چەوسانەوە و جیاوازی نەتەوەیی و ئایینی بوونی نیە،ۆردۆ ولسن کە دەڵێت لە هەرشوێنێك ئاڵای ئەمریکا هەبێت نابێت چەوسانەوە هەبێت، مەبەستی ئەوە نیە لە ژێر ئاڵای ئەمریکادا هەڵە ناکرێت، بەڵکو مەبەستی ئەوەیە سیستەمێك هەیە و هەڵە قبوڵناکات و راستی دەکاتەوە، بۆیە دەبوو لیژنەی رێکخراوی (HRW) ئەگەر رەخنەشی هەبوایە رەخنەکانی بەوجۆرە ئاراستەی حکومەتی هەرێمی کوردستان بکردایە و پرسیاری ئەوەی لێبکردایە، چۆن دەبێت لەو ناوچانەی ئاڵای کوردستانیان لێ هەڵکراوە هەڵە و کەموکورتی هەبێت، مادام ئاڵای کوردستانتان لێ هەڵکردووە نابێت بوار بەوە بدەن کە لە ژێر ئاڵای کوردستاندا هیچ هەڵە و کەموکوورییەك هەبێت؟ لیژنەی رێکخراوی (HRW) ئەگەر بەم نەفەسە مرۆڤایەتیە رەخنەکانی خۆی ئاراستەی حکومەتی هەرێمی کوردستان بکردایە، ئەوکات گوێبیستی ئەوەش دەبوو، هەڵەو کەموکووڕی لە هەولێرو سلێمانی و دهۆکیش رووەدات، هەروەها هەڵە و کەموکووڕی لە واشنتۆن و پاریس و لەندەنیش رووەدات، بەڵام یاسا و لێپرسینەوەش هەیە و دەبێت قبوڵ نەکرێت، ئەوە کاری رێکخراوێکی موخابەراتیە کە هەستێت چەند کەسێکی نەناسراو لەناو یەك ملیۆن هاوڵاتی بدۆزێتەوە و وەك رای یەك ملیۆن مرۆڤ بڵاوی بکاتەوە، رێکخراوەکانی مافەکانی مرۆڤ بۆ بەرژەوەندی مرۆڤایەتی و پاراستنی مافەکانی مرۆڤ تێدەکۆشن بۆیە دەبێت هەڵە و کەموکوری لە پرانسیب و سیستەم جیابکەنەوە، دەبوو ئاگاداری ئەوەبن سیستەمی سیاسیی لە کوردستان رێگە بەوە نادات هیچ کەسێك هەڵە بکات و لێپرسینەوەی لەگەڵ نەکرێت.

**٨- لە پاداشتی** هاریکاری و بە تەنگەوەچوونی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ ئەو ناوچە جێناکۆکانە و گەیاندنی خزمەتگوزاری پێویست بۆیان، راپۆرتەکە بەشێوەیەکی زۆر نادروست وەسفی ئەم هەنگاوەی حکومەتی هەرێمی کوردستانی کردووە و نووسیویەتی، حکومەتی هەرێمی کوردستان یارمەتی ئەو ناوچانە دەدات بۆ ئەوەی ئیغرا بن و بگەرێنەوە سەر هەرێمی کوردستان، گەرانەوەش بۆسەر هەرێمی کوردستان بە کورداندن یان بە کوردبوون وەسف دەکات،بەراستی ئەمە بیانوویەکی سەیرە و نیشانەی ئەو پەڕی بێ ئاگایی لیژنەی نابراوە لە مێژووی

وۆردۆ ولسن کە دەڵێت لە هەرشوێنێك ئاڵای ئەمریکا هەبێت نابێت چەوسانەوە هەبێت، مەبەستی ئەوە نیە لە ژێر ئاڵای ئەمریکادا هەڵە ناکرێت، بەڵکو مەبەستی ئەوەیە سیستەمێک هەیە و هەڵە قبوڵناکات و راستی دەکاتەوە





**ئەگەر هاوڵاتیەکی سپی پێست لە واشنتۆن بە چەقۆ بەربووە گیانی هاوڵاتیەکی رەش پێست و دەستدرێژی کردە سەر ئەمە مانای ئەوە نیە داوا لە حکومەتی ئەمریکا بکرێت دەبێت مافی رەش پێستەکان بسەلمێنی**

شۆرشەکانی کوردستان، بۆ ئەوەی ئەو لیژنە بەرێزە ئاگاداری ئەو راستیانە بێت بەچەند خاڵێك ئاماژەی پێدەکەین:

أ- لە مێژووی شۆرشی ئەیلولدا کە یەکێکە لە گەورەترین شۆڕشەکانی رۆژهەڵاتی ناوەراست، بۆیەکەم جار کە دادگای باڵای شۆڕش دامەزرا، سەرۆکایەتی ئەم دادگا باڵایە( کە بەرامبەر دەسەڵاتی دادوەری وڵاتێك بوو) بە پارێزەرێکی کریستیانی خەڵکی شاری موسڵ سپێردرا.

ب- شەهید فرانسۆ هەریری کە بەدەیان جار لەسەر میدیاکانی پارتی دیموکراتی کوردستان رایگەیاندووە کە ئەو کورد نیە و سەر بەنەتەوەی کلد و ئاشورە و پیڕەوانی ئایینی کریستیانە یەکێك بوو لە سەرکردە دیارەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان و لە ساڵی ١٩٩٢ – تا ئەو رۆژەی لە ٢٠٠٠/٢/١٨ شەهیدکرا، سەرۆکی فراکسیۆنی پارتی دیموکراتی کوردستان بوو لە ناو پەرلەمانی کوردستان ئەو فراکسیۆنەی خاوەنی ٥٠ کورسی بوو لە ١٠٠ کورسی پەرلەمانی، ئەمە لەکاتێکدا

هەر لەناو پەرلەمانی کوردستاندا فراکسیۆنی مۆر، تایبەت بەبرا کلد وئاشوریەکان بوونی هەبوو،بۆیە ئێمە لەوە تێناگەین داننان بە مافی نەتەوە و ئایینە جیاوازەکان مانای چیە، لە کاتێکدا کورد گرفتی ئەوەی نەبێت لە ناو پەرلەمانی کوردستاندا کریستیانێکی کلد و ئاشوری نوێنەرایەتی بکات،هەموو جیهانیش ئەو پەرۆشیەی خەڵکی کوردستانیان بۆ شەهید فرانسۆ هەریری بینی کە لە ٢٠٠٠/٢/١٨ تیرۆ کرا،چۆن هەموو کوردێکی موسڵمان پرسەی بۆ دانا و ئێستاش گەورەترین یاریگای نێو دەوڵەتی بە ناوی ئەو شەهیدەوەیە . کە ئەویش یاریگای شەهید فرانسۆ هەریری نێودەوڵەتیە لە شاری هەولێر.

### هەڵە و کەموکوری چەوسانەوە و جیاکاری سیستەماتیك نیە

ئەوەی نووسەرانی راپۆرتەکەی ریکخراوی (HRW)ی خستۆتە هەڵەوە هەندێك تێکەڵاوییە کە پێدەچێت لە نەشارەزاییەوە لە مێژوو و سیستەمی حکومڕانی کوردستانەوە تێکەوتبن، مەبەست لەو تێکەڵاوکردنەش ئەوەیە، کاتێك چاودێرێکی نێودەوڵەتی راپۆرت لەسەر ناوچەیەك دەنووسێت دەبێت پێشتر لە مێژوو، باری کۆمەڵایەتی، پێکهاتە جیاوازەکان ئینجا سیستەمی حکومڕانی ئەو وڵاتە ئاگادار بێت، ئەم شارەزاییە دەبێتە رێگە پیشاندەر بۆ ئەوەی لەکاتی



**ئەوە کاری ڕێکخراوێکی موخابەراتیە کە هەستێت چەند کەسێکی نەناسراو لەناو یەک ملیۆن هاوڵاتی بدۆزێتەوە و وەک ڕای یەک ملیۆن مرۆڤ بڵاوی بکاتەوە، ڕێکخراوەکانی مافەکانی مرۆڤ بۆ بەرژەوەندی مرۆڤایەتی و پاراستنی مافەکانی مرۆڤ تێدەکۆشن بۆیە دەبێت هەڵە و کەموکوری لە پرانسیب و سیستەم جیابکەنەوە**

نووسینی ڕاپۆرتەکەی نەکەوێتە هەڵەوە، هەر بۆنموونە، ئەگەر هاوڵاتیەکی سپی پێست لە واشنتۆن بە چەقۆ بەربووە گیانی هاوڵاتیەکی ڕەش پێست و دەستدرێژی کردە سەر ئەمە مانای ئەوە نیە داوا لە حکومەتی ئەمریکا بکرێت دەبێت مافی ڕەش پێستەکان بسەلمێنی، لەبەر ئەوەی حکومەتی ئەمریکا پێشتر وەك سیستەم جیاوازی ڕەگەزی لە نێوان ڕەش پێست و سپی پێست نەهێشتووە، بۆیە دەستدرێژی ئەو سپی پێستە بۆ سەر ڕەش پێستەکە، دەستدرێژی هاوڵاتیەکی ئەمریکیە بۆ سەر هاوڵاتیەکی دیکە و هەردوو هاوڵاتییەکە لەبەردەم یاسا یەکسانن، ئینجا ڕەنگی پێستی سپی بێت یان ڕەش هیچ جیاوازیەکی نیە، بەڵام ئەمە بخرێتە قاڵبی ئەوەی حکومەتی ئەمریکا هاندەرە بۆ ئەوەی سپی پێست دەستدرێژی بکاتە سەر ڕەش پێست، ئەمە تاوانێکی گەورەیەو دەبێت، ڕاستبکرێتەوە، لە هەندێك برگەی ڕاپۆرتەکەی ڕێکخراوی (HRW) بەداخەوە هەست بەم تێکەڵیە دەکەین و هەستدەکەین بە ئەنقەست هەوڵدراوە هەندێك هەڵەو کەموکوری بەزۆر ئاخنراوەتە ناو بازنەیەکی دیکەو ناوی لێنراوە جیاوازی ئیتنی و ئایینی،ئەمە لە کاتێکدا ڕۆژانە بە دەیان هەڵەی هاوشێوەی ئەو هەڵانەی کە ڕاپۆرتەکە ئاماژەی پێکردووە،لە شارەکانی دیکەی کوردستان ڕوودەدەن، بەڵام یاسا و لێپرسینەوە هەیە و ئەو هەڵانە چارەسەر دەکرێت، بۆ ڕێکخراوی (HRW) ئاسانتر بوو سەردانی شارۆچکەی عەینکاوە لە هەولێرو،شارۆچکەی شەقڵاوەو دیانای بکردایە و سەردانی فەرمانگەی پۆلیسی ئەو ناوچانەیشی بکردایە،ئەوکات دەیبینی کە هاوڵاتیانی کورد و کلد وئاشووری پێکەوە لەبەردەم یاسا یەکسانن و هەر لایەکیان هەڵەی کردبێت بەپێی یاسا مامەڵەی لەگەڵ دەکرێت، هەروەها دەیتوانی سەردانی دهۆکی بکردایە لەوێش دەیبینی هاوڵاتیانی کورد و کلدو ئاشوری و کوردی ئێزدی هەموویان لەبەردەمی یاسا یەکسانن، ئەمە مانای ئەوە نیە دوو هاوڵاتی کوردستان یەکیان کورد و یەکێکی تریان کلد وئاشوری یان ئێزدی یان شەبەك ناکۆکیەك دەکەوێتە نێوانیانەوە یان پێکاهەڵدەپرژێن، مانای ئەوە بێت ئەمە لەسەر بنەمای جیاوازی ئیتنی یان ئایینیە، نەخێر ئەوە ژیانی ڕۆژانەی هاوڵاتیانە، هاوڵاتیانیش ڕۆژانە چەندین هەڵە بەرامبەر یەکتری دەکەن، بەڵام گرنگە حکومەتێك هەبێت هەموو پێکهاتەکان لەبەردەمی یاسادا یەکسان بکات.

پرۆفیسۆر رۆبەرت ئۆڵسن کە ئێستا ئوستادی مێژووی سیاسەتی رۆژهەڵاتی ناوەراستە لە زانکۆی کینتاکی، لای کورد لەوە ناسراوترە کە ئێمە جارێکی دیکە بە خوێنەرانی خۆمانی بناسێنینەوە، پرۆفیسۆر ئۆڵسن چەندین کتێبی گرنگی لەسەر مێژووی کورد و مێژووی بزوتنەوە سیاسییەکانی کوردستان نووسیوە، چەندین کتێبیشی بۆ زمانی کوردی وەرگێڕدراوە وبڵاوکراونەتەوە، هەربۆیە پرۆفیسۆر ئۆڵسن یەکێکە لەو پسپۆرانەی کە لەنزیکەوە لەسەر باری کۆمەڵایەتی و سیاسیی و ئابووری کوردستان شارەزایە، هەوەها پسپۆرو تایبەتمەندیشە لەسەر ئەو وڵاتانەشی کە کوردیان بەسەردا دەبەشکراوە، ئێمە وەك گۆڤاری گوڵان دوای خوێندنەوەی راپۆرتەکەی HRW هەستمان بەوەکرد کە نوسەرانی راپۆرتی ناوبراو لە رووی شارەزاییان لە مێژوو و باری سیاسیی و کۆمەڵایەتی و ئابووری کوردستان وەك پێویست شارەزا نین بۆیە بەوجۆرە کەوتوونە هەڵەوە،بۆیە ئێمە بە باشمان زانی بۆ قسەکردن لەسەر ئەم راپۆرتە لەگەڵ پسپۆرێکی شارەزا وەك رۆبەرت ئۆڵسن قسە بکەین، بەڵام ئەوەی لای ئێمە شاراوە بوو و



حکومەتی هەرێمی کوردستان تا رادەیەکی باش پابەندبووە بە دەستوورەوە

## رۆبەرت ئۆڵسن پسپۆری ناسراو لەسەر مێژووی کورد بۆ گوڵان:

# رێکخراوی HRW گرێدراوی چەند بەرژەوەندییەکی ئەوروپاو ئەمەریکا، بۆیە راپۆرتەکانیان نەفەسێکی دژە



*** لە ماوەی ١٨ساڵی رابردوودا کە کورد بەهاوبەشی نەتەوەکانی دیکە، کاروباری هەرێمی کوردستانیان هەڵسوڕاندووە، تاوەکو ئێستا لەو ناوچانەی لە ژێر دەسەڵاتی هەرێمی کوردستاندان، هیچ کەسێك ڕووبەرووی توندوتیژی و سەرکوتکردنی ئاینی و نەتەوەیی نەبۆتەوە. بەڵام راپۆرتەکەی HRW باس لەهەندێك حاڵەت دەکات ئایا چۆن ئەم حاڵەتە تەفسیر دەکەیت؟**

- ئەوەی پەیوەندی بە کەمینەکانەوە هەبێت ئەوا من پێم وایە ئەمە بۆتە کێشە و

**پرۆفیسۆر تۆڵسن پێی ڕاگەیاندین، بەداخەوە ڕێکخراوێکی وەك ڕێکخراوی HRW گرێدراوی هەندێك بەرژەوەندی تایبەتین و دژی نەتەوەیەکی مەزلومی وەك نەتەوەی کورد بەو جۆرە دەنووسن، ئەمەش دەقی هەڤپەیڤینەکەی پرۆفیسۆر ڕۆبەرت تۆڵسنە تایبەت بەگوڵان.**



# دیاریکراون لە کوردی تێدایە

پرسێکی نێودەوڵەتی، بۆ نمونە ڕێکخراوی چاودێری مافەکانی مرۆڤ و گرووپی قەیرانی نێودەوڵەتی کە گرێدراوی چەند بەرژەوەندییەکی دیاریکراون لە ئەورووپا ئەمەریکادا تا ڕاددەیەك ڕاپۆرتەکانیان نەفەسێکی دژە کوردی تێدایە، کە باس لەوە دەکەن کوردەکان بەربەست دروستدەکەن لە بەردەم گەیشتن بە ڕێککەوتن و یەکلابوونەوەی چارەنووسی ئەو ناوچانە، کە من هاوڕانیم لەگەڵیاندا، لەبەر ئەوەی زۆربەی ئەو کەمینانە تا ئێستا لە ژێر دەسەڵاتی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا نین و هێشتا ناوچەی ناکۆکی لەسەرن و کێشەیان لەسەرەو لەم ڕووەوە حکومەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتی عێراق ناکۆکیی و جیاوازیان هەیەلەسەر ئەم ناوچانە. هەروەها کوردەکان ئەوە بە ڕەوا نازانن وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا ئەوەندی پێی بکرێت فشار بخاتە سەر حکومەتی هەرێم بۆ یەکلاکردنەوەی ئەم کێشانە، هەقی خۆشیانە. بەڵکو دەبێت کار لەگەڵ حکومەتی عێراقیدا بکات بۆ ئەوەی ئەم کێشە و ناکۆکیانە بەئاڕاستەی چارەسەرکردندا ببردرێن. هەروەك پێشتر ئاماژەم پێکرد کێشەی کەمینەکان بۆتە کێشەیەکی نێودەوڵەتی و تا ڕاددەیەك هەموو لایەك لەم کێشانەوە تێوەگلاون، ڕەنگە هۆکارەکەش ئەوەبێت سەرچاوەیەکی گەورەی نەوت و گاز لەو وڵاتەدا بوونیان هەیە. بەڵام ئەگەر کوردەکان بتوانن مامەڵەیەکی دروستیان لەگەڵدا بکەن لە ڕووی ڕەخساندنی دەرفەتی بەشداریکردنەوە، ئەوا دەکرێت ئەم کێشانە بە ئاشتیانەو دیموکراتیانە چارەسەربکرێن.

*** لە دەستوری هەرێمی کوردستاندا، ئەو مافە بە کەمینەکان دراوە کە لە چوارچێوەی دەستورەکەدا مافەکانی خۆیان دەستینشان بکەن. ئەمەش نیشانە و بەڵگەی ئەوەیە کە هەرێمی کوردستان باوەڕی بە مافی کەمینەکان هەیە. کەواتە پرسیارەکە لێرەدا ئەوەیە، ئەگەر حکومەت ئەم باوەڕەی هەبێت، ئایا ڕێگە دەدات بە هیچ توندوتیژییەك لە دژی کەمینەکان؟**

- جوانی دەستوور لە جێبەجێکردنیدایە، لەبەر ئەوەی هەمیشە زۆربەی دەستوورەکان ئەو بڕگە و ماددانە لە خۆدەگرن کە دابینکردن و پاراستنی مافەکانیان لەخۆیاندا هەڵگرتووە، بەڵام کێشەکە ئەو کاتە سەرهەڵدەدات کە پشتگوێ دەخرێت و جێبەجێ ناکرێت. من پێم وایە حکومەتی هەرێمی کوردستان تا ڕاددەیەکی باش پابەندبووە بە دەستوورەوە، بەڵام من ناتوانم لێرەدا ڕاست و دورستی یان بێبنەمایی ئەو بانگەشانە پیشتراستبکەمەوە کە باس لە پاکتاوکردنی ئیتنی دەکەن لە لایەن هەندێ لە گروپە سوننیەکان یان شیعەکانەوە، یان تەنانەت هەندێ جار باس لەوە دەکرێت هەندێ لە کوردەکانیش تێوەگلاون، من نازانم لەبەر ئەوەی لێکۆڵینەوەو بە دواداچوونم بۆنەکردووە. من پێموایە سەرەڕای ئەوەی کوردەکان ڕوبەڕووی دوخێکی ئاڵۆز و دژوار بونەتەوە دەبێت بەردەوام بن لەسەر هەوڵەکانیان بۆ ئەوەی دەرفەتی بەشدار بۆ کەمینەکان برەخسێنن. هەروەها لە کوردستاندا بە هەمان شێوەی عێراق گەندەڵییەکی زۆر هەیە، بەڵام نابێت پارەی ئەم هەموو گەندەڵییە بۆ بەرپرسەکان بچێت، دەبێت بەشێوەیەکی یەکسان دابەشبکرێتەوە، لە کوردستاندا نەوت و گاز هەیە،هەروەها بە پێی ڕۆژنامەی نیویورك تایمز پیتەر گالبرێس کە کەسێکی ئەمەریکییە توانیویەتی ١٥٠ ملیون دۆلار قازانج بکات لە مامەڵکردنیدا لەگەڵ کۆمپانیای D NO، کە بە داوای لێبوردنەوە دەبوو ئەم پارەیە بۆ قوتابخانە و زانکۆ و بواری کارەبا تەرخان بکرایە. ڕاستە هەموو وڵاتێك بە قۆناغی گەشەکردندا بڕوات گەندەڵییەکی زۆر ڕوودەدات، کوردستانیش بەدەرنییە لەم حاڵەتە و لە ڕاستیدا بە پێچەوانەی بیروڕای خەڵکەوە لەم کاتەدا ناتوانرێت بێ بوونی گەندەڵی دیموکراسی بێتەدی. بەڵام دەبێت دواتر کار بۆ ئەوە بکرێت کە داهات دابەشبکرێتەوە، کوردستان لەم ڕووەوە کاری باشی کردووە و پیرۆزبایی لێدەکەم، بەڵام بە ڕەوتێکی خێرا و لە سەر ئاستێکی بەرفراوان ئەم کارەی نەکردووە. کەواتە دەبێت دووبارە دابەشکردنەوەی دەسەڵات و داهات بکرێنە بەشێك لە چارەسەر بۆ جێگیرکردن و چەسپاندنی لێبوردەیی و پێکەوەژیانە ئاشتیانە.

*** زۆربەی جار توندڕەوە ئیسلامیەکان یان شوێنکەوتوانی حزبی بەعس هەوڵی ئەوەدەدەن کە جۆرێك لە توندوتیژی لە نێوان گروپی ئاینی و نەتەوەییە جیاوازەکانی ناوچە کێشەلەسەرەکان دروست بکەن لە هەرێمی کوردستاندا، بە تایبەتی لە ناوچەکانی کەرکوك، موسڵ و دیالە. کەواتە چۆن دەتوانین خۆمان لەم توندوتیژییە بپارێزین؟**

- لە ڕاستیدا بارودۆخێکی زۆر دژوارو ئاڵۆز

**ڕەنگە هەندێ لە وەزیرەکانی حکومەتی عێراقی، وەک وەزیری بەرگری و هەواڵگری بە نهێنی پشتیوانی و کۆمەک بە گروپە سوننیەکان بکەن بۆ ئەوەی گیروگرفت بۆ کوردەکان دروستبکەن**

لەعێراقدا هەیە،ڕەنگە هەندێ لە وەزیرەکانی حکومەتی عێراقی، وەك وەزیری بەرگری و هەواڵگری بە نهێنی پشتیوانی و کۆمەك بە گروپە سوننیەکان بکەن بۆ ئەوەی گیروگرفت بۆ کوردەکان دروستبکەن، من نازانم ئەمە تا چ ڕاددەیەك ڕاستە، هەروەها ڕەنگە حکومەتی عێراقیش هانی هەندێ لایەن بدات بۆ ئەوەی جیاوازییەکانیان لەگەڵ کوردەکاندا قوڵتربیبێتەوە بۆ ئەوەی پێگەی خۆی لەو ناوچانەدا بەهێز بکات، من نازانم ئەمە چەند ڕاستە،بەڵام دەبێت کوردەکان بەوپەڕی هۆشیارییو ورياييەوە مامەڵەبکەن و هەوڵنەدەن هەمان شێواز و تاکتیك لە دژی هێرشە تیرۆریستیەکان بەکاربهێنن، مەبەستم ئەوەیە نابێت کاردانەوەی ئێوەش پەنابردن بێت بۆ تیرۆرو کوشتن، لەبەر ئەوەی لەو حاڵەتەدا ئێوە هەمان ڕەفتارو کردەوەی ناڕەوای ئەوان دووبارە دەکەنەوە.

*** زۆربەی کات کاری توندوتیژی هۆکارێکن بۆ ئەوەی هەڵە تێگەیشتنێك لای ڕێکخراوەکانی مافەکانی مرۆڤ دروست بێت دەربارەی حکومەتی هەرێمی کوردستان، لەبەر ئەوەی زۆرجار ئەم ڕێکخراوانە داوای ئەوە لە حکومەتی هەرێمی کوردستان دەکەن کە بە پاراستنی مافی ئەو کەمینانە ئەگەرچی لە ژێر دەسەڵاتی حکومەتی هەرێمی کوردستانیشدا نەبن. کەواتە چۆن حکومەتی هەرێمی کوردستان بتوانێت مافی ئەو کەمینانە بپارێزێت لە کاتێکدا کە دەسەڵاتدار نییە لەو ناوچانەدا؟**

- کێشەکە ئەوەیە ئەگەر کاردانەوەی کوردەکانیش لە بەرامبەر هێرش و کردەوە تیرۆریستیەکاندا پەنابردن بێت بۆ کوشتن و تیرۆر ئەوا دووچاری ڕەخنەی ڕێکخراوە جیهانییەکان، وەك ڕێکخراوی چاودێری مافەکانی مرۆڤ و گرووپی قەیرانی نێودەوڵەتی دەبنەوە. واتەکوردەکان بە تاقیکردنەوەیەکی گەورەدا تێدەپەڕن کە چۆن بتوانن بە شێوەیەکی مەعقول بەرپەرچی ئەم هەڕەشانە بدەنەوە، من پێم وایە باشترین کارێك حکومەتی هەرێم بیکات ئەوەیە دەرفەتی ڕاستەقینە بۆ تورکمان و مەسیحییەکان بڕەخسێنێت بۆ ئەوەی بەشداربن لە دەسەڵات و لە داهاتدا بە چەشنێك بگەنە ئەو حاڵەتەی ئامادەبن بەرگری لە کوردستان بکەن، کوردستان ئەمەی کردووە، بەڵام من نازانم تا چەند بۆتە جێی ڕەزامەندی ئەو کەمینانە

*** چۆن بارودۆخی ئێستای عێراق دەبینیت، لەگەڵ هەوڵی پێکهاتەکانی ئەو وڵاتە بۆ ئەوەی بگەنە ڕێککەوتن لە نێو خۆیاندا؟**

- ئەوەی لە واقیعدا بەدی دەکەین ئەوەیە ئاست و ڕەوتی ناکۆکی و جیاوازییەکانی نێوان شیعە و سوننەکان بەرەو داکشان و پاشەکشەچووە. ئەوەی ئێستا کێشە و ناکۆکییەکی گەورە و بەرچاوە لە عێراقدا بریتییە لە ناکۆکیی نێوان حکومەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتی عێراقی لەسەر ناوچە کێشە لەسەرەکان، لە نەینەوا،دیالەو بەتایبەتی لەسەر شاری کەرکوك،ئەوەی ڕۆژنامەکانی ئەورووپاو ئەمەریکاش سەرنجیان نەداوە و بەسەریاندا تێپەڕیوە ئەوەیە کە ئەو هۆکارەی عەرەبەکان کۆدەکاتەوە و یەکاندەخات ناکۆکیانە لەگەڵ کوردەکاندا. ڕاستە هێشتا کێشە و ناکۆکی نێوان شیعە و سوننەکان کۆتایی نەهاتووە، کە من باوەڕم وایە شیعەکان باڵادەست دەبن بەسەر دەسەڵاتی مەرکەزیدا و لەو باوەڕشدا نیم کودەتای سەربازی ڕووبدات لە لایەن سوننەکان یان کۆنە بەعسیەکانەوە، ئەو سەردەمە بەسەرچوو، بەڵام من باوەڕم وایە زیادبوونی بەرهەم و داهاتی نەوت لە بەشە عەرەبیەکەی عێراقدا کاریگەری دەبێت لەسەر کەمکردنەوەی ناکۆکییەکانی نێوان شیعە و سوننەکان، لەبەر ئەوەی ئەمە داهاتێکی زۆر دەخاتە بەردەستی حکومەتی مەرکەزی بۆ ئەوەی بتوانێن بەسەر ناوچە سوننییەکاندا دابەشی بکات و ئاوێتەیان بکاتەوە لەگەڵ حکومەتی مەرکەزیدا.

*** لێبوردەیی بناغەی پێکەوەژیانی نێوان نەتەوەکانە، ئەو نەتەوانەی لە ڕووی ئاینی و نەتەوەییەوە لێکجیاوازن و لەسەر یەك خاکیش دەژین. کەواتە چۆن دەتوانرێت کەلتوری لێبوردەیی دروست بکرێت لە نێو ئەو نەتەوە جیاوازانەی لە یەك وڵاتدا دەژین؟**

- لە ڕاستیدا هەوڵدان بۆ هێنانەدی و چەسپاندنی لێبوردەیی سەرکەتوو نابێت

**دەبێت دووبارە دابەشکردنەوەی دەسەڵات و داهات بکرێنە بەشێک لە چارەسەر بۆ جێگیرکردن و چەسپاندنی لێبوردەیی و پێکەوەژیانە ئاشتیانە**

**باشترین کارێک حکومەتی هەرێم بیکات ئەوەیە دەرفەتی ڕاستەقینە بۆ تورکمان و مەسیحییەکان بڕەخسێنێت بۆ ئەوەی بەشداربن لە دەسەڵات و لە داهاتدا بە چەشنێک بگەنە ئەو حاڵەتەی ئامادەبن بەرگری لە کوردستان بکەن**

## پۆلس شەمعون ئیسحاق سەرۆکی کۆمەڵەی ڕۆشنبیری کلدانی لە



# ئێمە وەک کریستیان
# بۆ ئەوەی لە دەست
# مسعود بارزانی ک

ئەم تایتڵەی سەرەوە دیمانە نییە، بەڵکو گێڕانەوەی بەسەرهاتێکە کە برای بەڕێزمان پۆلس شەمعون ئیسحاق سەرۆکی کۆمەڵەی ڕۆشنبیری کلدانی لە هەرێمی کوردستان لە دانیشتێکی تایبەت گێڕایەوە، کە دانیشتنەکە باسکردنی مافی نەتەوەو ئایینە جیاوازەکانی کوردستانە لەلایەن سەرۆك مسعود بارزانییەوە، ئەمەش واتە ئێمە پرسیارمان لەبەڕیز پۆلس شەمعون نەکردبوو، بەڵام کە گێڕایەوە دوامان لێکرد ئەو ڕووداوەمان بۆ بنووسێتەوە و بۆمان بنێرێت، بەڕێزی بەمجۆر ئەو ڕووداوەی بۆ گێڕاینەوە کە چۆن وەك کریستیانەکانی کوردستان چوونەتە لای سەرۆك بارزانی و لەوێ ئەو برگانەیان پیشانی بەڕێزی داوە کەوەك مافی کلد و ئاشوورییەکان لە هەرێمی کوردستان لەدەستووری عێراقدا تۆمار بکرێت، بەڵام سەرۆك بارزانی ١٥ برگەی دیکەی بۆ زیادکردوون پێی ڕاگەیاندوون دەبێت ئەو مافانەی ئێوە لە دەستووری عێراق و کوردستانیش بچەسپێنرێت. ئەمەش دەقی ئەو نووسینەیە کە بەڕێز پۆلس شەمعون لەسەر دوای گوڵان بۆی ناردووین:

(( دوای ڕووخانی ڕژێمی سەدام حوسێن، برای بەڕێزمان کاك مسعود بارزانی دوای لەهەموو لایەنەکانی کریستیان کرد کەسەردانی بکەین لە شوێنی حەوانەوەی خۆی لە بەغدا، لەوێ باسی مافەکانی

ئەگەر تەنها پشت بە دەرکردنی و سەپاندنی یاساکان ببەستین، بەڵکو هێنانەدی ئەم ئامانجە پێویست بە دابەشکردنی دەسەڵات دەکات، بە تایبەتی ئەگەر دەسەڵاتەکە، دەسەڵاتێکی زۆرینە بوو و گرووپێکی دیاری کراو باڵادەست بوو بەسەریدا، بە چەشنی ئەوەی لە عێراقدا بەدی دەکەین کە شیعەکان زۆرینەن و باڵادەست بەسەر حکومەتدا، لەم کاتەدا دەبێت هەم ئامادەی دابەشکردنی دەسەڵات و هەم ئامەدەی دابەشکردنی داهات بن، هەر ئەمەش هۆکاری ئەوەبو کە ئاماژەم بە کاریگەری زیادبوونی بەرهەم و داهاتی نەوت کرد لەسەر ڕەواندنەوە و کەمکردنەوەی ناکۆکیی و جیاوازییەکانی نێوان سوننە و شیعەکان لەبەر ئەوەی لە ڕێی دابەشکردنی ئەم داهاتەوە شیعەکان دەتوانن ڕەزامەندی و پاڵپشتی سوننەکان بەدەستبهێنن و ئاوێتەیان بکەن لە حکومەت و دامەزراوەکانیدا. ئێمە ئەم ئەزموونەمان لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا هەبوو، کە لە ماوەی ١٥٠ ساڵدا نەتوانرا کێشەی ڕەشپێستەکان بەهۆی دەرکردنی یاساوە چارەسەربکرێت، بەڵکو لە ساڵانی شەستەکانی سەدەی ڕابردوودا کاتێك ڕەشپێستەکان بەسەرۆکایەتی مارتن لۆسەر کینگ بزوتنەوەیەکی مەدەنی و ئاشتیخوازانەیان خستەگەڕ، دەسەڵات و ئیدارەی ئەمەریکا درکی بەوەکرد کە دەبێت کار بۆ چارەسەرکردنێکی ڕاستەقینەی ئەم کێشەیە بکرێت، مەبەستم ئەوەیە گرنگ نییە چەند یاسا دەردەکەیت و چەند کاریگەری و ئاسەواری باشی پەرەپێدانی گیانی لێبوردەیی و پێکەوەژیانی برایانە ڕوون دەکەیتەوە، بەڵام دەبێت ئەمە هاوشانە بێت بە دابەشکردنی دەسەڵات و یەکسانی لە ڕەخساندنی دەرفەتە ئابوورییەکاندا.

*** لەبەر ئەوەی کوردەکان هەمیشە قوربانی توندوتیژی بوونە، ئەوا هەوڵدەدەن لێبوردەترین مرۆڤ بن. ئەمەش هۆکاری نەبوونی جیاوازییە لە نێوان ئاین و نەتەوە جیاوازەکاندا. بەڵام ئەو خەڵکانەی خۆشحاڵنین بەم وێنەیەی کوردەکان هەوڵی تێکدانی بارودخەکە دەدەن. ئایا چۆن بتوانین ئەم کەلتورەی بپارێزین و ڕێگە نەدەین دوژمنەکانی کوردستان زیانی پێبگەیەنن؟**

- من پێم وایە دەبێت کار بۆ پەرەپێدانی گیانی لێبوردەیی بکەن و دیموکراسیەتی ڕاستەقینە بچەسپێنن، بەچەشنێك دەرفەتی بەشداریکردن لە دەسەڵاتدا بۆ تێکڕای کەمینە و گرووپە ئیتنی و ئاینییەکان بڕەخسێنن،وەك کلدان و تورکمان و شەبەك و ئێزدی و هتد. بەڵام ئەوەی ئاستەنگ و گرفتە لەبەردەم حکومەتی هەرێمی کوردستاندا بۆ ئەوەی هەڵبستێت بە پیادەکردن و گرتنەبەری سیاسەتێکی لێبوردە، بوونی ئەو گرژی و ناکۆکیانەیە کە هەیەتی لەگەڵ حکومەتی مەرکەزیدا لە سەر ناوچە کێشە لەسەرەکان بە تایبەتی لە نەینەواو کەرکوك، زۆرێك لەو کەمینانە لەو ناوچانەدا دەژین و کوردستانیش هەوڵدەدات بیانکاتەوە بە بەشێك لە هەرێمەکەی کە من هاوڕام لەگەڵ ئەوەدا و ئەمە مافی خۆیانە. بەڵام کێشەکە ئەوەیە هیچ سەرکردەیەکی عەرەبی ناتوانێت، یاخود بوێری ئەوە نییە لەم ڕووەوە سازش بۆ کوردەکان بکات، لەبەر ئەوەی ئەمە ڕووبەرووی تەنگپێهەڵچنین و ململانێ و تەنانەت کوشتینشیان دەکاتەوە. ڕەنگە کەمینەکانی ئەو ناوچانە خواستی ئەوەیان هەبێت جۆرێك لە ئۆتۆنۆمیان هەبێت، بەڵام هەرێمی کوردستان ناتوانێت لەم ڕووەوە گفتوگۆیان لەگەڵدا بکات، ئەگەر پێشتر ئەو ناکۆکی و جیاوازیانە لەگەڵ حکومەتی عێراقیدا چارەسەرنەکات.

*** دوا وتەت چییە؟**

- بۆ ئەوەی سەرکەوتن بەدەستبهێنن لە کوردستاندا دەبێت جیاوازی و ناکۆکی نێوان یەکێتی نیشتمانی و پارتی دیموکراتی کوردستان نەمێنێت، من پێموایە ئەوەی بەرهەم ساڵح ئاماژەی پێکرد لە کاتی متمانەپێبەخشینی وەك سەرۆك وەزیران لە هەوڵدانی بۆ یەکخستنەوەی دەزگای ئاسایش هەنگاوێکی ئیجابی و گرنگ بوو، لەبەر ئەوەی بۆ ماوەیەکی دوورودرێژ وەزارەتەکانی پێشمەرگە و ناوخۆی لە هەرێمەدا یەك نەبوونە.

**ئەوەی ڕۆژنامەکانی ئەورووپاو ئەمەریکاش سەرنجیان نەداوە و بەسەریاندا تێپەڕیوە ئەوەیە کە ئەو هۆکارەی عەرەبەکان کۆدەکاتەوە و یەکاندەخات ناکۆکیانە لەگەڵ کوردەکاندا**

**ڕەنگە کەمینەکانی ئەو ناوچانە خواستی ئەوەیان هەبێت جۆرێک لە ئۆتۆنۆمیان هەبێت، بەڵام هەرێمی کوردستان ناتوانێت لەم ڕووەوە گفتوگۆیان لەگەڵدا بکات، ئەگەر پێشتر ئەو ناکۆکی و جیاوازیانە لەگەڵ حکومەتی عێراقیدا چارەسەرنەکات**

## هەرێمی کوردستان:

# ـەکان تەنها ١٣ برگەمان دانابوو ـووردا بچەسپێنرێت، سەرۆک ـردی بە ٢٨ برگە

کریستیانەکانمان کرد کە لەدەستووری عێراقدا بچەسپێنرێت، بۆیە پێی گووتین بزانم ئێوە خۆتان چیتان ئامادەکردووە، ئەوەی ئێمە ئامادەمانکردبوو، پێکهاتبوو لە ١٣ برگە کە مافی کرستیانەکان لە دەستوردا دیاری بکەین، سەرۆك مسعود بارزانی پێی گوتین ئێوە مافی زیاترتان هەیە با من یارمەتیدان بدەم، ئەوە بوو ١٥ برگەی دیکەی بۆ زیادکردین و کردی بە ٢٨ برگە،هەروەها هەموو ئامادەباشییەکی پیشاندایین کە هاوکارمان بێت هەتا هەموو مافەکانی خۆمان بەدەست دەهێنین.

بێگومان ئەمەش نیشانەی گەورەیی و هەستی لێبوردەیی بەڕێزیانە کە ڕەنگدانەوەشی بەسەر سیاسەتی گشتی هەرێمی کوردستانەوە هەیە و کەشوهەوایەکی دروستکردووە کەهەموو پێکەوە بە شێوەیەکی ئاشتیانەو برایانە پیکەوە بژین، من لە زۆر شوێنی دیکەش بەردەوام ئەم هەڵوێستەی برای بەڕێزمان جەنابی مسعود بارزانی وەك هەڵوێستێکی گەورە دەگێڕمەوە، هەروەها هەموو کات وەك کریستیانێك تەئکیدم لەسەر ئەو ڕاستییە کردۆتەوە،کە لە هەرێمی کوردستان هیچ جیاکارییەکی ئایینی و نەتەوەیی نییە، حکمەتی ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ سیاسەتە ڕاستەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان و لەسەر و هەمووشیانەوە بۆ لۆژیکی برای بەڕێزمان جەنابی مسعود بارزانی.

سالّی پار کە عێراق و ئەمەریکا ڕێککەوتنە ئەمنیە هاوبەشەکەی نێوانیان ئیمزاکردوو خشتەی زەمەنی دانرا بۆ کشانەوەی هێزەکانی ئەمەریکا، پرۆفیسۆر ئەنتۆنیۆ داماتۆ کە یەکێکە لە پسپۆرە گەورەکانی یاسا لە زانکۆی نۆرس وێست پێشنیاری ئەوەی خستە بەردەم ئیدارەی جۆرج بوش، هەروەها باراك ئۆباما کە ئەوکات مەزندەی ئەوە دەکرا ببێتە سەرۆکی داهاتووی ئەمەریکا، بەوەی کارێکی ئەخلاقی ناکەین وەك ئەمەریکا ئەگەر پێش کشانەوەی هێزەکانمان لە عێراق دەوڵەتێك بۆ کوردستان دروست نەکەین، پرۆفیسۆر داماتۆ داوامان لێدەکات زەمینەیەکی یاسایی بۆ دەوڵەتی سەربەخۆ ئامادە بکەین، ئەم رایەشی نەشاردۆتەوە و لە میدیاکانی ئەمەریکا راشکاوانە بڵاویکردۆتەوەو لەم دیمانە تایبەتەشی لەگەڵ گوڵان دیسان تەئکیدی ئەوەمان لێدەکاتەوە کار بۆ ئەم پرسە بەجیددی بکەین، ئێمە وەك گۆڤاری گوڵان ئەوە بە خوێنەری خۆمان رادەگەیەنین، لەسەر ئەم پرسە زیاتر لەگەڵ پرۆفیسۆر داماتۆ قسە دەکەین و هەوڵیش دەدەین داوەتی کوردستانی



جێی داخە
پیادەکردنی
لێبوردەیی
لە بەرامبەر
نالێبوردەییدا
ستراتیجیەتێکی
دۆڕاوە

## ئەنتۆنیۆ داماتۆ خاوەنی پێشنیار بۆ دامەزراندنی دەوڵەتی کوردستان بۆ گوڵان:

# به رای من باشترە کوردستان زەمینەیەکی یاسایی ئام
# ببێتە دەوڵەتێکی سەربەخۆ پێش ئەوەی کاتەک



*** هەندێك جار لە وڵاتێکی وەك عێراقدا لەبەر ئەوەی کلتوری لێبوردەیی نەبۆتە نەریت پریشکی نالێبووردەی هەرێمی کوردستانیش دەگرێتەوە، ئایا بەڕای بەرێزت چۆن دەتوانین کاریگەریمان لەسەر ئەو خەڵکانە هەبێت کە فێری کلتوری لێبوردەیی نەبوون؟**

- ڕەنگە ڕزگاکردن و خاڵیکردنەوەی هزری کەسێك لە مەیلی نالێبوردەیی ئاینی لە مەحاڵەوە نزیك بێت. لەبەر ئەوەی بیروباوەڕەکەی فشاری بۆ

**بکەین، بۆ ئەوەی راستەوخۆ لەگەڵ رۆشنبیرانی کوردستان ئەم پرسە زیاتر باسبکرێت، بەڵام قسەکردنی ئەمجارەمان لەگەڵ پرۆفیسۆر داماتۆ تەنها سەبارەت بە لێوردەیی و کەلتوری لێبوردەیی بوو ئەمەش دەقی لێدوانە تایبەتەکەیەتی بۆ گوڵان.**



## ـــادەبکات، بۆ ئەوەی ـــە درەنگ بێت

دەهێنێت بۆ ئەوەی توڕەیی خۆی بەبێباوەڕەکان برژێت، بۆ ئەوەی ناچاریان بکات یان ئاینی ئەو پەیڕەو بکەن یاخود ببنە کویلە.

کەواتە هێزەکانی نالێبوردەیی بەهێزن کە زۆرجار کاریگەرتن لە وەزارەتە حکومییەکان، جیاکردنەوەی دەسەڵاتە سیاسییەکان و تەنانەت دەستورەکانیش.

*** لەبەر ئەوەی کورد هەمیشە قوربانی توندوتیژی بووە، ئەوا هەمیشە هەوڵیداوە لێبوردەترین مرۆڤ بن، ئەمەش هۆکاری نەبوونی جیاوازییە لە نێوان ئاین و نەتەوە جیاوازەکانی کوردستاندا. بەڵام ئەو خەڵکانەی خۆشحاڵنین بەم وێنەیەی کوردەکان هەوڵی تێکدانی بارودخەکە دەدەن. ئایا چۆن بتوانین ئەم کەلتورە بپارێزین و ڕێگە نەدەین دوژمنەکانی کوردستان زیانی پێبگەیەنن؟**

- من پرسیارەکەت بە جۆرێکی دیکە دووبارە دەکەمەوە و دەپرسم،ئایا کوردستان دەتوانێت چی بکات بۆ ئەوەی خۆی لە هێزە ئاینیە نالێبوردەکان بپارێزێت؟ بەس نییە لێبوردەبیت و ئومێدی ئەوە بخوازیت لایەنی بەرامبەریش لە تۆوە فێربن و لە بەرامبەرتدا لێبوردەبن. لەبەر ئەوەی لایەنەکەی دیکە پابەندبوونێکی قووڵی هەیە بەنالێبوردەییەوە. لێرەدا، ئەوەی جێی داخە پیادەکردنی لێبوردەیی لە بەرامبەر نالێبوردەییدا ستراتیجیەتێکی دۆڕاوە.

*** لە ماوەی ١٨ ساڵی ڕابردوودا کە کورد کاروباری هەرێمی کوردستانیان هەڵسوڕاندووە، تاوەکو ئێستا لەو ناوچانەی لە ژێر دەسەڵاتی هەرێمی کوردستاندان، هیچ کەسێك ڕوبەڕوی توندوتیژی و سەرکوتکردنی ئاینی و نەتەوەیی نەبۆتەوە. کەواتە لێرەدا چۆن بتوانین ئەم نەریت و کەلتورە لە هەموو عێراقدا بلاوبکەینەوە؟**

- دوای جەنگی جیهانی یەکەم، کۆمەڵەی گەلان ئەرکێکی شەرەفمەندانەی گرتەئەستۆ بۆ دابەشکردنی ئیبمراتۆریەتی عوسمانی بۆ ئەو ناوچانەی کە خەڵکی پێکەوە تێیدا دەژیان. ڕاپرسیەکان ئەنجامدران، کاتێك گروپێك هەستی دەکرد دەنگی گروپێکی دیکە زاڵە ئەوا ڕێگاچارەی ئەوەی لەبەردەستدا بوو کە شوێنی نیشتەجێ بوونی خۆی بگۆڕێت بۆ چوارچێوەی ئەو دەوڵەتەی کە خۆیان لە نێو دەوروبەرێکی دۆست و ئاشنادا دەبنینیەوە.

زۆربەی کارەکانی کۆمەڵەی گەلان سەرکەوتوو بوون. بەڵام یەك هەڵەی گەورە هەبوو. دەبوو دەوڵەتێکی کوردی دامەزرێنرایە. لەبری ئەوە، کوردەکان پارچە پارچە کران لە نێوان عێراق، ئێران، سوریا و تورکیادا.

*** ئایا بەرای تۆ دوای کۆمەڵەی گەلان ئیدی کورد ئەو دەرفەتەی لەدەست چوو، پێت وایە جارێکی دیکە دەرفەتی لەو شێوەیەی بۆ هەڵبکەوێتەوە؟:**

بوونی کێشەی ئوسولیەتی ئاینی و نالێبوردەیی ئاینی هۆکارێکن بۆ ئەوەی هەرێمی ئۆتۆنۆمی کوردستان ببێتە دەوڵەت. لە جیهانی ئەمڕۆدا ١٩٣ دەوڵەت بوونیان هەیە، دەبێت کوردستان و فەلەستین ئەو دوو دەوڵەتە بن کە زیاد دەکرێن بۆ ئەم ژمارەیە. بێ بوونی سنورێکی دانپێدانراو کە نەتوانرێت دزەی بۆ بکرێت، ئەوا کوردستان لاواز دەبێت لە بەردەم گۆڕانە سیاسییە گەورەکانی عێراق هەر کاتێك وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا لەو وڵاتە کشایەوە. ناکۆکی ڕوودەدات لەسەر نەوت و هەروەها لەسەر ئاین، کە ڕەنگە ئەم ناکۆکیانە سەربکێشن بۆ سەرهەڵدانی شەڕ کە هەمو لایەك تێیدا دەدۆڕێن. کەواتە بە ڕای من باشترە کوردستان زەمینەیەکی یاسای ئامادەبکات بۆ ئەوەی ببێتە دەوڵەتێکی سەربەخۆ پێش ئەوەی کاتەکە درەنگ بێت.

**لە جیهانی ئەمڕۆدا ١٩٣ دەوڵەت بوونیان هەیە، دەبێت کوردستان و فەلەستین ئەو دوو دەوڵەتە بن کە زیاد دەکرێن بۆ ئەم ژمارەیە**

**دەبوو دەوڵەتێکی کوردی دامەزرێنرایە. لەبری ئەوە، کوردەکان پارچە پارچە کران لە نێوان عێراق، ئێران، سوریا و تورکیادا**

**پرۆفیسۆر نیۆ فیۆتس لۆزیدس ئوستادی زانستی سیاسەت و پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکانە لە زانکۆی بەلفاست لە بەریتانیا و پسپۆرو تایبەتمەندە لەسەر کێشە ئیتنیەکان لە جیهاندا و شارەزاو تایبەتمەندیشە لەسەر کێشەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی ناوەراستدا، سەبارەت بەرەوەشی کوردستان پیادەکردنی سیاسیەتی لێبوردەی لە هەرێمی کوردستان و پێکەوەژیانی ئاشتیانەی نێوان ئایین**




**نیۆفیۆتس لۆزیدس پسپۆر لەسەر کێشەی کەمینەکان لە جیهاندا بۆ گوڵان:**

# ئەو سیاسەتە لێبوردەیەی هەرێمی کوردستان پیـ
# لەسەر ئاستی ناوچەکە و ڕۆژهەڵاتی ناوەراسـ

*** لێبوردەیی بناغەی پێکەوەژیانی نێـــوان نەتەوەو ئایینــــە جیاوازەکانە، چۆن دەتوانرێت کەلتوری لێبوردەیی دروســـت بکرێت لە نێـــو ئەو نەتەوە جیاوازانەی لە یەك وڵاتدا دەژین؟**

- لە راســـتیدا بیروباوەڕێکی هەڵە لــــە ئارادایە کە نەتـــەوە و گرووپە ئیتنی و ئایینییە جیاوازەکان ناتوانن پێکەوە بــــە ئاشـــتیانە بژین، بەڵام ئێمە ژمارەیەکی گـــەورەی وڵاتان بەدی دەکەین کـــە فرەیی ئاینی و ئیتنیان تێدایە و لە ڕاســـتیدا نیوەی دانیشتوانی ئێستای هەسارەی زەوی لەو وڵاتانەدا دەژین کە فیدراڵییەت پیادە دەکەن، بە دڵنیاییەوە لێبوردەیی تەنها ئـــەو نییـــە ڕایبگەیەنیت و بانگەشەی ئەوەبکەیت کە لێبوردەیت، بەڵکو دەبێـــت دان بە جیاوازییەکاندا بنرێت و دەرفەت بدرێت لە سنورێکی دیاری کراودا گروپەکان کاروبارەکانی خۆیـــان بەڕێوەببەن. بە تایبەتی ئەو وڵاتانەی لە ڕووی ئاینی و ئیتنی و هەر ڕوویەکی دیکەوە دابەشبوونیان تێدایە. من پێم وایە بۆ دروستکردنی ئەم کولتورە دەبێت دان بە بوون و مافی گروپەکانی دیکەدا بنرێت، مەبەستم ئەوەیە ســـەرەڕای ئەوەی لە ڕووی

**و نەتەوە جیاوازەکانی کوردستان، پرۆفیسۆر لۆزیدس بەمجۆرە رای خۆی بۆ گوڵان دەربڕی.**



# ـــادەی کردووە ـــت بێ وێنەیە

نەتەوەیی و هاوڵاتیبوونەوە هاوبەشن و لە یەك وڵاتدا دەژین، ئەوا دەتوانن جیاوازییەکانی خۆیان بپارێزێن و پەرەپێبدەن، بۆ نموونە لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکادا سەرەڕای ئەوەی هەستی هاوڵاتیبوونی لای تێکڕای دانیشتوانەکە بوونی هەیە، بەڵام گروپەکان ئۆتۆنۆمی خۆین پاراستووە لە رووی بایەخپێدان و پەرەپێدان زمان و کولتورەکانیانەوە، ئەمە سەرەڕای بەشداری کردنیان لە دەسەڵاتدا، ئەویش لە ڕێی چەسپاندن و پیادەکردنی فیدراڵیزمەوە. دەکرێت هەمان شت لە عێراقدا پیادەبکرێت، کەواتە ئەمە پێویستی بە ئۆتۆنۆمی کولتوری و دابەشکردن یان هاوبەشیکردن لە دەسەڵاتدا هەیە. ئەمانە توخمە بنەڕەتییەکانی پەرەپێدان و هێنانەدی ئەم ئامانجەن.

*** هەرێمی کوردستانی عێراق نموونەی پێکەوە ژیانی ئاشتیانەی نێوان نەتەوەو ئایینە جیاوازەکانە،ئەم حاڵەتەی لە کوردستان بوونی هەیە بۆتە روویەکی گەشی ئەو قەوارەسیاسییەی ئێستا لە هەرێمی کوردستان بوونی هەیە، بەڵام بەداخەوە هەندێك جار هەست بەوەدەکەین کە هەوڵێك هەیە بۆ ئەوەی ئەم واقیعە جوان بەشێوەیەکی ناشرین پیشانی جیهان بدرێت ئایا لەم رووە چۆن دەتوانین ئەو واقیعە وەك خۆی بە جیهان بگەیەنین؟**

- ئەمە خاڵێکی گرنگە، کوردەکان هەوڵدەدەن وێنەیەکی باش و ئیجابی بدەن بە جیهانی دەرەوە و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی، لەبەر ئەوەی ئەوان خوازیاری ئەوەن درێژە بە پەیوەندییەکانیان بدەن لەگەڵ وڵاتانی دەرەوە و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیدا و پشتیوانی ئەو وڵاتانە بەدەستبهێنن بۆ ئەوەی بتوانن پێگەیەکی تایبەتیان هەبێت لەعێراقدا. لێرەدا دەبێت کوردەکان مامەڵەیەکی ڕەوا لەگەڵ کەمینەکاندا بکەن، لەبەر ئەوەی ئەگەر ئەوان بە شێوەیەکی تەندروست و دروست مامەڵەیان لەگەڵدا نەکەن ئەوا ناتوانن پێداگیری لەسەر بەدەستهێنانی پشتگیری وڵاتانی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بکەن، لەبەر ئەوەی ناتوانن داوای ئەوە بکەن مامەڵەیەکی تایبەتیان لە چوارچێوەی عێراقدا لەگەڵدا بکرێت، ئەگەر خۆیان هەمان مامەڵە لەگەڵ کەمینەکانی سنوری هەرێمی کوردستاندا نەکەن، ئەمە لە لایەك، لە لایەکی دیکەوە ئەگەر کوردەکان هەڵبستن بە سەرکوتکردنی کەمینەکان ئەوا ئەمە ناکۆکیی و ناسەقامگیری و توندوتیژی لێدەکەوێتەوە، ئێوەش خوازیارنین هەلومەرجەکە بەم ئاڕاستەیەدا بڕوات.

*** بەڵام ئەوەی لەسەر ئەرزی واقیع راستییەکی پیادەکراوە، بەڕێزتان ئاگاداری باردۆخی هەرێمی کوردستان و ئاگاداری ئەو راستییەن کە لەماوەی ١٨ ساڵی حکومڕانی هەرێمی کوردستاندا، هیچ دیاردەیەکی جیاکاری ئایینی و نەتەوەیی نەبووە، هەروەها هیچ حاڵەتێکی توندوتیژیش دژی نەتەوەیەك یان ئایینێکی جیاواز پیادەنەکراوە، بەڵام رەنگە هەڵە هەبێت، ئێوە چۆن سەیری ئەم واقیعە دەکەن؟**

- لە ڕاستیدا زۆرجار ئەوە دەخرێتەڕوو کە پیادەکردنی فیدراڵیزم سەرکەوتن بەدەست ناهێنێت، چونکە دەرفەت دروستدەکات زۆرینە هەڵبستێت بە سەرکوتکردنی کەمینە، بەڵام ئەوەی لە کوردستاندا ڕوویدا ڕەتکردنەوەیەی بناغەی ئەم لێکدانەوەیە و بانگەشەیەبوو، لەبەر ئەوەی کوردستان سەلماندی دەتوانرێت لە دژوارترین هەلومەرجدا فیدراڵییەت سەرکەوتن بەدەستبهێنێت و ئومێد ئەوەیە بەشەکانی دیکەی عێراقیش بتوانن هەمان ئاستی لێبوردەیی و پێکەوەژیان بهێننەدی لە نێوان پێکهاتە ئیتنی و ئاینیە جیاوازەکاندا. من دەمەوێت ئاماژە بەوە بکەم نەبوونی لێبوردەیی کێشەیەکی جیددیە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، لەبەر ئەوەی لە وڵاتانی ئەوروپا، هەروەها لە هەندێ وڵاتی ئەفریقیا کە لە وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست

**لێبوردەیی تەنها ئەو نییە ڕایبگەیەنیت و بانگەشەی ئەوەبکەیت کە لێبوردەیت، بەڵکو دەبێت دان بە جیاوازییەکاندا بنرێت و دەرفەت بدرێت لە سنورێکی دیاری کراودا گروپەکان کاروبارەکانی خۆیان بەڕێوەببەن**

ەژارترن، توانراوە بە عەمەلی لێبوردەیی پیادەبکرێت، هەروەها لە هیندستاندا کە لە ماوەی دوو دەیەی ڕابردودا سەقامگیری بەخۆوەبینیوە. ئەوەی لە کوردستاندا بەدیدەکرێت لە پیادەکردنی سیاسەتێکی لێبوردە لە ئاست کەمینەکان و دەرفەت پێدانیان بۆ ئەوەی مومارەسەی مافی خۆیان بکەن، مۆدێل و نمونەیەکە بۆ بەشەکانی دیکەی ناوچەکە و لە ڕاستیدا ئەمە بەشداریکردنێکی ئیجابییە لە لایەن کوردەکانەوە لە تێکڕای جیهاندا. لێرەدا ئەمەوێت باسی ئەوە بکەم سەرەڕای ئەوەی هەلومەرج و سیاقی هەر کۆمەڵگەیە جیاوازە، بەڵام ئەگەر لە وڵاتێکی وەك باشوری ئەفریقیادا کە سیستمی ڕەگەزپەرستی باڵادەست بو تێیدا توانرا لێبوردەی بچەسپێنرێت، ئەگەر لە وڵاتێکی وەك هیندستان سەرەڕای ئەو هەمو کێشەیە، هەر لە بوونی گروپی ئیتنی جیاواز و هەژاری و هتد توانرا کار بۆ پیادەکردنی لێبوردەیی بکرێت، ئەگەر لە وڵاتانی ئەوروپادا دوای دوو جەنگی وێرانکار، جەنگی جیهانی یەکەم و دووەم، توانراوە لێبوردەیی جێگیر بکرێت، ئەگەر توانراوە لە هەرێمی کوردستانی عێراقدا ئاستێك لە لێبوردەیی پەیڕەوبکرێت، ئەوا بۆچی ناتوانرێت و ناکرێت لێبوردەیی لە وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بهێنرێتەدی.

*** لێبوردەیی لە هەرێمی کوردستان کەلتورە نەك سیاسەت، واتە ڕەگی لێبوردەیی و پێکەوەژیان لەم خاکە ڕەگی داکوتییەوە، نموونەش بۆ ئەمە دەستووری کوردستانە، کە سەرۆکی کوردستان بواری بەهەموو نەتەوەکان داوە خۆیان مافی خۆیان لە دەستوورەکە دیاریبکەن، ئایا تاچەند ئەم کەلتورە بۆ ئایندەی پێکەوە ژیان کاریگەری دەبێت؟**

- من پێم وایە ئەم سیاسەتەی هەرێمی کوردستان سیاسەتێکی بەرهەمدار بوو بۆ ئەو هەرێمە، من لە نزیکەوە ئاگاداری بارودۆخەکە نیم، بەڵام تێڕوانین و تێگەیشتنی من ئەوەیە وێنەی کوردستان لە جیهانی دەرەوە و لە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیدا ئەوەیە هەڵدەستێت بە دابینکردن و پاراستنی مافی کەمینەکان، ئەمەش خاڵێکی گرنگە، چونکە ئەمە دەبێتەهۆی ئەوەی هەڵوێستی وڵاتانی دەرەوە تەرجەمە بکرێت بۆ پشتیوانیکردن لەو هەرێمە، لەبەر ئەوەی ئەم سیاسەتە سەردەکێشێت بۆ کەمکردنەوەی ناسەقامگیری و گرژی لەو ناوچەیەدا، کە گرنگە کوردستان کار بۆ پاراستنی ئەم سومعەیە بکات. لە ڕاستیدا ئەزموونی وڵاتانی دیکە ئەو ڕاستییەیان سەلماندووە هەر کاتێك مافی کەمینەکان پارێزرا ئەوا ئەو ئەگەرە لە ئارادانامێنێت کە لە کاتی دروستبوونی دەرفەتی گونجاودا کەمینەکان لە دەسەڵات هەڵبگەڕێنەوە و دژایەتی بکەن، بە پێچەوانەوە بەرگری لێدەکەن لەبەر ئەوەی ماف و پێگەی ئەوانیش دەکەوێتە مەترسیەوە ئەگەر دەسەڵاتەکە ڕووبەڕووی ڕوخان بێتەوە، من پێم وایە ئەمە سیاسەتێکی باشە هەرێمی کوردستان پیادەی دەکات، من هیوادارم بەردەوام بێت لەسەر درێژەپێدانی ئەم سیاسەتە و تاوەکو زیاتر ئەم لێبوردەییە قوڵبێتەوە ئەوا ئەگەری سەرکەوتنی کوردستان زیاتر دەبێت.

**کوردستان سەلماندی دەتوانرێت لە دژوارترین هەلومەرجدا فیدراڵییەت سەرکەوتن بەدەستبهێنێت و ئومێد ئەوەیە بەشەکانی دیکەی عێراقیش بتوانن هەمان ئاستی لێبوردەیی و پێکەوەژیان بهێننەدی لە نێوان پێکهاتە ئیتنی و ئاینیە جیاوازەکاندا**



*** زۆربەی جار توندڕەوە ئیسلامییەکان یان شوێنکەوتووانی حزبی بەعس هەوڵی ئەوەدەدەن کە جۆرێك لە توندوتیژی لە نێوان گروپی ئاینی و نەتەوەییە جیاوازەکانی ناوچە کێشەلەسەرەکان دروست بکەن لە هەرێمی کوردستاندا، بە تایبەتی لە ناوچەکانی کەرکوك، موسڵ و دیالە. کەواتە چۆن دەتوانین خۆمان لەم توندوتیژییە بپارێزین؟**

- ئەوە ڕاستە کە هەندێ گروپ و لایەن هەوڵی تێکدان و ئاڵۆزکردنی بارودۆخەکە دەدەن بۆ ئەوەی ئەگەری چەسپاندن و پیادەکردنی فیدراڵیزم لەناوببەن و ڕێگەی گەڕاندنەوەی ئەو ناوچانەی کێشەیان لەسەرە بۆ سنوری هەرێمی کوردستان لەلایەن کوردەکانەوە بگرن، ئەمە ستراتیجی ئەوانە و بۆ جێبەجێکردنیشی پەنا بۆ توندوتیژی دەبەن، بەڵام پرسیارەکە ئەوەیە ئایا دەبێت حکومەتی هەرێمی کوردستان چ کاردانەوەیەکی هەبێت لە ئاست ئەم هێرشانەدا؟ من پێموایە نابێت کوردەکان پەنا بۆ هەمان توندوتیژی ببەن، ڕاستە ئەمە قورسە و دانبەخۆداگرتنێکی زەحمەتە، بەڵام ئەگەر کوردەکان بە هەمان شێوەی ئەوان ڕەفتار بکەن بە تایبەتی ئەگەر هێرشبکەنەسەر خەڵکانی مەدەنی ئەوا تێکڕای ئەو خەڵکانە بەرهەڵستیان دەکەن و ئەو کاتە ناکۆکییەکە گەورەتر دەبێت. من دەمەوێت ئەوە ڕوون بکەمەوە کە زۆرجار ئیستیفزازکردن و وروژاندنی کوردەکان بۆ ئەو مەبەستەیە کە کوردەکانیش هەمان کاردانەوەیان هەبێت، ئەمەش شەرعیەت دەدات بە کارە توندوتیژیەکانی ئەوان. لە هەمان کاتدا دەبێت کوردەکانیش ئەوەیان لەبەرچاوبێت ئەگەر ئەو ناوچانە بوونە بەشێك لە هەرێمی کوردستان ئەوا دەبێت مافی کەمینەکانی ئەو ناوچانە دابین بکەن و بیپارێزن.

*** زۆربەی کات کاری توندوتیژی هۆکارێکن بۆ ئەوەی هەڵە تێگەیشتنێك لای ڕێکخراوەکانی مافەکانی مرۆڤ دروست بێت دەربارەی حکومەتی هەرێمی کوردستان، لەبەر ئەوەی زۆرجار ئەم ڕێکخراوانە داوای ئەوە لە حکومەتی هەرێمی کوردستان دەکەن کە بە پاراستنی مافی ئەو کەمینانە ئەگەرچی لە ژێر دەسەڵاتی حکومەتی هەرێمی کوردستانیشدا نەبن. کەواتە چۆن حکومەتی هەرێمی کوردستان بتوانێت مافی ئەو کەمینانە بپارێزێت لە کاتێکدا کە دەسەڵاتدار نییە لەو ناوچانەدا؟**

- ئەمە نیشانە و بەڵگەی ئەوەیە کە زۆرێك لە ڕێکخراوە ناحکومییە نێودەوڵەتییەکان ئەو ڕاستییە نازانن کە زۆرێك لەو ناوچانەی ئەم گیروگرفتانەیان تێدا ڕوودەدات لەژێر دەسەڵاتی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا نین، لێرەدا ئەرکی حکومەتی هەرێم و ئەرکی ئێوەی ڕۆژنامەنووسانیشە کە هەڵبستن بە خستنەڕوو شیکردنەوەی واقیعی بارودۆخەکە و ئەو ڕاستیە ڕوون بکەنەوە کە ئەو ناوچانە لە ژێر دەسەڵاتی هەرێمی کوردستاندا نییە و ئاماژە بە بەرپرسیاری ڕاستەقینەی ئەو کار و کردەوانە بکەن.

*** دوا وتەت چییە؟**

- ئەو بارودۆخەی لە عێراقدا هەیە جێی داخە و من هیوای خۆشبەختیان بۆ دەخوازم و ئومێدی ئایندەیەکی باشتر بۆ خەڵکی عێراق دەخوازم.



زۆرجار ئیستیفزازکردن و وروژاندنی کوردەکان بۆ ئەو مەبەستەیە کە کوردەکانیش هەمان کاردانەوەیان هەبێت، ئەمەش شەرعیەت دەدات بە کارە توندوتیژیەکانی ئەوان

**پرۆفیسۆر جۆشۆ لاندیس بەڕێوەبەری سەنتەری دیراساتی رۆژهەڵاتی ناوەڕاسته له زانكۆی ءۆكلاهۆماو پسپۆر و تایبەتمەندە لەسەر كورد و سوریا له رۆژهەڵاتی ناوەراستدا، بۆ قسەكردن سەبارەت بە ئاستی لێبوردەیی و پێكەوەژیانی ئاشتیانه له هەرێمی كوردستان و چۆنیەتی پاراستنی ئەم قەوارەسیاسییەی ئێستا له هەرێمی**



نابێت کەمینەکان ڕوبەڕووی جیاکاری ببنەوە، ئێمە ئەم حاڵەتەمان لە ئیسرائیلدا بەدی کرد

## جۆشۆ لاندیس پسپۆر و تایبەتمەند لەسەر کورد و سوریا بۆ گوڵان:

# دەبێت حكومەتی هەرێمی كوردستان زۆر بەهۆشیاری ڕێگە نەدات تیرۆرستان سومعەی ئەو هەرێم

*** چۆن دەتوانرێت كەلتوری لێبوردەیی دروست بكرێت له نێو ئەو نەتەوە جیاوازانەی له یەك وڵاتدا دەژین؟**

- ئەمە پرسیارێكی باشە و لە هەمان كاتدا وەڵامدانەوەی قورسە. ئەگەر چەند نەتەوەیەكی جیاواز لە جوگرافیایەكی دیاریكراودا پێكەوەبژین ئەوا كێشەیەك ڕوونادات ئەگەر بتوانن بە گیانی لێبوردەییەوە مامەڵە لەگەڵ یەكدا بكەن، كێشەكە ئەو كاتە سەرهەڵدەدات كە گروپێكی ئیتنی دیاری كراو باڵاست بێت و گروپەكانی دیكە دووچاری جیاكاری ببنەوە، بۆ نموونە ئێمە ئەمە لە وڵاتێكی وەك سوریادا بەدی دەكەین كە كۆمارێكی عەرەبیە و جیاكاری لە دژی كوردەكان، ئاشورییەكان و ئەرمەنییەكان پیادە دەكرێت.

*** ئایا تا چ ڕادەیەك ناوچە و بەشە جیاوازەكانی جیهان بەدەست ئەم كێشە كارەساتهێنەرەوە دەناڵێنن؟**

- زۆرێك لە نەتەوەكان ڕووبەڕووی ئەم كێشەیە بوونەتەوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەوڵدراوە كە لە ڕووی یاساییەوە چارەسەرێك بۆ ئەم كێشەیە بدۆزرێتەوە، واتە هەوڵدراوە ناسنامەی نەتەوەیی و ئینتیمای نەتەوەی بناغەیەكی یاسایی هەبێت و لە دەستووردا بچەسپێنرێت، نەك لەسەر بناغەی ئیتنی یان ئاینی. ئەمە لە جیهانی هاوچەرخدا كار بۆ هێنانەدی و پیادەكردنی دەكرێت.

*** لەهەرێمی كوردستان تارادەیەكی زۆر لێبوردەیی و پێكەوە ژیانی ئاشتیانە بوونی هەیە ئایا چۆن بتوانین ئەم كەلتورەی بپارێزین و ڕێگە نەدەین دوژمنەكانی كوردستان زیانی پێبگەیەنن؟**

- ئەوە واقیعە كە كوردەكان ڕوبەڕووی ڕادەو ئاستێكی گەورەی جیاكاربوونەتەوە لە ڕابردوودا لە لایەن توركیا، ئێران و دەوڵەتە عەرەبیەكانەوە، بۆ ئەوەی ئەو مێژووەی لە ڕابردوو ڕووبەڕووی كورد خۆی بۆتەوە ئێستا كورد خۆی بەرامبەر كەمینەكانی دیكە پیادەی نەكاتەوە دەبێت هەوڵبدات لەسەر سیاسەتی لێبوردەیی بەردەوام بێت، ئەگەر ئەمە نەكات ئەوا خۆی ڕووبەڕووی مەترسی دەكاتەوە و زاڵبوون بەسەر ئەم مەترسیەشدا ئاسان نییە لەبەر ئەوەی دەبێت كوردستان خۆی بپارێزێت لە دژی دەوڵەتە دراوسێكان كە خۆشحاڵنین بە بوونی ئەم قەوارەیە.



گوڵان
ژمارە (٧٥٨)
٢٠٠٩/١١/٢٣

کوردستان بوونی هەیە، پرۆفیسۆر لاندیس بەمجۆرە بۆ گوڵان هاتە ئاخاوتن.



## ـیەوە مامەڵە بکات و
## ـە بشێوێنن

*** ئایا دەکرێت ئـەو وڵاتانەی لەم قۆناغەدا سـوود لە ئەزموونی ئەو وڵاتانە وەربگرن کە ئەم قۆناغەیان تێپەڕاندووە؟**

- بـە دڵنیاییـەوە، دەتوانن سـوود وەربگرن، ئەبێـت ئێوە هەوڵبدەن هەمـان هەڵەی عێراق و تورکیا دووبـارە نەکەنەوە کە ئەم دوو وڵاتە جیاکاریـان لە دژی کوردەکان پیادەکرد، بەڵام ئەمەش کارێکی زەحمەتـە لەبەر ئەوەی ئێوە هەوڵدەدەن قەوارەکەی خۆتان بپارێزن و ڕەنگە لەم پرۆسەیەشدا ئەوەتان لەبیربچێت کە نابێت کەمینەکان ڕووبەڕووی جیاکاری بینەوە، ئێمە ئەم حاڵەتەمان لە ئیسرائیلدا بەدی کرد، دوای ئەوەی جولەکەکان دووچاری سەرکوتکاری و جیاکاری بوونەوە، ئەوا لە کاتی دروستکردنی دەوڵەتەکەیانـدا عەرەبەکانیـان ڕووبـەڕووی جیاکاری کـردەوە. من پێموایـە گرنگترین هەنـگاو لەم هەوڵ و پرۆسـەیەدا ئەوەیە ئەو یاسـایە دابڕێژرێت کە زەمانەتـی لێبوردەیی دەکات و مافـی کەمینـەکان دەپارێزێـت. واتە دەبێت بە فیعلـی کار بۆ جێبەجێکردنی ئەم یاسـایە بکرێت، چونکە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاسـتدا زۆر باسـی پاراسـتنی مافی کەمینـەکان دەکرێـت، بـەڵام ڕەنگدانەوەی نابینین لە واقیعدا.

*** لە دەسـتوری هەرێمی کوردسـتاندا، ئەو مافە بە کەمینەکان دراوە کە لە چوارچێوەی دەسـتورەکەدا مافەکانی خۆیان دەستنیشـان بکەن. ئەمەش نیشـانە و بەڵگـەی ئەوەیە کە هەرێمی کوردسـتان بـاوەڕی بە مافی کەمینـەکان هەیە. کەواتە پرسـیارەکە لێرەدا ئەوەیە، ئەگەر حکومەت ئەم باوەڕەی هەبێت، ئایا ڕێگە دەدات بـە هیچ توندوتیژییەک لە دژی کەمینەکان؟**

- ئەگـەر ئـەم یاسـایانە پەیڕەوبکرێن و بە دواداچوونیـان بۆ بکرێـت دەکرێت ئەنجامی باشی لێبکەوێتەوە لە ڕووی پاراستنی مافی کەمینەکان. لەبەر ئەوەی کوردەکان لە ڕابردوودا قوربانییەکی گـەورەی جیاکاری بوونە، ئەوا ئومێدی ئەوە دەکرێت باشتر لەم کێشانە تێبگەن و هەوڵبدەن دووبارەی نەکەنەوە.

*** زۆربەی جار توندڕەوە ئیسـلامییەکان یان شوێنکەوتوانی حزبی بەعس هەوڵی ئەوەدەدەن کـە جۆرێک لە توندوتیژی لـە نێوان گرووپی ئاینـی و نەتەوەییـە جیاوازەکانـی ناوچە کێشەلەسـەرەکان دروسـت بکەن لە هەرێمی کوردسـتاندا، بـە تایبەتی لـە ناوچەکانی کەرکـوک، موسـڵ و دیالـە. کەواتە چۆن دەتوانین خۆمان لەم توندوتیژییە بپارێزین؟**

- ئـەوە واقیعە کـە کوردسـتان ڕووبەڕووی کێشەگەلێکی زۆر دەبێتەوە بە تایبەتی ئەوەی پەیوەندی بە کێشـەی کەرکوکەوەهەبێت. من لێـرەدا دەمەوێت ئاماژە بـەوە بکەم کە هەر کاتێک توندوتیژی و شـەڕ هەڵگیرسـا ئەوا وەستاندنی ئاسان نییە و پاراستنی مافی ئەو کەمینانەش ئاسـان نابێت، لەبەر ئەوەی ئەمە پێویسـتی بە سیسـتمێکی قەزائی کامڵ و پێگەیشتوو هەیە، هەروەها پێویستی بە هێزی پۆلیسی کامڵ و پێگەیشتوو هەیە.

*** زۆربـەی کات کاری توندوتیـژی هۆکارێکن بۆ ئەوەی هەڵە تێگەیشتنێک لای ڕێکخراوەکانی مافەکانی مرۆڤ دروست بێت دەربارەی حکومەتی هەرێمی کوردستان، لەبەر ئەوەی زۆرجار ئـەم ڕێکخراوانە داوای ئەوە لە حکومەتی هەرێمی کوردسـتان دەکەن کە بە پاراستنی مافی ئەو کەمینانە ئەگەرچی لە ژێـر دەسـەڵاتی حکومەتـی هەرێمی کوردستانیشدا نەبن. کەواتە چۆن حکومەتی هەرێمـی کوردسـتان بتوانێـت مافی ئەو کەمینانە بپارێزێت لە کاتێکدا کە دەسـەڵاتە نییە لەو ناوچانـەدا؟ واتە ئەمە بارودخێکی ئاڵۆزە کە ڕووبەڕووی کوردستان بۆتەوە؟**

- مەترسـی و نیگەرانییەکە ئەوەیە سەرکردە سیاسـییەکان ئامادەییان نەبێت بۆ گەیشتن بە ڕێگاچارە و چارەسـەرێکی ئاشـتیانە بۆ کێشـەکان، بە تایبەتی کێشـەی کەرکوک، واتە هەموو ئەم سیاسـیانە بیر لەوە دەکەنەوە چـی ڕوودەدات ئەگەر هاتـوو کەرکوکیان لەدەسـت بچێت، لەبەر ئـەوە لێدوانی گەورە دەدەن و ئامادەی گەیشـتن بە زەمینەیەکی هاوبەش نین. ئەوەی ئێوە ئاماژەی بۆ دەکەن ڕاسـتە کە چەندین هێزی توندڕەو لە ئارادان وەك ئیسـلامییەکان و ئەلقاعیـدە و تەنانەت حکومەتی عێراقیش هەندێ جار بەشێوەیەکی ڕەفتار دەکات کە نیشـانەی ئەوەیە لە خۆی دڵنیانییـە. مـن پێموایە باشـترین کارێك حکومەتی هەرێمی کوردسـتان پێی هەستێت ئەوەیە زۆر بە وریاییەوە هەڵسوکەوت بکات و ڕێگە نەدات بارودۆخەکە بە چەشنێك ئاڵۆزبێت کە ئەلقاعیدە و هێزەکانی دیکە سومعەی ئەم هەرێمە لە ناوببەن.


*** دوا وتەت چییە؟**

گرنگە کوردەکان مافەکانی خۆیان بەدەسـت بهێنن، لەبـەر ئەوەی لـە زۆر ڕووەوە ئەمە سـەردەمێکی نوێیـە، بـۆ نموونـە تورکیا دووبارە هەڵدەسـتێت بە هەڵسـەنگاندنەوەی هەڵوێستەکانی لە ئاست کوردەکاندا، هەروەها سـوریا کە بـۆ ماوەیەکـی دوورودرێژ دڵی ناسیونالیزمی عەرەبی بوو، ئێستا تا ڕادەیەك پاشەکشەی کردووە و حکومەتی سوریا هەوڵی دەرکردنی یاسـایەکی نەتەوەیی نوێ دەدات و بەڵێنی پێدانـی هاوڵاتیبوونی بە کوردەکانی ئـەو وڵاتـە داوە کە ژمارەیـان ٣٠٠ هەزار کەسـە و مافی هاوڵاتیبوونیـان نییە تاوەکو ئێسـتا. تا ئێستا سوریا ئەم کارەی نەکردووە، لەبەر ئەوەی نیگەرانە لە ئاسـت کوردستاندا، بـەڵام ئەگەر کوردسـتان بیسـەلمێنێت کە دراوسـێیەکی باشـە ئەوا کاریگەری لەسەر ڕەواندنـەوەی ئەم نیگەرانییە دەبێت. ترسـی دەوڵەتە دراوسـێکان ئەوەیە سنوری کوردستان گەورەبێـت، بەڵام ئەگـەر دڵنیابکرێنەوە کە کوردسـتان هەوڵی درێژکردنەوەی سنورەکانی نادات، ئەوا دەرفەتێك بۆ چارەسەرکردنی ئەم کێشـانە دروست دەبێت لەسەر بنەمای یاسا و لێبوردەیی، بە پێچەوانەشەوە ئەگەر کوردستان هەوڵبدات سـنووری خۆی بە ئـەو وڵاتانە درێژبکاتەوە ئـەوا کوردەکانی ئـەو وڵاتانە دووچاری سەرکوتکاری زیاتر دەبنەوە.

**ئەوە واقیعە کە کوردستان ڕووبەڕووی کێشەگەلێکی زۆر دەبێتەوە بە تایبەتی ئەوەی پەیوەندی بە کێشەی کەرکوکەوەهەبێت**

**سوریا کە بۆ ماوەیەکی دوورودرێژ دڵی ناسیونالیزمی عەرەبی بوو، ئێستا تا ڕادەیەک پاشەکشەی کردووە**

# تورکمانەکان لەتاکتیک و خۆسازدانیاندا بۆ گەمەی هەڵبژاردن



**فەرید ئەسەسەرد**

**دوو هەفتە جارێک دەینووسێ**

بەدڵنیاییـــیەوە تورکمانەکان لەهیچ هەڵبژاردنێکـدا هێـز پێـك ناهێنن و ژمـارەی ئەندامانیـان لەئەنجومەنی ئێسـتای نوێنەراندا ٧ کەسە کەدەکاتە دەوروبەری ٣٪ی سەرجەمی ئەندامانی ئەنجومەنـی نوێنەران. بەڵام ئەمە بەو مانایە نیە کەتورکمـان کەمینەیەکی گرنگ نیە.

بەدڵنیاییشـەوە تورکمانـەکان بـە بایەخێکی زۆرەوە دەڕواننە هەڵبژاردنی داهاتوی ئەنجومەنی نوێنەرانء لەئێستاوە کەوتونەتە دانانی نەخشەی گونجاو بۆ بەدەسـت هێنانی ئەنجامێکی باشـتر لەوەی کە لەساڵی ٢٠٠٥دا بەدەستیان هێناوە.

کێشـەی تورکمـان لـەوە دایـە کەهەڵبژاردنء سـەرژمێری دانیشتوان دەشـێ گێچەڵێکی زۆریان بۆ بنێنەوە چونکـە لەهەڵبژاردنـدا قـەوارەی سیاسییان ئاشـکرا دەبێء لەسەرژمێردا قـەوارەی دیموگرافییان. تورکمانەکان بۆ خۆیان دەڵێن ژمارەیـان لەعیراقدا خۆی لەسێ ملیۆن کەس دەدا. کاتێك ئەو سێ ملیۆن کەسـە لەهەڵبژاردندا تەنها حەوت کەسی پی بگەیەنرێتە ناو ئەنجومەنی نوێنەران، دەبێ مەسەلەکە بەشـێوەیەکی تر بیری لێ بکرێتەوە. لەکۆبونەوەی مانگی ئەیلولی رابردوی نێـوان نوێنەرانـی تورکیـاو گروپە تورکمانەکاندا لەئەنکـەرە، نوێنەرانی تورکیـا هەڕەشـەیان کـرد کەئەگەر تورکمانـەکان لەهەڵبژاردنی داهاتوی ئەنجومەنی نوێنەرانی عیراقدا ١٠٪ی کورسییەکان بەدەست نەهێنن، هاوکاریی ماددییان لێ دەبڕن.

لێرەدا مەسـەلە مەسەلەی گوشارو هەڕەشـە نیـە چونکـە سـەنگی دیموگرافیـی تورکمـان لەعیراقـدا لێـی رانابینرێ بتوانێ سـەرکەوتنی بەرچاویان بۆ بەدەست بێنێء لەڕاستیشدا هیـچ گروپێکی دانیشـتوان ناتوانێ ئەنجامی گەورەتـر لەقەوارەی خۆی بەدەست بێنێ.

ئەمە بەم واتایە دێ کەهێزی سیاسیی تورکمان ناتوانێ لەسـنوری قەوارەی دیموگرافییـان وەك کەمینە بترازێ. رەنگە دیارترین تاکتیکی تورکمانەکان بۆ بەدەسـت هێنانی زۆرترین دەنگ لەهەڵبژاردنـی داهاتـوودا، چونە ناو لیسـتەکانی ترە. ئەگەرچی دەشـێ بەرەی تورکمانی بەلیستێکی سەربەخۆ بەشداری لەهەڵبژاردندا بکاو دەنگێکی زۆری تورکمانەکانی کەرکوكء موسڵء هەرێـم بەدەسـت بێنێ. بـەڵام هیچ گەرەنتییـەك نیە کە لەیەك کورسـی زیاتر بەدەسـت بێنێ، وەك ئەوەی کە لەهەڵبژاردنی سـاڵی ٢٠٠٥دا رویدا. گروپەکانـی تر بە بەرنامە پەیوەندییان بەلیستەکانی ترەوە کردوەو هەر یەکێکیان چۆتە ناو لیستێکەوەو لەم سەروبەندەدا پارتـی تورکمـان ئیلی لەلیسـتی ئیئتیلافی نیشـتمانیدا جێی بۆ خۆی کردۆتەوەو یەکێتیی ئیسلامیی شیعیی عەباس بەیاتی لەگەڵ لیستەکەی نوری مالکیدا یەکی گرتۆتەوەو گروپەکەی جەمال شان چۆتە ناو لیستەکەی ئەیاد عەللاویـء دواتریش پارتـی عەدالەت خۆی لەگەڵ لیستی حزبی ئیسلامیی عیراقدا یەکخست .

ئەزمونی تورکمان لەم هەڵبژاردنەدا لەئەزمونـی هەمـو پێکهاتەکانی تر جیاوازتـرە چونکـە تورکمانـەکان نە لەئەنکەرە، سەرەڕای یارمەتیء هاندانی تورکەکان، لەسەر پێکهێنانی لیستێکی یەکگرتوو رێککەوتن نە لەکۆبونەوەکەی ئوتێلی مەنسـوری بەغـداو لەهەمان کاتیشدا فرە لیستییەکەشیان بەم مانایە نیە کەهەر گروپێکیان بەلیستێکی جیا دەچێتە هەڵبژاردنەوە، بەڵکو زیاتر بەم مانایە دێ کەهـەر گروپێکیان بەپێی لێکدانـەوەو هەڵسـەنگاندنی خۆی، دەچێتە ناو لیستێکی عەرەبی سوننەو شیعەوە بۆ ئەوەی لەم رێگەیەوە زۆرترین کورسیی ئەنجومەنی نوێنەرانیان چنگ کەوێ. شکستی تورکمان لەپێکهێنانی یەك لیستی یەکگرتو شتێکی وای لێ هەڵدەکرێنـدرێ کەناوماڵـی تورکمان ئەوەندەی لەناوەوە کێشەی هەیە، ئەوەندە لەگەڵ دەرەوە کێشەی نیە.

بچوکتریـن گومـان لـەوەدا نیە کەتورکمانەکان بۆ بەرژەوەندیی خۆیان دەیانەوێ سـود لەلیسـتە گەورەکان وەرگرن، بـەڵام دەبێ ئەوەش لەبەرچاو بـێ کەلیسـتە گەورەکانیـش بـۆ بەرژەوەندیـی خۆیان دەیانەوێ سـود لەتورکمان وەرگـرن. هەر چۆنێك بێ، ئامانجی هەمو تاکتیکەکانی تورکمان بەدەستهێنانی رێژەی ١٠٪یە کەئەنکەرە داوای لێ کردون بەدەستی بێنن. هیچ گومانێکیش لەوەدا نیە کەتورکمانەکان لێبڕاوانـە هەوڵی بەدەسـتهێنانی ئەم رێژەیە دەدەن بەڵام گومان هەیە بتوانن بەدەستی بێنن.

# عێراق لەبەردەم
# مەترسیی گەڕانەوەی عەرەبایەتی دا



سامی شۆرش
تایبەت بۆ گوڵان دەینووسێ

دەوڵەتی عێراق، لە قۆناغی ئەمڕۆیدا، کە قۆناغێکی گەلێك سەخت و ئاڵۆزو پڕ گێرەمەو کێشەیە، لەبەردەم مەترسییەکی گەورەدایە کە ئەویش گەڕانەوەی عەرەبایەتییە، یان (العروبە) یە بۆ عێراق. لەو مەیدانەدا هەڵەی گەورە ئەوەیە وای لێك بدەینەوە کە سەرنگوون بوونی رژێمی (صدام حسین) سەرنگوون بوونی عەرەبایەتی بوو لە عێراق و ناوچەکەدا. نەخێر، تا ئێستاش ئەم بزاڤە خەتەرناك و شۆڤێنیست و خوێناویە هەم لە عێراق و هەم لە ناوچەکەدا ماوەتەوە. بگرە وا خەریکە لە عێراق بەهێزیش دەبێتەوەو دەسەڵات پەیدا دەکات بە تایبەتی دوای ئەوەی عروبە لەم چەند ساڵەی رابردوو، لەگەڵ رەوتە ئایینیەکان و رێکخراوە تیرۆریستییەکان، هاوپەیمانێتیەکی تازەی بەستووە بۆ رێگە گرتن لەوەی دەوڵەتێکی دیموکراسی و تازەو فرەخوازو فیدرال و دەستووری لە عێراقدا دابمەزرێت.

زۆر جار وای لێك دەدەینەوە گوایە مەترسییەکانی عەرەبایەتی تەنیا هەڕەشە لە کورد دەکات و تەنیا کورد رەنگە زەرەرمەندی گەورە بێت لە تاوسەندنی گەڕانەوەی عەرەبایەتی بۆ عێراق. لە راستیدا، مەترسییەکانی ئەو رێبازە خەتەرناکە نەك تەنیا کورد، بگرە جیهانی عەرەبی و ئیسلامیش، هەروەها تەواوی بزاڤی دیموکراسی و سەقامگیری لە ناوچەکەو لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستیشدا دەگرێتەوە.

بێگومان، ئەوەی دەرهەق بە کوردو بە کەمینە نەتەوەیی و ئایینی و مەزهەبیەکانی ناو عێراق دەکرێت، وا نەبێت هەر تەنیا هەڵوەشانەوەی دەوڵەتی عێراق لێ بکەوێتەوە، بەڵکو ئەوەیشی لێ دەکەوێتەوە کە عێراق لە مەودایەکی هەندێك دوور، سەر لە نوێ دەبێتەوە بە مەترسی بۆ سەر ئەمن و ئاسایشی ناوچەکەو دەوڵەتانی دەورو پشت. راستە، ئێستا عێراق دەوڵەتێکی لاوازو بێ تاقەت و هێز لەبەر براوە. بەڵام گەڕانەوەی ئەو دەوڵەتە بۆ ناو بازنەی گۆشەگیریی نەتەوەیی عەرەبی، واتە بازنەی عروبەو بازنەی صدام حسین - ی جاران، لە ئەنجامدا هێزو توانستێکی وای پێ دەبەخشێت کە نەك تەنیا هەڕەشە دروست بکات بۆ سەر کورد، بەڵکو هەڕەشەیەکی راستەوخۆیش بێت بۆ سەر سەعودی و کوێت و ئەردەن و تورکیا.

لەمبوارەدا، رەنگە ناکۆکی و مشتومڕو ئاڵۆزییە ناوخۆییەکانی ئەم دواییەی عێراق، بە تایبەتی لە بارەی کەرکوك و هەڵبژاردنی داهاتوو و دابەش کردنی کورسییە زیادەکانی پەرلەمان بە سەر پارێزگاکان، رەنگە لای هەندێك ناوەندی سیاسی، بە کۆمەڵێك ناکۆکیی بچووك و بێ بایەخ لە قەڵەم بدرێت. بەڵام لە راستیدا ئەم ناکۆکیانە گەورەو ترسناکن و دەربڕی ئەوەن کە لە ناو عێراقدا دەمارە گرژەکانی بزووتنەوەی عەرەبایەتی، خەریکە سەر لە نوێ شین دەبێتەوەو پەل دەهاوێت. ئەوە نییە **سەرۆك عەشیرەتێکی عەرەبی بەوپەڕی شۆڤێنیەتییەوە هەڕەشەی دەرکردنی کورد لە عێراق دەکات؟** ئەوە نییە، دەیان هەڕەیو گوڕەشەی رۆژانە لە کورد دەکرێت؟ ئەوە نییە هەوڵ دەدرێت کورد لە قەوارەو لە رۆڵی سیاسیدا بچووك بکرێتەوەو وردە وردە ئامادە بکرێت بۆ ئەوەی لە دوارۆژدا بە ئاسانی تووشی لە ناو بردن بێت؟

راستە، بزووتنەوەی عەرەبایەتی لە قاڵبی جارانی دا نەماوە، هەروەها بە هەمان ئالیات و میکانیزمی جاران کار ناکات، بەڵام لەوە راستتر ئەوەیە کە عەرەبایەتی لە ئەمڕۆی عێراقدا شێوازێکی تازەی گرتۆتە خۆ: ئەوەتا لەگەڵ بزووتنەوەی ئایینی و مەزهەبی تێکەڵاو بووە دوای ئەوەی بۆ ماوەی پتر لە هەشتا ساڵ لە عێراقدا عەرەبایەتی رێبازێکی عیلمانی بوو. ئەوەتا لەگەڵ عەشیرەتگەرایی عەرەبی و زهنی مەدەنی و سیاسی تێکەڵاو بووە دوای ئەوەی بۆ ماوەی هەشتا ساڵ زۆرتر لە ناو بازنەی سەربازی و لە ناو ئۆردووەکانی عەسکەر گەشەی دەکرد. ئەوەتا دوای ئەوەی عەرەبایەتی بۆ ماوەی هەشتا ساڵ لە ناو بارودۆخێکی کەمێك هێمن و شارستانی دا هێزی پەیدا دەکرد، ئەوەتا ئەمڕۆ لە ناو بارودۆخێکی زۆر خوێناوی و دواکەوتوویی و کاولکاریدا پەل دەهاوێت.

دیارە، پرۆسەی بە دیموکراسی کردنی دەوڵەتی عێراق، هەر بەوەجێ بەجێ نەبوو کە رژێمی صدام حسین رووخێنرا. هەر بەوەش تەواو نەبوو کە حکومەت و پەرلەمانێکی تازەی فرەیی دامەزرێنراو دەستوورێکی هەمیشەیی

بۆ بەڕێوەبردنی دەوڵەتەکەی نووسرایەوە. بۆیە، ئەمەریکاو دۆستانی ئەمەریکا هەڵەیەکی گەورە دەکەن ئەگەر وای لێك بدەنەوە گوایە ئامانجەکانی خۆیان لە عێراق جێبەجێکرد تەنیا لە بواری ئامانجە ئەمنی و سەربازییەکاندا نەبێت نەخێر، هیچ ئامانجێکی ئەوتۆی نەپێکراوە لە غەیری ڕووخاندی ڕژێم و هەندێك دەسکەوتی سیاسی بۆ خەڵکی عێراق بەولاوە. لەوە بەولاتر، ئەو هەلومەرجەی تا ئێستا بۆ عێراق خوڵقاوە زۆر خەتەرناکترە لەوەی پێشوو.

ئەوەتا سیستەمی خووڕەوشتی سیاسی لە ئەمڕۆی عێراقدا زۆر لەوەی جاران رووخاوترو داهێزراوترە. ئەوەتا بیرو هۆش و لێکدانەوەی شارستانی بەرەو هەڵدێر دەڕۆن لە عێراقی ئەمڕۆدا. ئەوەتا گۆشەگیری و تاکڕەوێتی و دابڕان و کوشتن و بڕین و کاولکاری نەك تەنیا بۆتە سیفەتی تیرۆریستان، بگرە بۆتە داب و نەریتێکی سیاسی لە ناو زۆربەی هێزە سیاسییەکانی عێراق. بگرە لە ناو ئەو هێزانەیش کە تا دوێنێ بە راستگۆو زوڵم لێکراوو هاوپەیمان دەناسران. بۆیە هەلومەرجەکە لەبارە بۆ گەڕانەوەی عەرەبایەتی بۆ عێراق: گەڕانەوەیەکی خوێناوی. گەڕانەوەیەکی خەتەرناك. بگرە زۆر لە بارتریشە بۆ ئەوەی هاوپەیمانێتیەکەی لەگەڵ حزبە ئایینیەکان نەك هەر بەردەوام بێت، بگرە زۆرتریش بەرەو پێشەوە بچێت.

مێژووی عەرەبایەتی (العروبە) لە عێراقدا مێژوویەکی تازە نییە، بگرە سەرەتاکانی دەگەڕێتەوە بۆ سالآنی سی و چلی سەدەی رابردوو. ئەوسا بزووتنەوەکە لە ناو بازنەی ئەفسەرە گەورەکانی عێراق چەکەرەی کرد. دواتر کەوتە ناو بازنەی قوتابیان و کەرتی خوێندەوارو رۆشنبیرانی بەغداو موسڵەوە. بۆ نموونە، ساڵی ١٩٣٧ گەورەترین مەترسی بە سەر دەوڵەتی عێراقەوە لە لای ئەفسەرێکی نەتەوەپەرستی وەکو نازم ئەلتەبەقچەلی کە فەرماندەی سوپا بوو لە کوردستان، مەسەلەی خوێندن بوو بە زمانی کوردی لە شاری کەرکووك! هەر لەو ماوەیەدا پرۆژەی تەعریب کردنی کەرکووك بەوە دەستی پێ کرد کە ژمارەیەکی زۆری خەڵکی کورد لە حەوزی حەویجە دەربەدەر کران و خەڵکی عەرەبیان لە جێگە نیشتەجێ کرا بە بەهانەی ئەوەی حکومەتی بەغدا دەیەوێت پرۆژەیەکی گەورەی ئاو لەو ناوچەیەدا دروست بکات.

ئەو بزووتنەوە مەودا تەسکەی عەرەبایەتی، لە سالآنی دواتر تێکەڵاویەکی گەرمی لەگەڵ نەتەوەپەرستەکانی سوریاو لوبنان و فەلەستین دروست کرد. لەولاوە، پەیوەندییەکی توندوتۆڵیشی لەگەڵ نازیزمی هیتلر دامەزراند لە ڕێگەی موفتیی ئەوسای فەلەستینەوە. لە سەرەتای چلەکاندا ڕێچکەی عەرەبایەتی هەوڵی کودەتایەکی سەربازی دا لە عێراق و لە سەر دەستی کۆمەڵێك ئەفسەری نەتەوەپەرست شەڕ لە حەبانیە لە دژی سوپای ئینگلیز بەرپا کرا. دواتر گەلانی عێراق لەسەر دەستی عەرەبایەتی، ساڵی ١٩٦٣ تا ١٩٧٠، کەوتە گوماوی خوێنەوە. ئینجا لە ١٩٧٤ تا ١٩٧٥. لەوە بەولاتر، لە نێوان سالآنی ١٩٨٠ تا ١٩٨٨ دەمارەکانی کەراهیەت و رق و بوغزو کینەی ناو مێژوو زیندوو کرایەوەو شەڕ لە دژی ئێران بەرپا کرا. لە ناو عێراقیشدا ترسناکترین ئاگری لەناوبردنی لە دژی کورد بەرپا بوو. زۆری نەبرد، سەرەڕمی عەرەبایەتی رووی لە کوێت کرد. ئینجا لە کۆمەڵگای نێودەوڵەتی.

لەو هەموو رووداوانەدا، ڕێبازی خەتەرناکی عەرەبایەتی لە عێراق، بگرە لە سوریاش، هەر سەرچاوەی مەترسی نەبوو بۆ کورد، بەڵکو مەترسیەکی گەورەیش بوو بۆ سەر دەروجیران و میللەتانی دەوروپشت و ئاشتیی نێودەوڵەتی. لە عێراقدا دیکتاتۆری هیچ کاتێك هەڕەشە نەبووە تەنیا بۆ سەر گەلانی ناو وڵاتەکە. بەڵکو هەڕەشەی گەورەتر بووە بۆ سەر مەسەلەی ئاشتی و سەقامگیری لە تەواوی ناوچەکەدا. ئەمڕۆ، سەر لە نوێ زیندوو بوونەوەو تاوسەندنەوەی دەماری عەرەبایەتی لە ناو دەوڵەتی عێراقدا، هەمان ئەو هەڕەشەیەی جاران دروست دەکاتەوە بۆ سەر دەروجیران بە تایبەتی دەوڵەتانی وەك تورکیاو سەعوودی و کوێت و ئەردەن.

ئینجا هەڕەشەیە بۆ سەر تەواوی پرۆژەی ئاشتەوایی و دیموکراسی لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا. مەعلوومە، ئەم پرۆژەیە یەك لە ئامانجە گەورەکانی ئەمریکاو ئەوروپاو کۆمەڵگای نێودەوڵەتییە لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا. کرۆکی پرۆژەکە قەلاچۆ کردنی تیرۆرو دامەزراندنی دیموکراسیە لەو ناوچەیەدا. دیارە، گەڕانەوەی عروبە بۆ عێراق تەواوی چارەنووسی ئەم پرۆژەیە دەخاتە بەر مەترسی. بۆیە، ئەوەی ناوەندە سیاسییەکانی ناو عێراق، ئەمڕۆ، لە دژی کورد دەیکەن مەسەلەیەکی بچووك و بێ بایەخ و لاوەکی نییە. بەڵکو هێمایەکی گەورەیە بۆ ئەوەی کە عێراق لە بواری گەڕانەوە دایە بۆ کەلتوورە کۆنەکەی.

ئەوی راستی بێت، بەرپەرچ دانەوەی ئەو گەڕانەوەیە، یان وردتر ڕێگە گرتن لەوەی عروبە لە عێراق زیندوو بێتەوەو دەسەڵات پەیدا بکاتەوە، تەنیا ئەرکی کورد نییە، بەڵکو ئەرکی هەموو ئەوانەیە کە لە ناوچەکەدا زەرەرمەند بوون، یان زەرەرمەندن، یان زەرەرمەند دەبن بە دەست عروبەوە. بگرە، ئەرکی دەوڵەتێکی وەکو ئەمریکایشە کە دەبێت نەك تەنیا مشووری کشاندنەوەی هێزە سەربازییەکانی خۆی بخوات لە عێراق، بەڵکو لەوە گرنگتر، مشووری ئەوەیش بخوات کە پەیمانەکانی جێ بە جێ بکات بۆ گەلانی ناو عێراق و ناوچەکە بە تایبەتی پەیمانی دامەزراندنی عێراقێکی دیموکراسی و سەقامگیرو دەستووری وپەرلەمانی و فیدرالی.

دابین بوونی مافە دەستوورییەکانی کورد، هەنگاوێکی گەورەو کاریگەرە لە بواری دامەزراندنی عێراقێکی بە ناوەرۆك تازە. بۆیە، هەنگاوێکی کاریگەرو گەورەیشە لە بواری ڕێگە گرتن لەوەی عەرەبایەتی سەر لە نوێ دەست نەنێتە بینە قاقای عێراق.

**سەرۆك عەشیرەتێکی عەرەبی بەوپەڕی شۆڤێنیەتییەوە هەڕەشەی دەرکردنی کورد لە عێراق دەکات؟**



# پەیوەندی هاوسەنگی نێوان مەحەکی رۆشنبیری راستەقیـ

**«رۆشنبیری راستەقینە، ئەو دەستەبژێرانەن کە بەلێهاتوویی لەرادەبەدەریان و هەستی بەرزی ئەخلاقیان، دەبنە ئەو پاشا و فەرمانڕەوایانەی کە ویژدانی مرۆڤایەتی بونیاد دەنێن»**

**ئیدوارد سەعید**

***

ئیدوارد سەعید لەکتێبی (( الهە التی تفشل دائما )) بەم پێناسە بەرزەی جۆلیان بیندا رۆڵی رۆشنبیر لە کۆمەڵگە دیاریدەکات، ئەم پێناسەیە ئەگەر زۆر بە وردی لەسەری هەڵوەستە بکەین، راستە بە جۆرێك لە جۆرەکان پێناسەکەی گرامشی لە بناخەوە هەڵدەتەکێنێت و هەموو تاکێك لە کۆمەڵگە بە رۆشنبیر لە قەڵەم نادات، بەڵام لە هەمان کاتدا ئەو پێناسە تەقلیدییەش بۆ رۆشنبیر هەڵدەتەکێنێت کە زۆرجار رۆشنبیر بۆ پاکانەکردن لە هەڵوێستی خۆی پەنای بۆ دەبات، بۆیە رۆشنبیر دەگەیەنێتە ئەو ئاستەی دەبێتە پادشا و فەرمانڕەوای کۆمەڵگە بۆ بونیادی ویژدانی مرۆڤایەتی، بەڵام ئەم پێناسەیە ناداتە هەموو ئەوانەی کەناوی رۆشنبیر لە خۆیان دەنێن، بەڵکو ئەم پێناسەیە دەدرێتە ئەو کەسانەی بە لێهاتوویی لە رادەبەدەریان و بە هەستی بەرزی ئەخلاقیان ئەو پادشایەتی و فەرمانڕەواییە بەدەستدەهێنن و ئەوانەشی کە دەگەنە ئەم ئاستەو ئەو ئەرکە گرنگە لەکۆمەڵگە پیادەدەکەن و ویژدانی مرۆڤایەتی بونیاد دەنێن دەستەبژێرێکی کەمن و خۆیان لە زۆر بەرژەوەندی تایبەت و بازاڕ گەرمی کاتی و پروپاگەندەکردن بۆ ئەم حزب و ئەو حزب دوورخستۆتەوە، ئەوان بە پێوەرێك کاردەکەن کە خۆیان بونیادیان ناوە ئەویش ویژدانی مرۆڤایەتییە، بۆیە ئەوانەی کە هەوڵەکانیان بە ئاراستەیەك دەخەنە گەڕ و دەبنە هۆکارێك بۆ ئازاردانی ویژدانی مرۆڤایەتی و زاڵکردنی بەرژەوەندی لایەك بەسەر لایەکی دیکە و لایەنگیری لایەك و دژایەتیکردنی لایەکی دیکە، ئەوا بەداخەوە ئەم پێناسەیە ئەو کەسانە ناگرێتەوەو گرنگە بە دەنگی بەرز ئەو خەڵکە بە ئاگا بهێنرێنەوە کە ئەوەی نەتوانێت لە پرۆسەی بونیادی ویژدانی مرۆڤایەتی لە کۆمەڵگە بەشداری بکات ناشتوانێت ناسنامەی رۆشنبیری راستەقینە وەربگرێت.

جان پۆڵ سارتەر راشکاوانەتر لەسەر ئەم مەسەلەیە راشکاوانەتر بە هێڵێك رۆشنبیران جیادەکاتەوەو دەڵێت: ئەو زانایەی بۆمبێك دروستدەکات ئەوە رۆشنبیر نییە بەڵکو تەکنیککارە، بەڵام ئەوەی رێگە لە بەکارهێنانی ئەو بۆمبە دەگریت، ئەوە رۆشنبیری راستەقینەیە، کەواتە ئەم پێناسەیەی سارتەر بۆ رۆشنبیر تەواو لەگەڵ هەڵبژاردنەکەی ئیدوارد و پێناسەکەی جۆلیان بیندا یەکدەگرێتەوە، کە ئێمە بۆ لە ناونیشانی ئەم راپۆرتەدا رۆشنبیر بە راگری باڵانسی نێوان حزبە سیاسییەکان (بە حزبەکانی دەسەڵات و ئۆپۆزسیۆنەوە) دادەنێین بۆ ئەوەی بە رەخنە بونیادنەرەکانیان و بەهەستی بەرزی ئەخلاقیان بونیادنەری ویژدانی مرۆڤایەتی بن لە کۆمەڵگەی کوردستان و ئەو فەمانڕەواو پادشایە بن کە وەك دەسەڵاتێکی زیندوو چاودێری پارتە سیاسییەکان بکەن بۆ ئەوەی زەمینەی ئازادی و بونیادی دیموکراسی و خۆشگوزەرانی هاوڵاتیان رۆژ لە دوای رۆژ بەرەو پێشەوەتر هەنگاو هەڵبگرێت و کۆمەڵگەی ئێمەش وەك ئەو کۆمەڵگایانەی بەسەرکەوتوویی قۆناخی راگواستنیان تێپەڕاند بە هەمان شێوە لە جیهانی سێهەمەوە بۆ جیهانی یەکەم هەنگاو هەڵبگرن.

نەبوونی راگرتنی باڵانسی نێوان حزبە سیاسییەکان

ویژدانی مرۆڤایەتی لە کۆمەڵگە لەرزۆك کردووە لە کۆمەڵگەی دیموکراسیدا ململانێ و کێشمە کێشی سیاسیی لە نێوان باش و خراپدا نییە، بەڵکو لە نێوان باش و باشتردایە،دروستکردنی کولتووری دوورکەوتنەوە لە پۆلێنکردنی باش و خراپ و هەنگاو هەڵگرتن بۆ پۆلێنی باش و باشتر، ئەو ویژدانە مرۆڤایەتییە کە رۆشنبیران لە کۆمەڵگە دروستی دەکەن و کۆمەڵگەی دیموکراسی پێدەناسرێتەوە، هەر بۆیە لە هەر

> ئەوەی نەتوانێت لە پرۆسەی بونیادی ویژدانی مرۆڤایەتی لە کۆمەڵگە بەشداری بکات ناشتوانێت ناسنامەی رۆشنبیری راستەقینە وەربگرێت

> ئەو زانایەی بۆمبێک دروستدەکات ئەوە رۆشنبیر نییە بەڵکو تەکنیککارە، بەڵام ئەوەی رێگە لە بەکارهێنانی ئەو بۆمبە دەگریت، ئەوە رۆشنبیری راستەقینەیە



# رۆشنبیر و حزبە سیاسییەکان
# ـنە و رەخنە بونیادنەرەکانیانە

کۆمەڵگەیەکدا ئاستی هەڵسەنگاندنی هاوڵاتیان لەسەر بنەمای باش و خراپ، واتە ئەم حزبە باشە و ئەوی دیکە خراپە، ئەمە مانای وایە هێشتا لەو کۆمەڵگەیە ئەو دەستەبژێرە دروست نەبوون کە بە لێهاتوویی رادەبەدەریان و بەهەستی بەرزی ئەخلاقیان پێوەری ویژدانی مرۆڤایەتی لە کۆمەڵگە بونیاد بنێن و هاوڵاتیان بەو پێوەرە لە کۆمەڵگەی خۆیاندا هەڵسەنگاندنی باش و باشتر بکەن، سەیر لە کۆمەڵگەی ئێمە ئەوەیە پارتێکی سیاسیی کە دەچێتە دەسەڵات دەبینین رێژەیەکی زۆری خەڵکی کوردستان متمانەی خۆی پێداوە بەڵام بەداخەوە هەندێك لەوانەی خۆیان لە خانەی رۆشنبیر و رۆژنامەنووسی ئازاد و پرۆفیشناڵ پۆلێن دەکەن، دەسەڵاتەکە بە دەسەڵاتێکی خراپ و حزبەکانی دەسەڵات بە حزبی خراپ ناو دەبەن و دەبنە دەمراست و گوتارخوێنی حزبەکانی دەسەڵات، ئەم حاڵەتە لەگەڵ ئەوەی ئەگەر لە پێناوی گۆڕینی باش بێت بەرەو باشتر، بەداخەوە پیشاندانی خراپە بۆ گۆڕینی بە باش، ئەمە لە کاتێکدا لە کۆمەڵگەی دیموکراتی هەموو ئەو لایەنە سیاسیانەی دێنە ناو پرۆسە سیاسییەکە و بەشداری پرۆسەی سیاسیی دەکەن هەموویان باشن و کۆمەڵێك خەڵك دەنگیان پێداوە، کەواتە هەڵبژاردن و بڕیاردانی دەنگدەریش لەسەر سندوقەکانی دەنگدان، بڕیاردانە لە نێوان باش و باشتردا بەپێی لێکدانەوەو هەڵسەنگاندنی دەنگدەر نەك هەڵبژاردن بێت لە نێوان باش و خراپدا، هەر بۆنموونە ئەگەر دەنگدەر مافی ئەوەی هەبێت لە هەڵبژاردندا دەنگ بۆ دوو قەوارەی سیاسیی یان دوولایەن بدات، ئەوە دەبینین جیاوازی نێوان ئەو دوولایەنەی کە دەنگدەر هەڵیدەبژێرێت و دەنگی لەسەردەدات لە پۆلێنی یەکەم و دووەمی ئەو بڕیارە دەردەکەوێت کە دەنگدەر بڕیاری لەسەر دەدات و حەتمەن یەکەمیان لە دووەمیان بە باشتر دەزانێت بڕیارەکەی لە نێوان باش و باشتردا یەکلاییدەکاتەوە، ئەمەیە فێرمان دەکات رۆشنبیر مافی خۆیەتی لەسەر سندوقی دەنگدان لایەنی( ا) لەلایەنی (ب) بە باشتر بزانێت و دەنگی خۆی پێبدات، بەڵام ئەوە ئەرکی رۆشنبیر نییە (ا) بە خراپ دابنێت و (ب) بە باش، ئێمە کە هەڵبژاردن و پێوەرەکانمان بۆ هەڵسەنگاندنەکانمان بووە باش و خراپ، ئەوە مانای ئەوەیە خراپ دەبێت دژایەتی بکەین و باش بکەین بە دیکتاتۆر، بەڵام ئەگەر بڕیاردان و پێوەرەکانمان بووە هەڵبژاردن یان بڕیاردان لە نێوان باش و باشتردا، ئەوە بواری ئەوە دەمێنێتەوە باشەکەش چاو بە خۆیدا بخشێنێتەوە و هەوڵ بۆ دروستکردنی بەدیلی باشتر بدات، ئەمەش گەوهەری پرۆسەی مامەڵە و پەیوەندی نێوان حزبەکانی دەسەڵات و ئۆپۆزسیۆنە لە پرۆسەی دیموکراتی و دەستاو دەستکردنی دەسەڵاتدا، پرسیار لێرەدا ئەوەیە، ئایا لەم پرۆسە گرنگەدا پێگەی رۆشنبیر لە کوێدا دەبێت؟ وەڵامی دروست بۆ ئەم پرسیارە دەگەڕێتەوە بۆ ئەو پێناسەیەی سارتەر کە بۆ رۆشنبیری کردووە و دەڵێت: رۆشنبر ئەو کەسە نییە کە دەبێتە هاوکار بۆ پیادەکردنی دەسەڵاتی خراپ، بەڵکو رۆشنبیر ئەو کەسەیە کە رێگری دەکات و رەخنەی بونیادنەرانە بونیادەنێت و گومانەکان لای خەڵك دەوروژێنێت بۆ ئەوەی رێگە لە پیادەکردنی دەسەڵاتی خراپ بگرێت، ئەم حاڵەتە رۆشنبیر وەك دەسەڵاتێکی سەربەخۆ بەڵام چاودێرو خاوەن جەماوەر لە ناو پرۆسە سیاسییەکە دەکاتە پادشاو فەرمانڕەواو بەڵام لە دەرەوەی حزبەکانی دەسەڵات و ئۆپۆزسیۆن چاودێری گەمەی نێوان دەسەڵات و ئۆپۆزسیۆن دەکات.

لە کۆمەڵگە دیموکراتییە تازە پێگەیشتووەکاندا، کە زۆر جار بە شێوەیەکی ئینتقائیانە یاسا پیادەدەکرێت، یان زەمینەیەکی یاسایی دەرەخسێنرێت بۆ تێپەڕاندنی ئامانجێکی سیاسی، چاودێریکردنی حزبەکانی ئۆپۆزسیۆن لە چاودێریکردنی حزبەکانی دەسەڵات گرنگترە، هەربۆ نموونە ئێستا زۆر جار کەسەیری نووسین و وتار و راپۆرتەکانی ناو میدیاکانی کوردستان دەکەین، دەبینین بە جۆرێك لە بۆشاییەکانی یاسای رۆژنامەنووسی کوردستان زمانی زبر و رەخنەی نادروست تێدەپەڕێنن، کەنابێت ئیتکی رۆژنامەگەری بواری پێبدات، لە کاتێکدا رۆژنامەنووسەکە زۆر باش دەزانێت ئەم کارە ئیتکی رۆژنامەنووسی بواری پێنادات، بەڵام لەبەر ئەوەی راوێژکارێکی یاسایی وەك فەرمانبەر لەلای خۆی دامەزراندووە، لەناو کەلێن و بۆشاییەکانی ئەو

**رۆشنبیر مافی خۆیەتی لەسەر سندوقی دەنگدان لایەنی( ا) لەلایەنی (ب) بە باشتر بزانێت و دەنگی خۆی پێبدات، بەڵام ئەوە ئەرکی رۆشنبیر نییە (ا) بە خراپ دابنێت و (ب) بە باش، ئێمە کە هەڵبژاردن و پێوەرەکانمان بۆ هەڵسەنگاندنەکانمان بووە باش و خراپ، ئەوە مانای ئەوەیە خراپ دەبێت دژایەتی بکەین و باش بکەین بە دیکتاتۆر**

**چاودێریکردنی حزبەکانی ئۆپۆزسیۆن لە چاودێریکردنی حزبەکانی دەسەڵات گرنگترە**

## کریستیا میرسیر بۆ گوڵان:

# من یەکێک بووم لەوانەی کارم بۆ سەرکەوتنی ئۆباما کرد، بەڵام ئێستا ڕەخنە و گومان لەسەر سیاسەتەکانی دەوروژێنم

**پرۆفیسۆر کریستیا میرسیر ئوستادی فەلسەفەیە لە زانکۆی کۆلۆمبیا و پسپۆر وتایبەتمەندە لەسەر رۆشنگەرانی سەردەمی رێنیسانسی ئەوروپا لەسەدەی شانزەهەم و رۆڵی ئەو رۆشنبیرانە لە گۆڕانکارییە گەورەکانی ئەورپادا، بۆ قسەکردن لەسەر رۆڵی رۆشنبیر لە کۆمەڵگە و دینامکیەتی پەیوەندی نێوان رۆشنبیر و دەسەڵات خاتوو کریستیا بەمجۆرە رای خۆی بۆ گوڵان دەربڕی.**

**باشترین و گونجاوترین ڕێگە بۆ پەرەپێدانی دیموکراسی بریتییە لە ڕەخساندنی دادپەروەری ئابووری**

*** زۆر جار رۆشنبیران دەبنە پردی پێکەوە بەستنەوەی رابردوو و ئێستا و ئایندە، ئەمە ئەرکێکی قورسە، بەڵام گەوهەری کاری رۆشنبیریشە، ئایا هەموو رۆشنبیران بەم ئەرکە هەڵدەستن؟**

- دەتوانین بەو شێوەیە ئاماژە بە ڕۆڵی ڕۆشنبیر بکەین کە هەڵدەستێت بە گواستنەوەی مەعریفە لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی دیکە، هەروەها ڕۆشنبیر گفتوگۆ لە بارەی دوایین پرس و ڕووداوەکانەوە دەکات، بەڵام من پێم وایە گرنگترین ئەرك و ڕۆڵی ڕۆشنبیر ئەوەیە بتوانێت ڕەخنەگربێت و پرسیار و گومان لای خەڵك بوروژێنێت.

*** تۆ باسێکی گرنگت ئاماژە پێکرد ئەویش ئەوەیە کە دەبێت رۆشنبیر رەخنەگر بێت و پرسیار و گومان لای خەڵك بوروژێنرێت، ئەمە لە رۆژئاوا بۆ ئەوەیە کە دەسەڵات هەڵە نەکات و بەردەوام چاودێری بەسەرەوە هەبێت، بەڵام لە رۆژهەڵات ئەم رۆڵە واتە دژایەتیکردنی دەسەڵات، ئایا چۆن ئەم رۆڵە لە دژایەتییەوە بگۆڕێن بۆ چاودێری بەسەر دەسەڵاتەوە؟**

- من ناڵێم دژی دەسەڵات، بەڵکو دەبێت هەمیشە بە چاوی گومان و پرسیارەوە لە کار و بڕیارەکانی حکومەت بڕوانن، واتە نابێت هەرچی حکومەت دەیڵێت بە ڕاست لە قەڵەم بدرێت تەنها لەبەر ئەوەی دەسەڵات ڕایگەیاندووە، واتە دەبێت گفتوگۆ و مشت و مڕ و پرسیار و گومان لەو بڕیارانە بکرێت، بە دەربڕینێکی دیکە دەبێت شیکردنەوەیەکی ڕەخنەگرانەیان بۆ بکرێت، بۆ نموونە من لە هۆڵی وانە وتنەوەدا و لە کاتی وتنەوەی موحازەرەدا دەسەڵاتم هەیە، لەبەر ئەوەی دەبێت قوتابییەکان لەمنەوە فێربن، بەڵام ئەمە ڕێگای پرسیارکردن و گفتوگۆکردن لە قوتابییەکان ناگرێت.

*** ئایا ئەگەر حکومەتێك کار بۆ بنیاتنانی دیموکراسی و هێنانەدی ئازادییەکان بکات مەرجە ڕۆشنبیر دژی بووەستێتەوە؟**

- من پێم وایە دەبێت هەمیشە ڕۆشنبیران دژی ئەو دیاردە و دەرکەوتانە بوەستنەوە کە پێیان وایە دیاردە و دەرکەوتەیەکی ناعادیلانەن، بەڵام ئەوەی پەیوەست بێت بە دەسەڵاتەوە، ئەوا تەنانەت لە قۆناغی پەرەپێدان و پێشخستنی دیموکراسیشدا دەبێت ڕۆشنبیران پرسیار و گومان بکەن لە بارەی ئەوەی چۆن گەشە بەو دیموکراسییە دەدرێت. لێرەدا من دەمەوێت ئاماژە بە نموونە و ئەزموونێکی خۆم بکەم، من لە هەڵمەتی هەڵبژاردنە سەرۆکایەتییەکەی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکادا کار و کۆششی جیددیم کرد بۆ سەرخستنی هەڵمەتەکەی ئۆباما، بەڵام ئێستا کە لە سەرۆکایەتیدایە ئەوا پێم وایە شتێکی گونجاوە کە هەموومان پرسیار و گومان لە سیاسەت و بڕیارەکانی بکەین.

*** تا ئێستا ڕۆشنبیرانی ئێمە نەیانتوانیوە خەڵك لە جیاوازی نێوان دیموکراسی وەك دیاردەیەکی فەلسەفی و وەك واقیعێکی دامەزراوەیی ئاگادار بکەنەوە، لەبەر ئەوەی لە دیموکراسی دامەزراوەیی بریتییە لە دیموکراسییەکی لیبراڵی، ئەمەش بە مانای مافە تاکەکەسییەکان و موڵکدارێتی و سەروەری یاسا ئابووری بازاڕ، پرسیارەکە ئەوەیە چۆن ئەم کەلتورە بنیات بنێین و ئەم کەلتورەش ببێتە بەشێك لە کۆمەڵگە؟**

- من قەناعەتی تەواوم بەو لێکدانەویە هەیە کە دەڵێت باشترین و گونجاوترین ڕێگە بۆ پەرەپێدانی دیموکراسی بریتییە لە ڕەخساندنی دادپەروەری ئابووری، واتە ئەگەر چینێکی ناوەندی تەندروستت هەبێت کە دەرفەتی پەروەردەییان بۆ بڕەخسێت ئەوا ئەمە هەلومەرجێکی ئیجابی و گونجاو دەڕەخسێنێت بۆ پەرەپێدان و پتەوکردنی دیموکراسی. ئیدارەی جۆرج بۆش ئاراستەیەکی تەواو پێچەوانەی گرتەبەر بۆ گەشەپێدانی دیموکراسی و پەنای بۆ بەکارهێنانی ئامرازی سەربازی برد. لە کاتێکدا دەبێت



جەخت لەسەر باشـــتركردنی هەلومەرجە ئابوورییەكە بكرێتەوە.

*** چۆن بتوانین وا لە ڕۆشنبیران بكەین ببنە ئەو دۆستەی ئەم ڕەخنەیە بگرن؟**

- لە ڕاســتیدا مێژوو پــڕە لە نمونەی ئەو ڕۆشـــنبیرانەی كە فاشیست بوونە، یاخود دیكتاتــۆر و تاكڕەوێكی توندڕەو بوونــە، بــۆ نموونە چەندین ڕۆشـــنبیر لە نــاو نازییەكانـــی ئەڵمانیاندا بوونیان هەبــوو، كە خەڵكانێك بوون ئاســتێكی بــەرزی خوێنــدەواری و پــەروەردە و مەعەریفەیان هەبوو. من پێم وایە دەبێت كار بۆ پەرەپێــدان و قوڵكردنەوەی بەها و بنەماكانی دیموكراســی و لێبوردەی و یەكسانی بكرێت، هەروەها جێی داخە كە لە زۆرێك لــە وڵاتاندا دەرفەت و بواری پێویست بە ئافرەتان نادرێت بۆ ئەوەی لە بواری پەروەردەییــدا پەرە بە خۆیان بدەن تاوەكو هۆشیاری ئەوەیان لادروستبێت كە پرسیار و گومان بكەن لەو شێوە دەسەڵات و كەلتورەی بونەتە كۆسپ و ئاستەنگ لەبەردەم گەشەكردنیدا.

*** زۆرێك لە ڕۆشـــنیران وەك شـــارەزا و ڕاوێژكار لەگەڵ دەســـەڵات و حكومەت و بەرپرســـاندا كاردەكــەن، پریســـیارەكە ئەوەیە ئایا دەتوان یارمەتیدەر و هاوكاری دەسەڵات بن و پاڵپشتیان بكەن بۆ ئەوەی ئاڕاستەی ڕاست و دروست بگرنەبەر؟**

- هەروەك پێشتر ئاماژەم پێكرد زۆرێك لە ڕۆشنبیران یارمەتی هیتلەریاندا، بەڵام لە هەمان كاتدا ڕۆشنبیران دەتوانن ڕۆڵیان هەبێت لــە پەرەپێــدان و قوڵكردنەوەی دیموكراسی و یەكســانی و لێبوردەییدا. ئەمەش بەوە دەكرێت هەمیشە ڕۆشنبیران بە چاوی ڕەخنە و گومانەوە لەو كەس و لایەن و دەسەڵاتانە بڕوانن كە بانگەشەی ئەوەدەكەن هەمو ڕاســتیەك لای ئەوانە. واتە پێویســتە لەم ڕووەوە شــیكردنەوە و گفتوگۆ و مشت و مڕی پێویست بكەن بۆ ئاشــكراكردن و خستنەڕووی ڕاست و دروستی ئەو بانگەشانە.

*** ئایا ڕۆشـــنبیران دەتوانن دەسەڵات و حكومەت بە ئاڕاستەیەكی هەڵەدا ببەن، واتــە ئایا دەتوانن ڕۆڵێكــی زیانبەخش ببینن؟**

- بە دڵنیاییەوە زۆرێك لە ڕۆشنبیرەكانی دەوروبەری هیتلەریارمەتیاندا لە پاساوپێدان و شــەرعیەتپێدانی ئەو بیروباوەڕەی كە پێی وابــوو ئەڵمانییــەكان ڕەگەزێكی باڵان و دەبێت باڵادەســت بــن، هەروەها یارمەتیاندا لە پاساوهێنانەوە بۆ پەرەپێدان و قوڵكردنەوەی هەســتی ڕقلێبونەوە لە جولەكــە، لەم گۆشــەنیگایەوە دەتوانین بڵێین ڕۆشنبیران كاری مەترسیداریان لە دەست دێت ئەگەر بیانەوێت.

*** چۆن بتوانیــن زەمینەیەكی گونجاو بۆ ڕۆشنبیران ســـاز بكەین لە وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بۆ ئەوەی بتوانن ڕۆڵی باش لــە كۆمەڵگەكانیاندا ببینن و هەنگاو بەرەو بنیاتنانی دیموكراســـی بنێن؟**

- بە ڕای من باشترین بوارێك كە دەبێت لە سەرەتاوە كاری لەسەربكرێت بایەخدانە بە پەرەپێــدان و پێشخســـتنی پەروەردە، دەبێت لــەم ڕووەوە كار بــۆ قوڵكردنەوە و پێشخســـتنی ئەو بەهــا و بنەمایانە بكرێت كە دەبنەهۆی هێنانەدی گیانی لێبوردەیــی و قبوڵكردنی جیاوازییەكان، بەم شێوەیە دەكرێت ئەو مرۆڤانە پەروەردە و ئامادەبكرێن كە بە ئاسانی دیموكراسی قبوڵ دەكەن و بە گیانێكی لێبوردەییەوە مامەڵە لەگەڵ یەكدا دەكەن.

*** دوا وتەت چییە؟**

- من هانی هەموو كەسێك دەدەم بۆ ئەوەی هەمــو هەوڵ و توانای خۆی بخاتەگەڕ بۆ وروژاندنی پرســیار و گومان لەئاست دەســەڵاتدا، لەگەڵ تەرخانكردنی كات و كۆششی پێویســت بۆ ئەوەی پەرە بە ڕۆشــنبیری خۆیان بدەن و هاوكاری ئەو كەسانەش بكەن كە ئامادەی ئاڵوگۆڕی مەعریفی و ڕۆشـــنبیرین، بەم شـــێوەیە كەلتورێك دروست دەبێت كە پتر زەمینەی قبوڵكردنی بیروبـــاوەڕی جیاوازی تێدا دێتەدی.

**ڕۆشنبیران دەتوانن ڕۆڵیان هەبێت لە پەرەپێدان و قوڵكردنەوەی دیموكراسی و یەكسانی و لێبوردەییدا**

**ئیڤان سیزلینی بۆ گوڵان:**

# دەبێت هەمیشە ڕۆشنبیر بیرکردنەوە و هەڵوێستی ڕەخنەگرانەی هەبێت کەموکوڕتی هەر پرۆژە و کارێک بخاتەڕوو زەقیان بکاتەوە

**پرۆفیسۆر ئیڤان سیزلینی ئوستادی سیسۆلۆژییە و زانستی سیاسەتە لە زانکۆی یەڵ(Yale)لە ساڵی ٢٠٠٦ لەسەر لێکۆڵینەوە نایەبەکانی لەلایەن سەرۆکی هەنگاریاوە خەڵاتکراوە و لە ساڵی ٢٠٠٢ وەك باشترین پرۆفیسۆر لە زانکۆی سێنتراڵ یۆرپ هەڵبژێراوە، پرۆفیسۆر سیزلینی تۆژەر و پسپۆرە لەسەر بواری سیسیۆلۆژی و سیاسیی دەوڵەتانی ناوەراست و ڕۆژهەڵاتی ئەوروپا، بۆ قسەکردن لەسەر ڕۆڵی ڕۆشنبیران لە کۆمەڵگەکانی قۆناخی گواستنەوە و دەسپێکی بونیادی دیموکراتی پرۆفیسۆر سیزلینی بەمجۆرە بۆ گوڵان هاتە ئاخاوتن.**

*** ئایا بە شێوەیەکی گشتی ڕۆڵی ڕۆشنبیران چۆن هەڵدەسەنگێنیت لە کۆمەڵگە تازە گەشەکردووەکاندا بە تایبەتی کاریگەری لەسەر کۆمەڵگە و دەسەڵات ؟**

- لە ڕاستیدا وشەی ڕۆشنبیر کەمتر لە زمانی ئینگلیزیدا بەکاردەهێنرێت و ئەم دەستەواژەیە زیاتر لە زمانی فەڕەنسی و ئەڵمانی ڕوسیدا بەکاردەهێنرێت، لە ئینگلیزیدا زیاتر دەستەواژەی پیشەگەرمان بەرچاو دەکەوێت، ئەویش ئەو کەسانەن کە دەتوانن بە شێوەیەکی پیشەگەرانە ئەرك و کارەکانی خۆیان ئەدا بکەن. زۆرجار لە وڵاتە یەککگرتوەکانی ئەمەریکادا دەستەواژەی ڕۆشنبیری گشتی بەکار دەهێنرێت، مەبەست لەم دەستەواژەیەش ئەو کەسانەن کە لە ڕێی زمانێکی پاراو و سادەوە هەڵدەستن بە دارشتن و دروستکردنی ڕای گشتی ئەویش بەهۆی کاریگەری نووسین و لێدوانەکانیانەوە، بە تایبەتی لە ڕێی خستنەگەڕی دەزگاکانی ڕاگەیاندنەوە بۆ ئەم ئامانجە. ئەمە لە کاتێکدا چەمکی ڕۆشنبیر پتر بەو شێوەیە بەکار دەهێنرێت کە مەبەست لێی ئەو کەسانەیە کە دەتوانن کۆمەڵگە بە ئاراستەیەکی ڕاست و دروستدا ببەن، یاخود ئەو لێکدانەوەیە لە ئارادایە کە چینی ڕۆشنبیران تێگەیشتنێکی باڵایان هەیە بۆ پێداویستی و خواستەکانی کۆمەڵگە، بە چەشنێك ئەم توانایە لای خەڵکی ئاسایی بەدی ناکرێت، واتە ڕۆشنبیران دەتوانن تێڕوانینێکی ڕاست و دروستیان هەبێت و ئامانج و ئاراستەی کۆمەڵگەکە دیاری و دەستنیشان بکەن. بۆ نموونە لە سەدەی هەژدەدا لە ڕوسیا بەو شێوەیە لە ڕۆشنبیر دەڕوانرا کە دەتوانێت پێشەنگی و ڕیبەری کۆمەڵگە بکات بەرەو ئایندەیەکی باشتر. ئەمە لە کاتێکدا لە دیموکراسیەتی لیبراڵیدا تێڕوانینەکە ئەو لێکدانەوەیە لە ئارادایە کە ئامانجەکان بەهۆی پرۆسەی سیاسییەوە دیاری دەکرێن و دواتر کەس و چینە پیشەگەرەکان دەخرێنە گەڕ بۆ ئەوەی باشترین و کاراترین و گونجاوترین ڕێگا و شێواز پیادە بکەن بۆ هێنانەدی ئەم ئامانجانە. من شارەزاییەکی زۆرم لەسەر ئاینی ئیسلام نییە، بەڵام پێم وایە لەجیهانی ئیسلامیشدا ئەو لێکدانەوە و تێڕوانینە بۆ ڕۆشنبیر هەیە کە تێگەیشتێنکی قووڵتر و باشتریان هەیە بۆ هەلومەرج و پێداویستی قۆناغەکە، بە تایبەتی لە جیهانی ئیسلامیدا چینی پیاوانی ئاینی هەن و ڕۆڵ و کاریگەریان هەیە لەسەر دیاری کردنی ئاراستە و ئامانجی کۆمەڵگەکە. واتە بە گشتی لە جیهانی ئیسلامیدا ڕۆشنبیران بەرپرسیارێتیەکی گشتیان هەیە لە دیارکردنی ئەو ئامانجانەی پێویستە کۆمەڵگە کار بۆ هێنانەدیان بکات. ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ وڵاتە یەککگرتووەکانی ئەمەریکا ئەوا دەتوانین بڵێین ئەوەی لە ئەمەریکادا پێی دەوترێت ڕۆشنبیری گشتی چینێکن لە نێوان ڕۆشنبیر و پیشەگەردان، واتە لە لایەك بەشێك لە تێگەیشتن و تێڕوانینی ڕۆشنبیریان هەیە و لە لایەکی دیکەوە وەك کەسێکی پیشەگەر کاردەکەن و هەوڵدەدەن کاریگەربن لەسەر دروستبوون و گەڵاڵەبوونی ڕای گشتی لەسەر پرس و مەسەلە جیاوازەکان. کەواتە بەم شێوەیە دەتوانین بڵێین بە پێی گۆڕانی سیاق و هەل و مەرجەکە ئەوا ئەرکی کۆمەڵایەتی مێژوی جیاواز دەخرێتە ئەستۆی ڕۆشنبیر.

*** هەمیشە کە باس لە ڕۆشنبیر و دەسەڵات دەکرێت ئەو وێنەیە دێتە بەرچاو کە بەردەوام ڕۆشنبیر دژی دەسەڵاتە، واتە هەمیشە لە ئەدەبیاتی سیاسی وڵاتە تازەگەشەکردووەکاندا هەموو کات حکومەت هەڵوێستێکی**



**سـلبی هەبووە، لێرەدا پرسیارەکە ئەوەیە ئایا دەبێت لە هەموو کاتێکدا ڕۆشنبیران دژی دەسەڵات بن؟ ئێمە دەزانین ڕۆڵی ڕۆشـنبیران بە پێی هـەل و مەرجەکە دەگۆڕێـت، ڕەنگە هـۆکاری ئەمەش ئەوەبێـت لەبـەر ئەوەی لـە وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاسـتدا، واتە لە وڵاتە عەرەبی و ئیسـلامییەکاندا، هەمیشە دەسـەڵاتێکی دیکتاتۆری و شمولی و تاکڕەو حوکمیان کردووە، ئەوا ڕۆشنبیران دژی دەسەڵات وەستاونەتەوە و شەڕیان بۆ ئازادی و دیموکراسی کردووە، پرسیارەکە ئەوەیە ئایا ئەگـەر حکومەتێك کار بۆ بنیاتنانـی دیموکراسـی و هێنانەدی ئازادییـەکان بکات مەرجە ڕۆشـنبیر دژی بووەستێتەوە؟**

- ئێـوە خاڵێکی باشـتان وروژاند، لە تێگەیشـتن و لێکدانـەوەی ڕوسـی و ئەڵمانیـدا بۆ ڕۆشـنیر، ڕۆشـنبیر کەسـێکی ڕەخنەگرە، یاخود کەسێکە بیرکردنـەوەی ڕەخنەگرانـەی هەیە، مەبەستم لە بیرکردنەوەی ڕەخنانە ئەوەیە هەڵدەستێت بە خستنەڕو و پێشکەکردنی ئامانجی بەدیل بۆ ئەو ئامانجانەی لە لایەن دەسەڵاتی سیاسی دانراون. ئەوەی جێی سـەرنجە و دەبێت زیاتر لەسەری هەڵوێسـتە بکەین ئـەو هەلومەرجەیە کاتێك ڕۆشـنبیر پۆسـتی، یـان پلە و پایـەی دەسـەڵات و حکومڕانێتی دەگرێتە ئەستۆ، بە تایبەتی لە سیستمە تیوکراتییەکاندا (ئەو سیستمەی پیاوانی ئاینـی خـاوەن دەسـەڵات و بڕیار و حکومڕانێتین)، لێرەدا دەتوانین ئاماژە بە وڵاتی ئێران بکەین، ئێمە دەزانین ئایەتوڵا خومەینی کەسـێك بوو بیرکردنەوەیەکی ڕەخنەگرانـەی هەبوو، ئەو تیورزانێکی ڕەخنەگر بوو، واتە پێناسەی ڕۆشنبیری بەسەردا جێبەجێ دەبوو، ڕەخنەکانیشی ئاڕاستەی حکومڕانێتی شا دەکرد، بەڵام دوای ڕوخان و کەوتنی شـا خومەینی دەسەڵاتی گرتەدەست، واتە ڕۆشنبیرێك لە دەسەڵاتدا، من پێم وایە ئەمە نەبووە هۆی ئەوەی سـیفەتی ڕۆشنبیری لێ دابماڵێت، بەڵام ئەو ڕۆشنبیرێك بوو لە پایە و پێگەی دەسەڵات و حکومڕانێتیدا. واتە ئەمە مەسەلەی ئەوەیە ئایا دەبێت ڕۆشـنبیران لە دەسـەڵات نزیك ببنەوە یان نا؟، بـۆ نموونە لـە حەفتاکان و هەشـتاکاندا حاڵەتـی نزیکبوونەوەی ڕۆشـنبیرانمان لە دەسەڵات لە وڵاتی یەکێتی سـۆڤیەت بەدی کـرد، بەڵام ئایا لە کاتی گەیشـتنی ڕۆشنبیر بە دەسـەڵات ناکۆکی لە نێوان ئەرکەکانی ئەودا ڕوونادات، لە لایەك وەك کەسـێك کە سەرقاڵی تیوریزەکردن و بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانەیە و لەلایەکی دیکەشـەوە وەك کەسێکی سیاسـی هەڵدەسوڕێت، ئەمە ئەو مشـت و مـڕ و گفتوگۆیە دەوروژێنێـت کە ئایا پێویسـت دەکات ڕۆشنبیر هەوڵی بەدەستهێنانی دەسەڵات بدات و لە ڕووی سیاسییەوە چالاك بێت بۆ ئەوەی لەم ڕێیـەوە بتوانێت کار بۆ جێبەجێکردن و هێنانەدی ئامانجەکانی بکات؟، یاخود تەنها دەبێت ڕۆڵی لەوەدا کورت بێتەوە هەڵبستێت بە ئاڕاستەکردنی ڕەخنەکانی لە دەسەڵات و کار بۆ دیاری کردنی ئامانجی بەدیل و باشتر بکات، ئەمە پێویستی بە هەڵوێستەلەسەرکردن و بیرکردنەوە و تێڕامانی زیاترە.

*** تا ئێستا ڕۆشنبیرانی ئێمە نەیانتوانیوە خەڵك لە جیاوازی نێوان دیموکراسی وەك دیاردەیەکی فەلسەفی و وەك واقیعێکی دامەزراوەیی ئـاگادار بکەنەوە، لەبەر ئەوەی لـە دیموکراسـی دامەزراویی بریتییە لە دیموکراسـییەکی لیبراڵی، ئەمەش بە مانای مافە تاکەکەسییەکان و موڵکدارێتـی و سـەروەری یاسـا ئابووری بازاڕ، پرسیارەکە ئەوەیە چۆن ئەم کەلتورە بنیات بنێین و ئەم کەلتورەش ببێتە بەشێك لە کۆمەڵگە؟**

- هەروەك پێشـتر ئاماژەم پێکرد ڕەنگە

لە دیموکراسیەتی لیبراڵیدا مەرج نەبێت ئەرکی ڕۆشنبیر بریتی بێت لە خستنەڕو پێشکەشکردنی چارەسەر، واتە لە دیموکراسیەتی لیبراڵیدا کە جەخت لەسەر ئابووری بازاڕ و چەند چەمك و بەهایەکی دیکە دەکاتەوە، ڕۆڵی ڕۆشنبیر کورت دەکرێتەوە و ڕۆشنبیر ئەو کەسە دەبێت کە کارێکی پیشەگەرانە دەکات، واتە وەك کەسێکی تەکنیککار ئەرکی خۆی ئەدا ئەکات، ئەمە لە کاتێکدا ئەوەی وەك ئەرکی ڕۆشنبیر ئاماژەی بۆ دەکرێت بریتییە لە بیرکردنەوە و هەڵوێستە ڕەخنەگر و بەرهەڵستکارەکانی، بۆ نموونە ئەگەر هەڵەنبم سارتەر دەڵێت ئەگەر زانایەك هەڵبستێت بە دروستکردنی بۆمبێکی، ئەوا کەسێکی پیشەگەر و تەنکیککارە، بەڵام ئەگەر بەرهەڵستی ئەوە بکات بە شێوەیەکی دیاریکراو بەکاربهێنرێت ئەوا دەبێتە کەسێکی ڕۆشنبیر. دواتر یەکێکی دیکە لە مەسەلەکان ئەوەیە لە دوای ڕوخان و هەرەسهێنانی بلۆکی سۆشیالیستی و یەکێتی سۆڤیەتەوە، ئەوا کار و ئەرکی تیوریزەکردنی ڕەخنەگرانەش بەرەو داکشان و پاشەکشە چوو، لەبەر ئەوەی ئەو تێڕوانین و لێکدانەوەیە هاتە ئاراوە کە ئەرکی تیوریزەکردن و بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە لە سایەی دەسەڵاتێکی شمولی و سەرکوتکاردا پاساوی هەیە و لەبەر ئەوەی ئێستا دیموکراسییەت لە ئارادایە ڕەنگە چیتر پێویست بە ئەداکردنی ئەم ئەرکە نەکات. ئەمەش کێشەیەك و چارەسەرکردنی زەحمەتە.

*** ڕۆشنبیران ئەو دۆستەن کە ڕەخنە لە دەسەڵات و پارتە سیاسییەکان دەگرن بۆ ئەوەی خۆیان ڕاستبکەنەوە لە بری ئەوەی هەڵەی گەورەتر وەربگرن، پرسیارەکە ئەوەیە چۆن بتوانین وا لە ڕۆشنبیران بکەین ببنە ئەو دۆستەی ئەم ڕەخنەیە بگرن؟**

- ڕەنگە باشتر بێت پرسیارەکە بەم شێوەیە دابڕێژینەوە، ئایا دەبێت ڕۆشنبیران لەبەردەم کێدا بەرپرسیاربن؟ مەبەستم ئەوەیە ئایا ڕۆشنبیران ڕازی دەبن ببنە ڕاوێژکارێکی تەکنوکرات بۆ پارتە سیاسییەکان، یاخود بۆ ئەو کەسانەی لە دەسەڵاتدان، کە لەم کاتەدا ڕۆڵیان سنورداردەبێت و ناتوانن تیکڕای ڕەخنە و بیرکردنەوەکانی خۆیان ئاڕاستەی دەسەڵات و پارتە سیاسییەکان بکەن.



لەبەر ئەوەی هەندێ کەس پێیان وایە تەنانەت لە دیموکراسیشدا نابێت ڕۆشنبیری ڕاستەقینە کار لەگەڵ پارتە سیاسییەکان و دەسەڵاتدا بکات، بۆ ئەوەی بوارێك بهێڵێتەوە تاوەکو بتوانێت کار و ئەرکی خۆی لە بوار بیرکردنەوە و هەڵوێستی ڕەخنەگرانەدا ئەدا بکات. لەوەش زیاتر باس لەوە دەکرێت دەبێت ڕۆشنبیر لە کاتی خستنەڕووی پرۆژە و پێشنیارەکانیدا بۆ هێنانەدی کۆمەڵگەیەکی باشتردا، یاخود ئەگەر لە کاتی جێبەجێکردنی ئەو پرۆژە و پێشنیارانەدا کاریگەری خراپ و ئاسەواری سلبی لێکەوتەوە، دەبێت خودی ڕۆشنبیرەکە خۆی هەڵبستێت بە بەرهەڵستی کردن و ڕەخنەلێگرتنی ئەگەرچی پێشتریش پشتیوانی لە جێبەجێکردنی کردووە. بۆ نموونە لێرەدا دەتوانین ئاماژە بە دوو حاڵەت بکەین، یەکەمیان ئەو ڕۆشنبیرانەی پاڵپشتیان لە ئابووری سەرمایەداری دەکرد، کاتێك دەرئەنجامەکانی ئەم ئابوورییان لە وڵاتانی هەنگاریا، پۆڵەندە و چیکدا بەدی کرد کە زۆرێك لە نادادپەروەری

**ڕۆشنبیران دەتوانن تێڕوانینێکی ڕاست و دروستیان هەبێت و ئامانج و ئاراستەی کۆمەڵگەکە دیاری و دەستنیشان بکەن**

**دەبێت هەمیشە ڕۆشنبیر بیرکردنەوە و هەڵوێستی ڕەخنەگرانەی هەبێت و هەمیشە کەم و کوڕی و لایەنە سلبی و خراپەکانی هەر پرۆژە و کارێک بخاتەڕو و زەقیان بکاتەوە**


و هەژاری لێکەوتۆتەوە دەبوو لە ئاستی بەرپرسیارێتیدا بن، بە هەمان شێوە حاڵەتی دووەم ئەو ڕۆشنبیرانەی پێشتر پشتیوانیان لە کۆمۆنیزم دەکرد، ئێستا لە سایەی دیموکراسیدا ئەرکی خۆیان ئەدا ئەکەن، مەبەستم ئەوەیە دەبێت هەمیشە ڕۆشنبیر بیرکردنەوە و هەڵوێستی ڕەخنەگرانەی هەبێت و هەمیشە کەم و کوڕی و لایەنە سلبی و خراپەکانی هەر پرۆژە و کارێك بخاتەڕو و زەقیان بکاتەوە.

*** زۆرێك لە ڕۆشنبیران وەك شارەزا و ڕاوێژكار لەگەڵ دەسەڵات و حكومەت و بەرپرساندا كاردەكەن، پرسیارەكە ئەوەیە ئایا دەتوان یارمەتیدەر و هاوكاری دەسەڵات بن و پاڵپشتیان بکەن بۆ ئەوەی ئاڕاستەی ڕاست و دروست بگرنەبەر؟**

- ئەمە دۆخێکی دژوارە، بۆ نمونە هەمیشە دەسەڵاتدار و بەرپرسەکان هەوڵی ئەوە دەدەن سوود لە ڕاوێژ و شارەزای ڕۆشنبیران وەربگرن، هەروەها هەمیشە دەسەڵاتداران کار بۆ ئەوە دەکەن کە هەڵوێستی ڕۆشنبیران بۆ لای خۆیان ڕابکێشن، ئەویش لە پێناو هێنانەوەی پاساو بۆ کار و بڕیارەکانیان، یاخود بۆ شەرعیەتدان بە هەڵوێست و بڕیارەکانیان، بۆ نموونە لە وڵاتە یەکگرتوەکانی ئەمەریکاشدا، هەندێ جار پاڵێوراوە سەرۆکایەتییەکان بۆ شەرعیەتدان و بەرگری کردن لە ئەجێندای ئابووری خۆیان پەنا بۆ بەدەستهێنانی پاڵپشتی ئەو کەسە دەبەن کە خاوەنی خەڵاتی نۆبڵە لە بواری ئابووریدا. لێرەدا من دەمەوێت ئاماژە بۆ ئەوە بکەم هەر کاتێك ڕۆشنبیر پۆستی ڕاوێژکاری وەرگرت دەبێت موساوەمە بکات، واتە دەبێت نهێنی ڕاوێژ و ڕاسپاردەکانی خۆی بۆ سەرۆك بپارێزێت، نەك پێش ئەوەی سەرۆك بڕیار و هەڵوێستەکانی خۆی ڕابگەیەنێت ئەو هەڵبستێت بە ئاشکراکردن و ڕاگەیاندنی بڕیارەکان و ڕوونکردنەوەی ئەوەی کە ئەو بڕیارانە لەسەر بناغەی ڕاسپاردە و پێشنیار و ڕاوێژ ئەو دەرکراوە.

*** چۆن بتوانین زەمینەیەکی گونجاو بۆ ڕۆشنبیران ساز بکەین لە وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بۆ ئەوەی بتوانن ڕۆڵێی باش لە کۆمەڵگەکانیاندا ببینن و هەنگاو بەرەو بنیاتنانی دیموکراسی بنێن؟**

- من نامەوێت ئەوە بۆ ڕۆشنبیرانی عێراق دیاری بکەم کە دەبێت چ ڕۆڵێك ببینن، ئەوەی من پێشتر هەوڵمدا ڕوونی بکەمەوە ڕۆڵی جیاوازی ڕۆشنبیرانە لە سیاقە کۆمەڵایەتی و مێژوییە جیاوازەکاندا. لە هەندێ وڵاتی ناوچەکەدا وەك عێراق، بە کوردستانیشەوە، هەروەها هەندێ لە وڵاتانی کەنداو هەوڵێك هەیە بۆ مۆدێرنەکردنی کۆمەڵگە و هێنانەدی ئاستێك لە دیموکراسی، لە عێراقدا ڕۆشنبیران دوو ڕێگایان لە بەردەمدایە، یان ئەوەتا بە دەم داواکاری دەسەڵاتدارانەوە دەچن و دەبنە ڕاوێژکار و یارمەتی حکومەت و دەسەڵات دەدەن و دەبنە پیشەگەر و لەم ئەرکەدا بەڵێنی پاراستنی نهێنی دەدەن، یاخود لە دەرەوەی دەسەڵات دەمێننەوە و درێژە بە ئەرکی بیرکردنەوە و هەڵوێست وەرگرتنی ڕەخنەگرانە دەدەن، کە ڕەنگە ئەمەش دووچارە گیروگرفت و زەحمەتیان بکات. واتە من نامەوێت ئەوە بۆ ڕۆشنبیران دیاری بکەم کە دەبێت چ ڕۆڵێك ببینن و دەبێت ئەم بڕیارە لە لایەن خودی ڕۆشنبیران خۆیانەوە بدرێت.




**لە عێراقدا ڕۆشنبیران دوو ڕێگایان لە بەردەمدایە، یان ئەوەتا بە دەم داواکاری دەسەڵاتدارانەوە دەچن و دەبنە ڕاوێژکار و یارمەتی حکومەت و دەسەڵات دەدەن و دەبنە پیشەگەر و لەم ئەرکەدا بەڵێنی پاراستنی نهێنی دەدەن، یاخود لە دەرەوەی دەسەڵات دەمێننەوە و درێژە بە ئەرکی بیرکردنەوە و هەڵوێست وەرگرتنی ڕەخنەگرانە دەدەن**

**ليبى رۆناڵد بۆ گوڵان:**

# رۆشنبیری راستەقینە نابێت ببێتە بەشێک لە حزبی دەسەڵات و حزبی ئۆپۆزیسیۆنیش

**پرۆفیسۆر لیبی رۆناڵد ئوستادی فەلسەفەی سیاسەتە لە زانکۆی نۆرس فلۆریدا و پسپۆرو تایبەتمەندە لەسەر ئاکاری سیاسیی لەکۆمەڵگە و رۆڵی رۆشنبیران لە چادێری کردنی دەسەڵات و بونیادی رەخنەی بونیادنەرانە بۆ پیادەکردنی حکومڕانی باش لەکۆمەڵگە،سەبارەت بەم پرسە گرنگە پرۆفیسۆر رۆناڵد بەمجۆرە رای خۆی بۆ گوڵان دەربڕی.**

*** لە زۆربەی وڵاتاندا کە پرۆسەی سیاسیی دووچاری سڕبوون دەبێت هۆکارەکەی دوورکەتنەوەی رۆشنبیرانە، پرسیاری ئێمە ئەوەیە رۆشنبیران چ کارێك دەکەن وا کە کاتێك دووردەکەونەوە ئەو حاڵەتی سڕبوونە دووچاری پرۆسە سیاسییەکە دەبێت؟**

- رۆشنبیران هەڵدەستن بە دیاریکردنی چوارچێوەی گفتوگۆ و مشتومڕەکان، بە دەربڕینێکی دیکە هەڵدەستن بە دیاریکردنی ئەوەی پرس و مەسەلە سەرەکییە و گرنگەکان چین. ڕۆشنبیران هەمیشە لە هەوڵی گەورەکردن و بەرفراوانکردنی سنوری ئازادییەکانی کۆمەڵگەدان، گرنگ نییە کۆمەڵگەکە دیموکراسی بێت یان نا دیموکراسی، واتە بە بەردەوامی هەڵدەستن بە هاندان و فشار دروستکردن بۆ سەر کۆمەڵگە، ئەمەش دیاردەیەکی تەندروستە و دەبێتەهۆی دروستبوونی بەربەستێك یان قەڵغانێك بۆ پاراستن و بەرگری لێکردنی کۆمەڵگە و ئەمەش مایەی هەڕەشە نییە تەنها ئەو کاتە نەبێت کە سیستمی حکومڕانێتیەکە لەرزۆك و لاوازبێت، ئەمەش حاڵی زۆبەی دەسەڵاتەکانی وڵاتانی جیهانی سێیەمە کە هەمیشە هەست بە هەڕەشەدەکەن لەسەر دەسەڵاتەکانیان و هیچ کاتێك لە خۆیان دڵنیانین.

*** واتە بەڕای تۆ هۆکاری ئەوەی هەمیشە لە ئەدەبیاتی سیاسی وڵاتە تازەگەشەکردووەکاندا هەموو کات حکومەت هەڵوێستێکی سلبی رۆشنبیران هەبووە بۆ ئەوە دەگێڕێتەوە، لێرەدا پرسیارەکە ئەوەیە ئایا دەبێت لە هەموو کاتێکدا ڕۆشنبیران و دەسەڵات دژی یەکتری بن ؟**

- لە ڕاستیدا ئەگەر ئازادی ڕادەربڕین سەرکوتبکرێت و ڕێگەی پێنەدرێت، ئەوا نیشانەی ئەوەیە کە ڕەخنە و گومان هەیە لە ئاست دەسەڵاتدا. من پێم وایە دەبێت دوو مەسەلە لێکجیابکەینەوە، یەکەمیان ئەو کەسانەن کە لەگەڵ چینی دەسەڵاتدار و حکومڕاندا کاردەن، کە ئەنتونی گرامشی پێیان دەڵێت ڕۆشنبیری ئۆرگانی، لەگەڵ ئەو ڕۆشنبیرانەی سەربەخۆییان هەیە و هیچ پەیوەستی و پابەندبونێکیان نییە بە دەسەڵات و هیچ بەرژەوەندییەکیان نییە لە پاراستن و درێژەپێدانی ئەو دەسەڵاتەی لە ئارادایە، من بەشی یەکەم-ئەوانەی لەگەڵ دەسەڵاتدا کاردەکەن- بە ڕۆشنبیر نازانم، بەڵکو تەنها ئەو کەسانە بە ڕۆشنبیر دادەنێم کە لە دەرەوەی دەسەڵاتدان و مومارەسەی ئەرکی خۆیان ئەکەن لە ڕەخنەگرتندا.

*** ئێمە دەزانین ڕۆڵی ڕۆشنبیران بە پێی هەل و مەرجەکە دەگۆڕێت، بۆ نموونە لەبەر ئەوەی لە وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، واتە لە وڵاتە عەرەبی و ئیسلامییەکاندا، هەمیشە دەسەڵاتێکی دیکتاتۆری و شمولی و تاکڕەو حوکمیان کردووە، ئەوا ڕۆشنبیران دژی دەسەڵات وەستانەتەوە و شەڕیان بۆ ئازادی و دیموکراسی کردووە، پرسیارەکە ئەوەیە ئایا ئەگەر حکومەتێك کار بۆ بنیاتنانی دیموکراسی و هێنانەدی ئازادییەکان بکات مەرجە ڕۆشنبیر دژی بووەستێتەوە؟**

- ئێمە دەزانین ڕۆشنبیر ئەو کەسەیە کە سەرچاوەی ژیانی پشت بە نوسین و بیرکردنەوەکانی دەبەستێت، هەروەها هەمیشە ڕۆشنبیر هەوڵ بۆ بەرفراونکردنی سنورەکانی ئازادی دەدات لە کۆمەڵگەدا. ڕۆشنبیر لەڕێی گوازرشتکردن و دەربڕینی بیروبۆچونەکانی هەمیشە دەبێتە تەحەددایەك بۆ ڕژێمی دەسەڵاتدار، بەڵام لە سیستمێکی شمولیدا بنکەی جەماوەری ڕۆشنبیر لاوازە و ئەمەش مەترسی بۆ دروست دەکات، ئەمە لە کاتێکدا لە سیستمی دیموکراسیدا پێشبینی و چاوەڕوانی ئەوە دەکرێت کەسانێك دەرکەون و هەڵبستن بە تەحەدداکردنی دەسەڵات لە ڕێی گوزارشتکردن لە بیروبۆچونەکانییەوە، ئەمە لە کاتێکدا کە پێشبینی دەکرێت پاڵپشتییەکی گەورەیان هەبێت لە کۆمەڵگەدا، ئەوەی من لێرەدا ئاماژەی پێدەکەم بەسەر ئەو کەسانەدا جێبەجێ نابێت کە بە ڕۆشنبییر ناسراون و بەشێکن لە دەسەڵات و حکومڕانێتی. من پێم وایە پرسی سەرەکی لێرەدا ئەوەیە دەبێت دەرفەت بە ئازادی ڕادەربڕین بدرێت. ئەمە پرۆسەیەکی قۆناغ بە قۆناغە، لە ڕاستیدا خستنەگەڕی پرۆسەی بە دیموکراتیکردنێکی درێژخایەن لەلایەن هەر کۆمەڵگەیەکەوە پرۆژەیەکی دژوار و مەترسیداریشە، بەڵام بە

> هەمیشە ڕۆشنبیر هەوڵ بۆ بەرفراونکردنی سنورەکانی ئازادی دەدات لە کۆمەڵگەدا



تێپەڕبوونــی کات پەرە بە کەلتورێك دەدرێت کــە لێبوردەیی لەخۆبگرێــت و بیروباوەڕی جیــاواز قبوولبــکات. مــن دووبــارەی دەکەمەوە نابێت ڕۆشــنبیران ببنە بەشێك لە پرۆســە سیاســییەکە، بەڵکو ئەرکی ئەوان گوزارشتکردنە لە بیروباوەڕ و تێڕوانینەکانی خۆیان و تەحەدداکردنی دەســەڵاتە بەهۆی دەربڕینە ڕەخنەییەکانیانەوە، جا ئەو کەســە ڕۆژنامەنوس بێت، یان مامۆســتای زانکۆ، یان شــاعیرێك یان هەر کەســێکی دیکە، پرسیارە ســەرەکییەکە ئەوەیە ئایا بواری ئەم دەربڕینەیان پێدەدرێت یان نا؟

*** هەندێ جار ڕۆشــنبیران دەبنە پێشەنگی حزبێکــی سیاســیی و بەرەو ئاڕاســتە و هەڵدێرێکــی خــراپ هەنــگاو هەڵدەگرن، ئەگەرچی خۆشــیان ئــاگاداری ئەوەن کە ئەمە ئاڕاستەیەکی ڕاســت و دروست نیە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشــدا بایەخ بەوە نادەن لە ئایندەدا چــی ڕوودەدات، ڕاوبۆچونی ئێوە چییە ؟**

- ڕەنگە ئێوە باســی سەرکردە سیاسییەکان، یان گروپــە یاخیگەرییەکان، یــان بزوتنەوە نهێنییەکان یان گروپە توندڕەوەکان بکەن، من ئەمانە بە ڕۆشــنبیر دانانێم، بەڵکو خودی پێناسەی ڕۆشنبیر ئەو کەسانە دەگرێتەوە کە بەشــێك نین لە لەو پارتە سیاسیانەی هەوڵ بۆ دەسەڵات دەدەن، هەروەها بەشێك نییە لە بەرەی بەرهەڵستکاریش، بەڵکو بیروبۆچون و تێڕوانین و تێڕامانەکانیان دەبنە تەحەددا هەم بۆ دەسەڵات و هەم بۆ موعارەزەش.

*** چۆن بتوانین وا لە ڕۆشنبیران بکەین ببنە ئەو دۆستەی ئەم ڕۆڵە گرنگە بگێڕن؟**

- لە ڕاستیدا ڕۆڵی ڕۆشنبیر ئەوەیە کە ڕەخنە لە هەموو کەسێك و لە هەموو شتێك بگرێت، ئەوان گروپێکی ڕێکخــراو نین و ناتوانرێت کۆنترۆڵبکرێن، هەر ئەمەش هۆکاری ئەوەیە کــە بە مەترســی دادەنرێن لەســەر ڕژێمە شمولییەکان لەبەر ئەوەی ئەم ڕژێمە ناتوانێت کۆنترۆڵیان بکات، بە هەمان شێوە ئەوان لە حکومەتێکی دیموکراسیشدا درێژە بە هەمان ڕۆڵی ڕەخنەگرتن و تەحەدداکردن دەدەن.

*** زۆرێــك لە ڕۆشــنیران وەك شــارەزا و ڕاوێژکار لەگەڵ دەســەڵات و حکومەت و بەرپرساندا کاردەکەن، پریسیارەکە ئەوەیە ئایا دەتوان یارمەتیدەر و هاوکاری دەسەڵات بن و پاڵپشتیان بکەن بۆ ئەوەی ئاڕاستەی ڕاست و دروست بگرنەبەر؟**

- من پێم وانیــە بتوانن ئەم ڕۆڵی بنیاتنەرە ببینــن، هــەروەك پێشــتر ئامــاژەم پێکرد گرامشــی باس لە ڕۆشــنبیری ئۆرگانی دەکات، کــە ئــەو کەســانەن خزمــەت بە بەرژەوەندییەکانی دەســەڵات دەکەن، من پێم وانییە ئەمانە ڕۆشــنبیر بن، بەڵکو ئەمانە دەبنە ئامرازی پڕوپاگەندەکردن بۆ دەسەڵات، چونکە بە پێی پێناســەکەی ڕۆشــنبیر ئەو کەســەیە کە بیروبۆچونەکانــی دەردەبڕێ و دەبێتە ڕەخنەگــر و ویژدانی کۆمەڵگەکەی و ناکرێــت و ناتوانرێت لەلایەن دەســەڵاتەوە جڵەوبکرێن، بەکاربهێنرێــن و کۆنترۆڵبکرێن و و بکرێنــە ئامــڕازی پڕوپاگەندەکــردن و بخرێنــە خزمەتــی بەرژەوەندییەکانــی دەســەڵاتەوە . من هاوڕام لەگەڵ ئەوەدا کە هەلومەرجی هــەر کۆمەڵگەیەك جیاوازە بە بەراورد بــە کۆمەڵگەکانی دیکە، بۆ نموونە لــە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاســتدا کەشــێك یان ژینگەیەکی دژومنکارانە هەیە بۆ ڕۆشنبیران، هــەر ئەمەش هــۆکاری ئەوەیە کە زۆربەی شــاعیر و ڕۆماننووســە گەورەکان کۆچیان کردووە و لــە تاراوگەدا دەژین، لەبەر ئەوەی بوونیان لــە وڵاتەکەدا دەبێتە تەحەددایەك بۆ ڕژێمە دەسەڵاتدارەکان و ئەمەش ڕوبەڕووی هەڕەشە و مەترسییان دەکاتەوە.

*** دوا وتەت چییە؟**

- ســەرەڕای ئــەو هەمــوو کارەســات و قوربانیانــەی لــە عێراقــدا روویاندا، من ســەرەتایەکی ئومدێبەخــش دەبینــم، بــە تایبەتی لە باکووردا، چونکە کوردەکان زۆر خۆشحاڵن بەو دەرفەتەی بۆیان دروست بووە بــۆ حکومڕانێتی کردنــی کاروبارەکانیان، بــەڵام پرســیارەکە ئەوەیە چــۆن مامەڵە لەگەڵ ئەم دەرفەتەدا دەکەن؟، ئایا سەرکردە سیاسییەکانیان ئەوەندی کامڵ و پێگەیشتوو دەبــن کە بوار بــۆ بیروبۆچوونــی جیاواز بڕەخســێنن ئەگەرچی خۆشحاڵیش نەبن بە بوونی ئەو بیروبۆچونانــە، ئەگەر ئەم کارە بکەن ئەوا ئەمــە دەبێتە هەنگاوێکی گەورە بۆ پێشەوە.

**خودی پێناسەی ڕۆشنبیر ئەو کەسانە دەگرێتەوە کە بەشێک نین لەو پارتە سیاسیانەی هەوڵ بۆ دەسەڵات دەدەن**

ئەدهەم ساڵیی بۆ گوڵان:

# بایکۆتکردنی هەڵبژاردنەکان لەلایەن کوردەوە کاریگەری لەسەر مسداقییەت و شەرعییەتی هەڵبژاردنەکانی عێراق دەبێت

**پرۆفیسۆر ئەدهەم ساڵیی ئوستادی زانستی سیاسەتە لە زانکۆی ئیدنبیرگ لە بەریتانیا و پسپۆڕو تایبەتمەندە لەسەر عێراق و سیاسەتی ئەمەریکا لە ڕۆژهەڵاتی ناوە ڕاستدا،سەبارەت بەرەوەشی ئێستای عێراق و ئەگەرەکانی ئاییندە پرۆفیسۆر ساڵلی بەمجۆرە بۆ گوڵان هاتە ئاخاوتن.**

> بێ ڕێککەوتن لەسەر سروشتی پێکهاتە و دەسەڵاتە سیاسییەکە، زەحمەتە بتوانرێت سیستمێکی سیاسی سەقامگیر بنیات بنرێت و قۆناغە ئینتیقالیەکەش درێژەدەکێشێت

> باشترین ڕێگاچارە بۆ سەرکەوتنی ستراتیجییەتی کشانەوە لە عێراقدا ئاوێتەکردنی تێکرای لایەنەکانە لە پرۆسەی سیاسیدا، بە تایبەتی کە حاڵی حازر تورکیا بەرژەوەندی هەیە لە ئارامی و سەقامگیری عێراقدا

*** چۆن بارودۆخی ئێستای عێراق دەبینیت، لەگەڵ هەوڵی پێکهاتەکانی ئەو وڵاتە بۆ ئەوەی بگەنە ڕێککەوتن لە نێو خۆیاندا؟**

- لە دووای ڕوخانی ڕژێمی پێشووە، عێراق بە قۆناغی ئینتیقالیدا تێپەڕیوە، ئەم قۆناغەش لە چەندین شێوەدا گوزارشتی لەخۆی کردوووە. وەك خستنە گەڕی پرۆسەی سیاسی و پرۆسەی بە دیموکراتیکردن، لە هەمان کاتدا شێوەیەکی توندووتیژی وەرگرت کە یەکێك لە دەرئەنجامەکانی بەرپابوونی شەڕی ناوخۆ بوو، لەگەڵ دەستێوەردانی دەوڵەتە دراوسێکاندا. بارودۆخی ئێستاش درێژبوونەوەی هەمان قۆناغی ئینتیقالییە، لەگەڵ بەردەوامبوونی ڕکابەرییە سیاسییەکاندا بۆ بنیاتنانی دامەزراوەکانی دەوڵەت لەسەر بنەمای دابەشبوونی نوخبە سیاسییەکان و پارتە سیاسییەکان. من پێم وایە بێ ڕێککەوتن لەسەر سروشتی پێکهاتە و دەسەڵاتە سیاسییەکە، بە تایبەتی لەسەر سیستمی فیدراڵی، بێ گەیشتن بە ڕێککەوتن لە سەر یاسای نەوت و گاز، ئەمە جگە لە یاسای هەڵبژاردن ئەوا زەحمەتە بتوانرێت سیستمێکی سیاسی سەقامگیر بنیات بنرێت و قۆناغە ئینتیقالیەکەش درێژەدەکێشێت.

*** ڕۆژ بە ڕۆژ هەل و مەرجی سیاسی لە عێراقدا ئاڵۆزتر دەبێت، بە چەشنێك پارت و پێکهاتە سیاسییە سەرەکییەکانی عێراق ناتوانن بگەنە ڕێککەوتن، تەنانەت ناتوانن لەسەر ئەو یاسایەش ڕێکبکەون کە چۆنییەتی ئەنجامدانی هەڵبژاردنەکان دیاری دەکات، پرسیارەکە ئەوەیە ئایا ئەگەر بارودۆخەکە بەم شێوەیە بەردەوام بێت عێراقییەکان دەتوانن ئاییندەیەکی بۆ خۆیان بنیاتن بنێن؟**



- لە هەوڵداندا بۆ دۆزینەوەی چارەسەرێك بۆ بارودۆخە سیاسییەکە، دەبێت لەسەر دووو ئاست شیکردنەوە بکەین، یەکەمیان لەسەر ئاستی ناوخۆیی، مەبەستم ئەوەیە دەبێت سەرجەم لایەن و پێکهاتەکانی عێراق هەست بکەن ئاوێتەکراون لە پرۆسە سیاسییەکەدا و بەشدارییەکی ڕاستەقینە دەکەن، واتە نابێت هەست بە پەراوێزبوون بکەن، یاخود پێیان وابێت لایەنێکی دیاری کراو باڵادەستە بەسەریاندا. بۆ نموونە بەکارهێنانی ڤیتۆ لە لایەن جێگری سەرۆك کۆمارەوە بە ڕەتکردنەوەی یاسای هەڵبژاردن نیشانە و ئاماژەیەك بوو بۆ ترسی و نیگەرانی لایەنێکی دیاری کراو، کەواتە دەبێت نوخبەی دەسەڵاتدار ڕوون بێت لە دیاری کردنی ئاڕاستەی پرۆسە سیاسییەکە و کارکردن بۆ ئاوێتەکردنی تێکڕای لایەنەکان لە پرۆسەکەدا. ئاستی دوووەم وڵاتانی ئیقلمییە، مەبەستم ئەوەیە ئایا عێراق چ ڕۆڵێك دەبینیت لە ناوچەکەدا، ئێمە دەزانین بەهۆی لێکنزیکبوونەوەی وڵاتانی ئیقلیمی لە یەکتر، بۆ نموونە سوریا و سعودیە، هەروەها تورکیا کە ڕۆڵێکی چالاکتر دەبینێت لە ناوچەکەدا، ئەوا ڕەنگە هەل و مەرجێکی ئیقلیمی یارمەتیدەر خوڵقابێت بۆ عێراق، ئێمە ئەزموونی لوبنانمان بینی کە بارودۆخەکە بەهۆی لێکنزیکبوونەوەی وڵاتە ئیقلیمەکانەوە بە ئاقاری هێوربوونەوە ئاڕاستەی گرتووە.

*** هەمیشە حکومەتی عێراقی دەوڵەتە دراوسێکانی، بە تایبەتی سوریا و سعودیە تۆمەتبار دەکات کە هەڵدەست بە دەستێوەردان لە کاروباری ناوخۆی عێراق و ئۆباڵی ناسەقامگیری بارودۆخەکە دەخاتە ئەستۆی ئەم دووو وڵاتە، پرسیارەکە ئەوەیە بۆچی ئەم دوو دەوڵەتە دەست لە دەستێوەردان لە بارودۆخی عێراقدا هەڵناگرن؟**

- لەم ساتەوەختەدا کە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا سەرقاڵی کشانەوەیەکی ستراتیجییە لە عێراقدا خوازیارە هەلومەرجەکە بەرەو هێوربونەوە و بچێت، بەڵام ئەمە پێویستی بە دەستپێشخەری حکومەتی مەرکەزی عێراقە، مەبەستم ئەوەیە بە چەشنی وڵاتانی دیکە هەر کاتێك لایەن و پێکهاتەکانی وڵاتەکە هەست نەکەن شوێن و پێگەی ڕاستەقینەیان هەیە لە پرۆسە سیاسییەکەدا ئەوا هەمیشە ئەگەری ئەوە هەیە لەلایەن دەوڵەتە ئیقلیمی و نێودەوڵەتییەکانەوە بەکاربهێنرێن بۆ دەستێوەردانی لە کاروباری وڵاتەکەدا، یاخود ئەم لایەنانە خۆیان ئامادە دەبن ئەم ڕۆڵە ببینن. بۆ نموونە ئەگەر سوننەکانی عێراق هەست بکەن پەراوێزکراون و بەشداریان پێناکرێت و حکومەتی مەرکەزی باڵادەستە بەسەریاندا و ئامانج و خەونە سیاسییەکانیان سەرکوت دەکات، ئەوا بە دڵنیاییەوە هەلومەرجێك دەخوڵقێت کە لە لایەن دەوڵەتانی دیکەوە بەکاربهێنرێن بۆ ئاڵۆزکردن و دەستێوەردان لە کاروبارە

ناوخۆییەکانی وڵاتەکەدا. کەواتە باشترین ڕێگاچارە بۆ سەرکەوتنی ستراتیجییەتی کشانەوە لە عێراقدا ئاوێتەکردنی تێکرای لایەنەکانە لە پرۆسەی سیاسیدا، بە تایبەتی کە حاڵی حازر تورکیا بەرژەوەندی هەیە لە ئارامی و سەقامگیری عێراقدا، تا ڕادەیەکی دیاری کراویش سوریا، ئەگەرچی ئێران هەم بەرژەوەندی لە ئارامی عێراق و هەم بەرژەوەندی لە پاراستنی ئاستێکی دیاری کراوی دەستڕۆیشتوی هەیە لە عێراقدا.

*** کێشەکانی عێراق بەرەو قوڵبونەوە دەچن، بۆ نموونە کوردەکان ڕازینین بەدابەشکردنی کورسییە زیادەکانی پەرلەمانی عێراق بە پێی کۆبوونی خۆراك کە لەلایەن وەزارەتی بازرگانییەوە ئامادەکراوە، هەروەها هەڕەشەی ئەوە دەکەن کە موقاتەعەی هەڵبژاردنەکان بکەن و بەشداری تێدانەکەن، پرسیارەکە ئەوەیە ئەگەر کوردەکان ئەم هەڕەشەیە جێبەجێ بکەن و بەشداری نەکەن چ دەرئەنجامێکی لێدەکەوێتەوە؟**

- من پێم وایە مەترسییەکە لەسەر دوو ئاستە، یەکەمیان دەبێتەهۆی لاوازکردنی حکومەتی مەرکەزی عێراق، لەبەر ئەوەی بەشداری نەکردنی کوردەکان کاریگەری دەبێت لەسەر میسداقییەت و شەرعیەتی هەڵبژاردنەکە، لەلایەکی دیکەوە ڕەنگە ببێتەهۆی لاوازکردنی حکومەتی هەرێمی کوردستانیش، لەبەرئەوەی بەلەبەرچاوگرتنی بەرەوپێشچوونە ئیقلیمییەکان ئەوا هەوڵی کوردەکان بۆ جیابوونە و خۆدابڕین لە عێراقدا سەرکەوتوو نابێت، بەهۆی هەڵوێستی وڵاتانی دروواسییەوە، لە لایەکی دیکەوە بەشداری نەکردنیان دەبێتەهۆی گۆشەگیربوونیان، لەبەر ئەوە من پێم وایە کوردەکان بەشداری دەکەن و ئەو هەڕەشەیەش بەشێکە لە پرۆسەی گفتوگۆکردن.

*** کەواتە ڕاسپاردەت چییە بۆ کورد لەم ڕووەوە؟**

- من پێم وایە تا ئێستا سەرکردە کوردەکان ڕۆڵێکی ژیرانەیان بینیوە، ئەوان دەزانن مێژوویەکی دووروودرێژیان لە پشتە، هەروەها سەر لە ژیانی سیاسی عێراق دەردەکەن، ئەوان گەمەیەکی سیاسی هەستیار دەکەن، لەلا یەك فشار لەسەر حکومەتی بەغدا دروست دەکەن و لەلایەکی دیکەشەوە خۆیان لەو حکومەتە دانابڕن. ڕاسپاردەی من ئەوەیە بەردەوام بوون لەسەر گفتوگۆکردن، بەردەوام لەسەر فشاردروستکردن لەسەر حکومەتی ناوەندی بۆ بەدەستهێنانی زۆرترین ماف کە مومکینە، بەڵام نابێت بگاتە ئاستێك حکومەتی مەرکەزی هەوڵی گۆشەگیرکردنیان بدات، چونکە ئەمە لە بەرژەوەندی حکومەتی مەرکەزیدا نییە و هەلومەرجی ئیقلیمیش لەبارنییە بۆ ئەم ڕێگاچارەیە.

*** هەموو پێشبینییەکان باس لە دواخستنی هەڵبژاردنە پەرلەمانییەکانی عێراق دەکەن، ئەگەر ئەم هەڵبژاردنانە دواخران، ئایا ئەمە چ کاریگەری و کاردانەوەیەکی دەبێت لەسەر هەڵوێست و سیاسەتی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا لە عێراقدا؟**

- دواخستنی هەڵبژاردنەکان دەرئەنجامی خراپ و زیانبەخشی لێدەکەوێتەوە، دەبێتەهۆی سنووردارکردنی هەوڵەکانی سەقامگیرکردنی بارودۆخی عێراق، شەرعییەتی حکومەتی عێراقی لاواز دەکات، هەروەها پێگەی ئەو لایەنانە بەهێزدەکات کە هەوڵدەدەن گورز لە شەرعیەتی حکومەتەکەدا بدەن، چونکە لە حاڵەتی دواخستنیدا ئەو پرسیارە دێتەپێشەوە ئایا دەبێت هەنگاوی داهاتو چی بێت، ئایا چ حکومەتێك شەرعیەتی دەبێت. کەواتە من پێم وایە دواخستنی هەڵبژاردنەکان خزمەت بە بەرژەوەندیەکانی هیچ لایەك ناکات.

*** زۆربەی چاودێر و شارەزا سیاسیەکان زۆربەی هۆکارەکان دەگەڕێننەوە بۆ ئەو خشتە زەمەنییەی لە لایەن وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکاوە بۆ کشاندنەوەی هێزەکانی لە عێراقدا دانراوە، پرسیارەکە ئەوەیە ئایا ئەمەریکا پابەنددەبێت بە کشاندنەوەی هێزەکانی ئەگەر بارودۆخەکە خراپتر ببێت؟**

- من پێم وایە لەبەر ئەم هۆکارە وڵاتە یەکگرتوەکانی ئەمەریکا فشار دەکات بۆ ئەوەی هەڵبژاردنەکان لە کاتی خۆیاندا ئەنجام بدرێن، چونکە دواخستنی هەڵبژاردنەکان دەبێتەهۆی لاوازکردنی شەرعیەتی حکومەت و ئەمەش سەردەکێشێت بۆ هەڵکشانی ناسەقامگیری لە وڵاتەکەدا، واتە ئەگەر ئاستی سەقامگیری لە عێراقدا زیادبوو، ئەوا پرۆسەی کشانەوەکەش بە ئاسانی بەڕێوەدەچێت.

*** ئێمە دەزانین لە ڕیزبەندی وڵاتە گەندەڵەکاندا، عێراق بە پلەی سێیەم دێت، هەروەها عێراق بە وڵاتێکی فاشیل ناوبراوە، پرسیارەکە ئەوەیە چۆن بتوانین یەکێتی وڵاتێکی گەندەڵ و شکستخواردووی وەك عێراق بپارێزین و دواتر دیموکراسی لەم وڵاتەدا دابمەزرێنین؟**

- من دەگەڕێمەوە بۆ خاڵی سەرەتا کە باسم لە قۆناغی ئینتیقالی کرد، لێرەدا نابێت کاریگەری و ئاسەواری ڕژێمە حکومڕانە یەك لە دووای یەکەکانی عێراق لەبەرچاونەگرین، لەگەڵ ئەو ناکۆکیی و جیاوازیانەی لە نێوان پێکهاتە و لایەنەکاندا هەیە، یاخود بڵێین ترس و نیگەرانیان لە ئاستی یەکتردا. بە هەمان شێوە ناکۆکیی نێوان نوخبە حکومڕانەکان لەسەر دەسەڵات و دەستڕۆیشتوی، هەروەها بوونی تێڕوانینی جیاواز بۆ چۆنییەتی هەڵسوڕان و ئەدای دەوڵەت و دەسەڵات، واتە داواکاریەکی زۆر هەیە لە ئاستی دەسەڵات و من پێیی ناڵێم دەوڵەتێکی شکستخواردوو، بەڵکو بە وڵاتێکی وەك سۆماڵ دەوترێت دەوڵەتی فاشیل، بەڵکو بە عێراق دەڵێم دەوڵەتێکی لاواز و من لەو باوەڕەشدا نیم بگاتە ئاستی دەوڵەتێکی شکستخواردوو. ئەوەی پەیوەندی بە گەندەڵییەوە هەبێت، ئەوا هیچ دەزگا و دامەزراوەیەك نییە بەرپرسەکان ڕوبەڕووی بەرپرسیارێتی بکاتەوە، کە لەم ڕووەوە پێویستت بە دامەزراوەی تایبەمەند و بە دادگان هەیە، بە داخەوە لە قۆناغی ئینتیقالیدا ناتوانیت ڕێگە لە گەندەڵبوونی سیاسییەکان بگریت، ئەوەی دەتوانین ئەنجامی بدەیت کارکردنە بۆ باشترکردنی سەقامگیری و پتەوکردنی دیموکراسی و بنیاتن و بەهێزکردنی دامەزراوەکان.

*** دووا وتەت چییە؟**

- لە وڵاتێکی وەك عێراقدا کە پێکهاتەکان ترس و نیگەرانیان هەیە لە ئاستی یەکدا، بە چەشنی وڵاتی لوبنان، پێم وایە هەنگاوی یەکەم ئەوەیە هەر پێکهاتەیەك نیگەرانییەکانی لایەنەکانی دیکە لەبەرچاوبگرێت، ئەویش بەوە دەبێت بچنە پرۆسەی گفتوگۆوە لەگەڵ یەکتردا بۆ ئەوەی زەمینەی بنیاتنانی دامەزراوەکان بهێننەدی، دەبێت ئەوە ڕەچاوبکەن کە هیچ لایەك لە عێراقدا ناتوانێت باڵادەست بێت. ئەمەش کاتی دەوێت و کۆششێکی سەختی پێویستە.

هەوڵی کوردەکان بۆ جیابوونەوەو خۆدابڕین لە عێراقدا سەرکەوتوو نابێت، بەهۆی هەڵوێستی وڵاتانی دروواسیێوە، لە لایەکی دیکەوە بەشداری نەکردنیان دەبێتەهۆی گۆشەگیربوونیان، لەبەر ئەوە من پێم وایە کوردەکان بەشداری دەکەن

تا ئێستا سەرکردە کوردەکان ڕۆڵێکی ژیرانەیان بینیوە، ئەوان گەمەیەکی سیاسی هەستیار دەکەن، لەلا یەك فشار لەسەر حکومەتی بەغدا دروست دەکەن و لەلایەکی دیکەشەوە خۆیان لەو حکومەتە دانابڕن

لۆرا سۆبۆرگ بۆ گوڵان:

# ئەوەی ئاگاداری مێژووی عێراق بێت دەزانێت پاراستنی یەکپارچەیی عێراق کارێکی مومکین نییە

**پرۆفیسۆر لۆرا سۆبۆرگ ئوستادی زانستی سیاسەتە لە زانکۆی فلۆریدا و تایبەتمەندە لەسەر باردۆخی عێراق و بایەخێکی تایبەتی بەرەوشی ئافرەتانی عێراق دەدات، ئاگاداریی رەوشی سیاسی و مێژووی عێراقیشە، سەبارەت بەرەوشی ئێستای عێراق خاتوو لورا بەمجۆرە سەرنجەکانی خۆی بۆ گوڵان خستە ڕوو.**

**ئێستاش ناکۆکیی و جیاوازی و دابەشبوونەکانی عێراق زۆر جیددی و قوڵن و هیچ کەسێک بایەخێکی ڕاستەقینە و پێویست بەم پرسە نادات**

*** چۆن بارودۆخی ئێستای عێراق دەبینیت، لەگەڵ هەوڵی پێکهاتەکانی ئەو وڵاتە بۆ ئەوەی بگەنە ڕێککەوتن لە نێو خۆیاندا؟ بە تایبەتی کە ڕۆژ بە ڕۆژ هەلومەرجی سیاسی لە عێراقدا ئاڵۆزتر دەبێت، بە چەشنێك پارت و پێکهاتە سیاسییە سەرەکییەکانی عێراق ناتوانن بگەنە ڕێککەوتن ؟**

- بارودۆخی عێراق ئاڵۆزە، من پێم وایە گەورەترین و جیددیترین هەڵەی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا ئەوەبوو کە مێژوی عێراقی تەنها لە ڕێی سەددام حوسێنەوە دەبینی، مەبەستم ئەوەیە تێڕوانینی ئەمەریکا ئەوەبوو بە ڕوخاندنی سەددام حوسێن، عێراقێکی یەکگرتوو سەرهەڵدەدات کە ئاشتی و ئارامی باڵی بەسەردا کێشابێت، ئەوەی ئاگاداری مێژوی عێراق بێت دەزانێت ئەمە ئەگەرێکی مومکین نەبوو. من پێم وایە ئێستاش ناکۆکیی و جیاوازی و دابەشبوونەکانی عێراق زۆر جیددی و قوڵن و هیچ کەسێکی بایەخێکی ڕاستەقینە و پێویست بەم پرسە نادات.

*** کەواتە بەڕێزت پێشبینی باردۆخێکی خراپتر دەکەیت؟**

- ئێمە دەزانین هەر لە جەنگی یەکەمی کەنداوەوە بارودۆخێکی ناهەموار لە عێراقدا باڵادەست بووە، من پێم وایە بۆ هێنانەدی و بەدەستهێنانی ئاشتی لە عێراقدا و بۆ پاراستن و درێژەپێدانی ئەو ئاشتی و سەقامگیرییەی بەدەست دەهێنرێت، دەبێت تێکرای لایەن و پێکهاتەکان لەگەڵ یەکدا گفتوگۆ بکەن، واتە دەبێت لێکنزیکببنەوە و دانوستاندن بکەن بۆ ئەوەی بتوانن پێکەوەکاربکەن و هاوکاری یەکتر بکەن لە هێنانەدی ئەو ئامانجانەدا.

*** ئایا دەوڵەتانی هاوسێی عێراق بوار بەوە دەدەن عێراقییەکان لە ناوخۆیاندا بگەنە ڕێکەوتن و کۆمپرۆمایز؟**

- لە ڕاستیدا من بەرهەڵستی هەمو جۆرە دەستێوەردانێك دەکەم لە لایەن هەر وڵاتێکەوە بێت، تەنانەت ئەگەر لەلایەن وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکاشەوە بێت، لەبەر ئەوەی لە کاتی



دەستێوەرداندا هەستیاری و هەلومەرجی تایبەتی ئەو کۆمەڵگەیە لەبەرچاونا گیرێت، بۆ نموونە ئەسڵ و سەرچاوەی کێشەکانی عێراقیش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە لە سەردەمی کۆلۆنیالیدا بێ لەبەرچاوگرتنی سروشت و پێکهاتەی کۆمەڵگەکە سنوری ئەم وڵاتە کێشرا.

*** کێشەکانی عێراق بەرەو قوڵبوونەوە دەچن، بۆ نموونە کوردەکان ڕازینین بە دابەشکردنی کورسییە زیادەکانی پەرلەمانی عێراق بە پێی کۆبونی خۆراك کە لە لایەن وەزارەتی بازرگانییەوە ئامادەکراوە، هەروەها هەڕەشەی ئەوە دەکەن کە موقاتەعەی هەڵبژاردنەکان بکەن و بەشداری تێدانەکەن، پرسیارەکە ئەوەیە ئەگەر کوردەکان ئەم هەڕەشەیە جێبەجێ بکەن و بەشداری نەکەن چ دەرئەنجامێکی لێدەکەوێتەوە؟**

- من دەتوانم ئەوە بڵێم کە بەشداری کردن لە پرۆسەیەکدا کارێکی زەحمەتە ئەگەر بە پرۆسەیەکی ڕاست و ڕەوای نەزانیت و هەست بکەیت کە ئەنجامدان و بەڕێوەچوونی زیان بە بەرژەوەندییەکانت دەگەیەنێت.

*** ئایا ئەمەریکا پابەنددەبێت بە کشاندنەوەی هێزەکانی ئەگەر بارودۆخەکە خراپتر ببێت؟**

- من پێم وایە پابەندبوونێکی ڕوون و درێژخایەن نییە لە سیاسەتی دەرەوەی ئیدارەی ئێستای وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکادا، بەڵگەش ئەو مشتومڕانەیە کە لەسەر زیادکردنی ژمارەی هێزەکانی ئەمەریکا دەکرێت لە ئەفغانستاندا، واتە ئەم سیاسەتە پەیوەستە بە ئاڵوگۆڕ و گۆڕانکارییەکانەوە. لەلایەکی دیکەوە من پێم وانییە تێکچوون و ئاڵۆزبوونی بارودۆخی عێراق بە چەشنێك کە سەربکێشێت بۆ شەڕی ناوخۆی، لە بەرژەوەندی ئەمەریکادا بێت، لەبەر ئەوەی لەم کاتەدا دەرئەنجامەکە ئەوەدەبێت کە ئەمەریکا شەڕەکەی لە عێراقدا دۆڕاندووە. لە لایەکی دیکەشەوە ئەگەر زیادکردنی هێزەکانی ئەمەریکا لە ئەفغانستاندا بۆ هەڵکشانی پشێوی و ئاڵۆزی بارودۆخی ئەو وڵاتە دەگەڕێتەوە. بۆیە من ناتوانم پێشبینی کاردانەوەی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا بکەم، ئایا هەڵدەستێت بە خستنەگەڕی هەوڵ و کۆششەکانی بۆ دووبارە کۆنترۆڵکردنەوەی بارودۆخەکە یان چ هەڵوێست و کاردانەوەیەکی دیکەی دەبێت.

*** وێڕای هەموو ئەمانە وەك ڕای خۆت چۆن ئاییندەی عێراق دەبینیت؟**

- من تەنها دەمەوێت ئاماژە بەوە بکەم کە ڕەنگە پێشبینیەکانی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا بۆ دیموکراسیەتی عێراق جیاوازبێت لەگەڵ پێشبنیەکانی خودی عێراقییەکان خۆیاندا، بۆ نموونە لە سەردەمی شەڕی ساردا پێوەری ئەمەریکا بۆ دیموکراسیبوونی وڵاتێك ئەوەبوو کە دژی کۆمۆنیستی بێت. بەڵام من پێم وایە دەبێت ئەم بڕیارە بۆ خودی عێراقییەکان خۆیان بەجێبهێلرێت و دەبێت خۆیان ئامانج و ئاڕاستەکەی دیاری بکەن.

*** ئایا گەشبینیت بە ئایندەی عێراق؟**

لە ڕاستیدا من ناتوانم لەم ڕووەوە هیچ لێکدانەوەیەکم هەبێت و هەرچییەك بڵێم دەچێتە قاڵبی مەزەندەکردنەوە، بەڵام پێم وایە عێراقییەکان ڕێگایەکی دورودرێژیان لە پێشە.

*** دوا وتەت چییە؟**

- لەبەر ئەوەی من کەسێکم بایەخ بە پرس و مەسەلەی ئافرەتان ئەو کێشە و گیرگرفتانە دەدەم کە ڕووبەڕوویان دەبێتەوە، ئەوا هیوادارم ئەم مەسەلانە ڕەنگدانەوەی هەبێت لە یاسا و سیاسەتەکانی حکومەتەکەتاندا.

**جۆن مۆللر بۆ گوڵان:**

# ئەگەر عێراق وەک سۆماڵی لێهات کەس بایەخی پێنادات دەبێت عێراقییەکان خۆیان بەرپرسیارێتی ئەمە هەڵبگرن

**پرۆفیسۆر جۆن مۆللر سەرۆکی دیراساتی ئاسایشی نیشتمانییە لە سەنتەری مارشۆن بۆ دیراساتی سیاسیی و پسپۆرو تایبەتمەندە لە بوارەکانی (سیاسەتی دەرەوە و سیاسەتی بەرگری ئەمەریکا،سیاسەتی ئەمەریکا لەعێر اقدا) هەربۆیە جۆن مۆللر وەك یەکێك لە شرۆڤەوانە باناوبانگەکانی عێراق ناسراوە، لەم دیدارە تایبەتیشدا بۆ گوڵان بەمجۆرە رای خۆی دەربڕی.**

*** حاڵـی حـازر پـارت و پێکهاتـە سیاسـیە سـەرەکییەکانی عێراق ناتوانـن بگەنە ڕێککەوتن، تەنانەت ناتوانن لەسـەر ئەو یاسـایەش ڕێکبکەون کە چۆنیەتی ئەنجامدانـی هەڵبژاردنەکان دیاری دەکات، پرسـیارەکە ئەوەیە ئایا ئەگەر بارودۆخەکە بەمشێوەیە بەردەوام بێت ئایندەی عێراق بەرەو کوێ دەچێت؟**

- ئەمـە بارودۆخێکی دژوارە، بەڵام هەمیشـە لە دیموکراسیدا جیاوازی و ناکۆکی و دابەشبوون هەیە، بەڵام گرنگە ئەوەیە لە کۆتاییدا بتوانن مسـاوەمە بکەن و بگەنە ڕێککەوتن، هیچ لایەکێش سـەد دەر سـەد لە دەرئەنجامەکـە ڕازی نابێت، بەڵام ئەمە باشترە لە درێژەپێدانی ناکۆکییەکان.

*** سـەرەڕای ئـەوەی بارودۆخەکە ئاڵـۆزە، ئەوا پێشـبینی هەڵکشـانی توندوتیژیـش دەکرێت بە چەشـنێك هەل و مەرجەکـە بگەڕێتەوە بۆ هەمان دۆخی ساڵانی ڕابردود، ئایا چۆن دەتوانرێت دووبارە دۆخـی ئەمنی ڕێکبخرێتەوە بـۆ ئەوە خۆمان لەم بارودۆخە ڕزگاربکەین؟**

- مـن نازانم هێزەکانی پۆلیس و سـوپا چ ڕێ و شوێنێك دەگرنەبەر بۆ پاراسـتن و کۆنترۆڵکردنی ڕەوشـی ئەمنی وڵاتەکە، یاخود ئایا بە بێلایەنیەوە ئەرکەکانـی خۆیان ئـەدا ئەکەن یـان نا. لەگەڵ ئەوەشـدا خەڵکی عێراق لە توندوتیـژی بێزاربووە و پشـتگیری هەر هەوڵێـك دەکات کە ڕێگری لە تەقینەوەی بارودۆخەکە بکات.

*** بەڵام کارە توندوتیژییەکان بەشـێکی پەیوەندی بە دەسـتێوەردانی دراوسـێی عێراقـەوە هەیە ئایا بەرژەوەندی دەوڵەتانی دراوسـێ لە ناسەقامگیری عێراقدا چییە؟**

- ڕەنگە باشـتر بێت ئەم پرسـیارە ئاڕاستەی ئەو وڵاتانـە بکرێـت، بـەڵام تێڕوانینی مـن ئەوەیە سەقامگیری عێراق لە بەرژەوەندی ئەم وڵاتانەدایە، بەڵام ئەگەر ئەم وڵاتانە هەسـت بەم ڕاستیە نەکەن کار بۆ ئاڵۆزکردن و تێکدانی بارودۆخەکە بکەن ئەوا ئەمە کێشەیەکی ڕاسـتەقینەیە. واتە من پێم وایە باشـتر بە پێچەوانەوە کار بکەن، مەبەسـتم ئەوەیە کار بۆ سـەقامگیرکردنی عێراق بکـەن، بەو پێیە ئەمـە دەبێتەهۆی سـەقامگیرکردنی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست.

*** کێشـەکانی عێراق بـەرەو قوڵبوونەوە دەچن، بۆ نموونە کوردەکان ڕازینین بە دابەشـکردنی کورسیە زیادەکانی پەرلەمانی عێراق بە پێی کۆبوونی خۆراك کە لە لایـەن وەزارەتی بازرگانییـەوە ئامادەکراوە، هەروەها هەڕەشـەی ئەوە دەکەن کـە موقاتەعەی هەڵبژاردنـەکان بکـەن و بەشـداری تێدانەکەن، پرسـیارەکە ئەوەیە ئەگەر کوردەکان ئەم هەڕەشەیە جێبەجێ بکەن و بەشداری نەکەن چ دەرئەنجامێکی لێدەکەوێتەوە؟**



- ئەمـە پێگـەی کـوردەکان دژوار دەکات بـە دورخسـتنەوەیان لـە پرۆسـەی بڕیارسـازی و کەمکردنەوەی ئاسـتی نوێنەرایەتیان، سـوننەکان لە ڕابـردودا ئـەم هەوڵەیان تاقیکـردەوە و بۆیان دەرکـەوت هەڵەیەکی گەورەیان کردووە و باشـترە لـە ناو حکومەت و پرۆسـەکەدا بـن، ئەگەرچی کەمینـەش بن وەك لەوەی بە تەواوەتی دووربخرێنەوە لە دەسەڵات. کەواتە بەشـداری کردن و مانەوە لە دەسەڵات و پرۆسەکەدا باشـترە لە دوورەپەرێزی و موقاتەعەکردنی هەڵبژاردنەکان.

*** ئـەی سـەبارەت بە دواکەوتنـی هەڵبژاردن و کاریگەری لەسەر سیاسەتی ئەمەریکا لە عێراقدا؟**

- من پێم وایە کاریگەرییەکی کەمی دەبێت لەسەر هەڵوێسـت و سیاسـەتی ئەمەریکا، لەبەر ئەوەی حاڵی حازر ئەمەریکا زیاتر سەرقاڵە بە ئەفغانستان و کێشـە ناوخۆییەکانی خۆیەوە. واتە من پێم وایە ئەمەریکا پابەنددەبێت بە خشتەی کشانەوەوە، تەنها ئەگەر جۆرێك لە کردەوەی تیرۆریستی لە لایەن ئەل قاعیـدەوە ڕوویدات. بەڵام ئەگەر بارودۆخی عێراق هاوشـێوەی بارودۆخی سـۆماڵ لێبێت ئەوا کەس بایەخی پێنادات، مەبەستم ئەوەیە دەبێت عێراقییەکان خۆیان بەرپرسیارێتی ئەم مەسەلانە بگرنە ئەستۆ.

*** ئێمە دەبینین زۆربەی هۆکارەکان دەگەڕێتەوە بۆ ئەو خشتە زەمەنییەی لە لایەن وڵاتە یەکگرتوەکانی ئەمەریکاوە بۆ کشـاندنەوەی هێزەکانی لە عێراقدا دانراوە، پرسیارەکە ئەوەیە ئایا ئەمەریکا پابەنددەبێت بە کشاندنەوەی هێزەکانی ئەگەر بارودۆخەکە خراپتر ببێت؟**

- هەندێك دەڵێن پابەند دەبێت و هەندێ کەسـیش بە پێچەوانەوە، بەڵام دەبێـت ئەوەمان لە بیربێت کە لە ساڵی ١٩٨٣دا ئەمەریکا لە وڵاتی لوبنان کشایەوە کە شـەڕی ناوخۆی تێدا بەرپابوو بوو، دوای چەند هەفتەیەك ئەو هەواڵە هەر لە بیرکرا لە لایەن خەڵکی ئەمەریکا و بارودۆخەشە ڕۆژ بە ڕۆژ خراپتر دەبوو لە لوبناندا.

*** ئایا چـۆن دەتوانرێت یەکێتی وڵاتێکی گەندەڵ و شکسـتخواردوی وەك عێـراق بپارێزین و دواتر دیموکراسی لەم وڵاتەدا دابمەزرێنین؟**

زۆرێـك لە دەوڵەتی فاشـیلی دیکە هەن کە وڵاتە یەکگرتووەکانـی ئەمەریکا بایەخیـان پێنادات، بۆ نموونـە سـۆماڵ و کۆنگۆی ڕۆژهـەڵات، نەك هەر بایەخیـان پێنادات، بەڵکو بە خۆشـحاڵییەوە ئـەو وڵاتانە جێدەهێڵێت تەنها ئـەو کاتە نەبێت کە هەڕەشـەیەکی جیدی لە و وڵاتانەدا بەدی بکات لەسـەر بەرژەوەندییەکانـی. ئەگـەر عێراقییەکان بڕیاربـدەن یەکتر بکوژن، ئـەوا بایەخی ئەمەریکا ئەوەدەبێت ئەمە نەپەڕێتەوە بۆ وڵاتانی دەوروبەرر.

*** دوا وتەت چییە؟**

- هەروەك پێشتریش ئاماژەم پێکرد نابێت عێراقییەکان پشت بە ئەمەریکا ببەستن، خەڵکی ئەمەریکا چیتر ئامادەی قوربانیدان نییە بە گیانی سـەربازەکانی، بە چەشـنێك ئەگەر شەڕی ناوخۆیش سەرهەڵبدات ڕەنگە هێزەکانی ئەمەریـکا یارمەتییەکی کەمی حکومەتی عێراق بدەن.

*** ئایا باوەڕت بە توانـای عێراقییەکان هەیە بۆ ئەوەی لە مەودای نزیکدا بتوانن بگەنە ڕێککەوتنێك بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانیان؟**

- عێراقییـەکان لە شـەپۆلی توندوتیژی بێزاربوون و ڕەنگـە ئامادەی قبوڵکردنی هەر شـتێك بن کە ڕێگـری لە بەرپابوونی شـەڕ و توندوتیژی زیاتر بکات.

**هەمیشە لە دیموکراسیدا جیاوازی و ناکۆکی و دابەشبوون هەیە، بەڵام گرنگە ئەوەیە لە کۆتاییدا بتوانن مساوەمە بکەن و بگەنە ڕێککەوتن**

جۆزیف سیرمانی بۆ گوڵان:

# دەبێت سەرکردە سیاسییەکانی عێراق کار بۆ گێڕانەوەی متمانە بکەن و ڕێکبکەون ئەگەرنا کارەساتی لێدەکەوێتەوە

**پرۆفیسۆر جۆزیف سیرمانی ئوستادی زانستی سیاسەتە لە زانکۆی تەکساس و پسپۆر و تایبەتمەند لە ئاسایشی نیشتمانی ئەمەریکا و سیاسەتی ئەمەریکا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و عێراقدا، سەبارەت بەو قەیرانە سیاسییەی ئێستا عێراق سەبارەت بە یاسای هەڵبژاردن پیا تێدەپەڕێت پرۆفیسۆر سیرمانی بەمجۆرە ڕای خۆی بۆ گوڵان دەربڕی.**

*** کە پرۆسەی سیاسیی شەلەلی تێکەوت ئایا ئایندەی وڵات بەرەو کوێ دەچێت، ئێستا خەریکە لە عێراقدا ئەو حاڵەتە دەردەکەوێت ئایا ئایندەی عێراق چۆن دەبێت؟**

- لە ڕاستیدا پرسیارە سەرەکییەکە ئەوەیە چۆن حکومەت بتوانێت هەنگاو هەڵبگرێت بۆ ئەوەی لەسەر بنەمای هاوکاری کردنی یەکتر پەیوەندییەك لە نێوان پێکهات و لایەنەکاندا بنیات بنێت، واتە هەوڵی لێکنزیکردنەوەی لایەنەکان بدات، نەك هەمووی ڕێکنەکەوتنێك وەك قەیران لێکبدرێتەوە، ئەمە خاڵێکی گرنگە. وەڵامەکە ئەوەیە ئەگەر ئەو سیاسەت و ڕەوتەی حکومەت گرتویەتیەبەر سەردەکێشێت بۆ هەڵکشانی بارگرژی و ئاڵۆزی و ناکۆکی ئەوا دەبێت چیتر درێژەی پێنەدرێت و کاتی زیاتر تەرخان بکرێت و سەرکردایەتییەکی نوێ پیادەبکرێت بۆ خستنەگەڕی هەوڵەکان بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان.

دەبێت سەرکردە سیاسییەکان کاربکەن بۆ بنیاتنانی میسداقییەت و متمانە بکەن لە سەر ئاستە جیاوازەکان، لەسەر ئاستی نیشتمانی و ئاستی مەحەلی یان هەرێمەکان

*** سەرەڕای ئەوەی بارودۆخەکە ئاڵۆزە، ئەوا پێشبینی هەڵکشانی توندوتیژیش دەکرێت بە چەشنێك هەلومەرجەکە بگەڕێتەوە بۆ هەمان دۆخی ساڵانی ڕابردوو، ئایا چۆن دەتوانرێت دووبارە دۆخی ئەمنی ڕێکبخرێتەوە بۆ ئەوەی خۆمان لەم بارودۆخە ڕزگاربکەین؟**

- ئێوە ئاماژە بە کێشە سیاسییەکان دەکەن کە پێم وایە دەبێت سەرکردە سیاسییەکان کاربکەن بۆ بنیاتنانی میسداقییەت و متمانە بکەن لە سەر ئاستە جیاوازەکان، لەسەر ئاستی نیشتمانی و ئاستی مەحەلی یان هەرێمەکان، بە چەشنێك ئەمە سەربکێشێت بۆ ئەوەی گفتوگۆیەکی جیددی لەبارەی گیروگرفتەکانەوە بکرێت و بیێتەهۆی هێنانەدی لێکنزیککردنەوەیەکی کارای لایەنەکان تاوەکو بتوانن لە ڕێی هاوکاری و هەماهەنگی کردن لەگەڵ یەکدا کێشەکان چارەسەربکەن، ئەمە تەحەددای بەردەم عێراقییەکانە. دەبێت سەرکردەکانی عێراق ئەو ڕاستییەیان لەبەرچاوبێت کە ئەوان لە سیاقێکی ئیقلیمی دیاری کراودا هەڵدەسوڕێن و دەبێت هەوڵبدەن گفتوگۆ لەگەڵ ئەم دەوڵەتانەدا بکەن نیگەرانییەکانیان لەبەرچاوبگرن، ڕەنگە ئەمە یارمەتیدەر بێت و دەرئەنجامی باشی لێبکەوێتەوە، بەڵام نەك لەو حاڵەتەدا کە ئەم دەوڵەتانە هەوڵی ڕوخان و گۆڕینی دەسەڵاتی سیاسی بدەن، یاخود کار بۆ ئەوە بکەن ئاراستەی بارودۆخە سیاسیەکە بە ئاقارێکی دیاری کراودا بروات، یان هەوڵی قوڵکردنەوەی ناکۆکییەکان بدەن، بەڵام ئەگەر ڕۆڵی دەوڵەتە دراوسێکان بنیاتنەر بێت و هەوڵدان بێت



بۆ دۆزینەوەی چارەسەر بۆ کێشەکانی عێراق ئەو ڕۆڵێکی پێشوازیلێکراوە.

*** کورد هەڕەشەی ئەوە دەکەن کە موقاتەعەی هەڵبژاردنەکان بکەن و بەشداری تێدانەکەن، پرسیارەکە ئەوەیە ئەگەر کوردەکان ئەم هەڕەشەیە جێبەجێ بکەن و بەشداری نەکەن چ دەرئەنجامێکی لێدەکەوێتەوە؟**

- لە ڕاستیدا هەموو کەسێك خوازیاری ئەوەیە تێکرای لایەنەکان بەشداری لە هەڵبژاردنەکاندا بکەن، بەڵام دەبێت سەرکردە سیاسیەکان کار و کۆشش بۆ ئەوە بکەن هەڵبژاردنێکی عادیلانە بەڕێوەبچێت و میسداقییەت و شەرعیەتی هەبێت، چونکە ئێمە ئەزموونی هەڵبژاردەکانی ئێرانمان بینی کە بەشێکی بەرچاوی خەڵکی ئەو وڵاتە ناڕازین بە دەرئەنجامەکانی و ئەمەش سەری کێشا بۆ سەرهەڵدانی کێشە و قەیرانێك کە تاوەکو ئێستا بەردەوامە. هەروەها لە ئەفغانستانیش کە سەرەڕای ئەوەی نەتەوە یەکگرتووەکانیش بەشداریان کرد لە بەڕێوەبردنیدا بەڵام بانگەشەی ئەوە دەکرێت کە هەڵبژاردنێکی پاك نەبووە. هەروەك ئاماژەم پێکرد گرنگە سەرجەم لایەنەکان بەشداری بکەن، چونکە هەڵبژاردن بەشێکی گرنگە لە دیموکراسی و ڕێگایەکە بۆ نوێنەرایەتیکردنی ئیرادەی خەڵك، بەڵام دەبێت کار بۆ ئەوە بکرێت بە نەزیهی بەڕێوەبچێت.

*** ئەگەر ئەم هەڵبژاردنانە دواخران، ئایا ئەمە چ کاریگەری و کاردانەوەیەکی دەبێت لەسەر هەڵوێست و سیاسەتی**

**ولاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا لە عێراقدا؟**

- بە پێی تێگەیشتن و خوێندنەوەی من هەڵوێستی ئەمەریکا ئەوەیە ئەنجامدانی هەڵبژاردنەکان بەشێك و قۆناغێکی گرنگە لە ڕەوتی گەشەپێدانی دیموکراسی و هێنانەدی حکومەتێکی دیموکراسی لە عێراقدا. ڕەنگە دواکەوتنەکەش تا ئەو کاتە بخایەنێت کە لایەنەکان بتوانن بگەنە مساوەمەیەك، یان ڕێککەوتنێك لەنێوخۆیاندا، بەڵام ئەگەر پێداگیری لەسەر ئەنجامدانی بکرێت و میسداقیەت و شەرعیەتی نەبێت لای بەشێکی بەرچاوی خەڵکی ولاتەکە، ئەوا ڕەنگە دەرئەنجامی خراپ و سلبی لێبکەوێتەوە، ئەگەرچی ڕەنگە دواخستنیشی ببێتەهۆی سستبوونی گوڕ و تینی هەوڵەکانی پەرەپێدانی دیموکراسی. لەگەڵ ئەوەشدا من پێم وایە نابێت پێداگیری بکرێت لەسەر ئەنجامدانی، تەنها بۆ ئەوەی پابەندبین بە وادەیەکی دیاری کراوەوە ئەگەر نەتوانرا هەڵبژاردنێك ئەنجامبدرێت کە میسداقیەتی هەبێت و خەڵك بە ئەنجامەکانی ڕازیبن.

*** ئێمە دەبینین زۆربەی هۆکارەکان دەگەڕێتەوە بۆ ئەو خشتە زەمەنییەی لە لایەن ولاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکاوە بۆ کشاندنەوەی هێزەکانی لە عێراقدا دانراوە، پرسیارەکە ئەوەیە ئایا ئەمەریکا پابەنددەبێت بە کشاندنەوەی هێزەکانی ئەگەر بارودۆخەکە خراپتر ببێت؟**

- هەروەك چۆن عێراق هەوڵی پاراستنی بەرژەوەندییە نەتەوەییەکانی دەدات، بە هەمان شێوە ئەمەریکاش دەبێت بایەخ بە بەرژەوەندییەکانی بدات، بەڵام من پێم وایە ڕوخان و هەرەسهێنانی پرۆسەی سیاسی و شکستهێنانی دیموکراسی لە عێراقدا خزمەت بە بەرژەوەندییەکانی ئەمەریکا ناکات، لەبەر ئەوە ئەگەر لەمن بپرسن ئەوا ڕاسپاردەی من بۆ ئەمەریکا ئەوەیە پابەندبێت بە یارمەتیدانی عێراق، بە تایبەتی دەبێت هێزەکانی ئەمەریکا یارمەتی سوپا و هێزی پۆلیسی عێراق بدەن بۆ ئەوەی بتوانن ڕەوشی ئەمنی کۆنترۆڵ بکەن لە کاتێکدا کە مشت و مڕە سیاسییەکان بەردەوام دەبن بۆ یەکلاکردنەوەی ناکۆکییەکان و گەیشتن بە ڕێککەوتنێك لەسەر چۆنیەتی ئەنجامدانی هەڵبژاردنەکان. بەڵام هەروەك پێشتر ئاماژەم پێکرد دەبێت سەرکردە و بەرپرسەکانی عێراق کار بۆ هێنانەدی میسداقیەت و متمانە بکەن لە نێوان پێکهاتە و لایەنە جیاوازەکاندا، هەروەها هەڵبستن بە خستنەگەڕی هەڵمەتی هۆشیارکردنەوە لە بارەی ئالیەت و شێوازەکانی چۆنیەتی کارکردنی دیموکراسیەوە.

*** ئایا باوەڕت بە توانای عێراقییەکان هەیە بۆ ئەوەی لەمەودای نزیکدا بتوانن بگەنە ڕێککەوتنێك بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانیان؟**

- لە ڕاستیدا دەقا و دەق ئەرکی سەرکردەکان ئەوەیە هەڵبستن بە خستنەڕووی ڕێگاچارە و تێڕوانینێکی گونجاو بۆ چۆنیەتی یەکلاکردنەوەی ناکۆکییەکان و چۆنیەتی چارەسەرکردنی کێشەکان.

*** دوا وتەت چییە؟**

- ئەمە سەردەم و کاتێکی گرنگە بۆ عێراقییەکان، کە دەبێت کار و کۆشش بکەن بۆ ئەوەی خۆیان لەگەڵ دیموکراسیدا ئاشنا بکەن و دەست و پەنجە لەگەڵ ڕێ وشوێنەکانیدا نەرم بکەن.

**هەڵبژاردن بەشێکی گرنگە لە دیموکراسی و ڕێگایەکە بۆ نوێنەرایەتیکردنی ئیرادەی خەڵک، بەڵام دەبێت کار بۆ ئەوە بکرێت بە نەزیهی بەڕێوەبچێت**

**ئەرکی سەرکردەکان ئەوەیە هەڵبستن بە خستنەڕووی ڕێگاچارە و تێڕوانینێکی گونجاو بۆ چۆنیەتی یەکلاکردنەوەی ناکۆکییەکان و چۆنیەتی چارەسەرکردنی کێشەکان**





# بەدامەزراویکردنی ئابووری کاری حکومەتە

لەکۆمەڵگایەکی دامەزراوەیی پڕ لەکەسانی ئازاد، وشەی «دەستوورو یاسا» زۆر گرنگترە لەوشەی «دیموکراتی»

سەرۆکی کوردستان کەداوای بەدامەزراویکردنی دامودەزگاکانی هەرێمی کرد، پێویستە لەبەرنامەی سەرۆکایەتی هەرێم کاری جیددی و بەرنامەڕێژی بۆ بکرێت، راستە ئەمە ئەرکی حکومەتی هەرێمی کوردستانە، بەڵام ئەم ئەرکە گرنگ و ستراتیژییە بەبێ چاودێری و بەدواداچوونی سەرۆکی کوردستان جێبەجێ ناکرێت، رۆڵی سەرۆك بۆ بەدامەزراویکردنی کوردستان گرنگ و کاریگەرە، چونکە سەرۆك بەرزترین دەسەڵاتەو لەگەلەوە هەڵبژێردراوە، هەر سەرۆکێك بتوانێت وڵات لەسەر بنەمای بەدامەزراویکردن بنیات بنێت دەبێتە باوك وەکو گاندی و دیگۆل و جۆرج واشنتۆن. بنیاتنانی ئابووری لەرێگای دامەزراویی نوێوە دەبێتە هۆی کەمبوونەوەی بەیەکداچوونی بەرژەوەندییەکان و بازاڕیش رێك دەخرێت و، هاوڵاتییش لەناو دامەزراوەکان باشتر ئەرك و مافەکانی رێك دەخرێت، ئەمە جگەلەوەی لەکاتی کەوتنەوەی قەیرانەکان و ئاڵۆزبوونی بارودۆخە سیاسی و ئابوورییەکان باشتر دەتوانین رووبەرووی ئەو دژوارییانە ببینەوەو دەرمانی ئابووری گەورەو خێرا روونادات .

مێژووی گەلان پڕیەتی لەئەزموونی دەوڵەمەندو گۆڕانکارییە گەورە، کەلەلایەن سەرکردە جەماوەرییەکانەوە ئەنجامدراوەو واقیعی وڵات و نەتەوەکانی گۆڕیوە، پرۆفیسۆر ئالان میلتەزەر ئاماژە بەهەندێك لەو ئەزموونانە دەکات، بۆ نموونە ئەو وڵاتانەی کە سیستەمی ئابووری بازاڕ پەیڕەو دەکەن و خاوەنی دامەزراوەیی سەرمایەداری گەورەو رێکوپێکن بەشێوەیەکی فراوان و خێرا گەشە دەکەن، هەردوو کۆریای باشوورو باکور نموونەیەکی باشن بۆ راستی ئەم بۆچوونە، داهاتی تاك لەکۆریای باشوور گەیشتۆتە داهاتی تاکێکی ئەمەریکی و وڵاتەکە گەیشتۆتە ریزبەندی ١١یەمین گەورە وڵاتی پێشکەوتوو، کەچی لەکۆریای باکوور خەڵکی لەسەر گژوگیا دەژی و قەیرانی خۆراکی تێکەوتووە، بۆ گەیشتن بەئابووری بازاڕو بنیاتنانی ئابووری لەرێگای دامەزراویی نوێ مەرج نییە حکومەتەکان چاوەڕێی هاوکاری دەرەکی بن، لەمبوارەشدا ئەزموونی تاڵی un و ئاژانسەکانی لەهەرێمی کوردستان کەسەرچاوەی گەندەڵی بوون دیارو لەبەرچاوە، دواتریش گەندەڵییەکانی گەورە بەرپرسانی ئەو رێکخراوەو تێوەگلانیان لەسەفقەکانی پترۆڵی عێراقی لێکەوتەوە، نموونەی بوونی دامەزراویی گەندەڵمان لەجیهانی ئەمڕۆدا زۆرە ئەوەتا وڵاتی چین سەرەڕای ئەوەی بۆتە خاوەنی دامەزراویی گەورە، بەڵام ئەم دامەزراوانە بوونەتە سەرچاوەی گەندەڵیش، ئالێرەدا گەر بمانەوێت ببینە خاوەنی دەوڵەتی دامەزراویی مەرجە دەسەڵاتی حکومەت کەم بکرێتەوەو، لەبەرامبەردا دامودەزگای دامەزراویی کەرتی تایبەت دەسەڵاتەکانی فراوان بکرێت، رۆڵی حکومەتیش وەکو چاودێری و بەدواداچوون دەمێنێتەوەو ئەرکی ئاراستەکردنی کایەکانی ناوکۆمەڵگاو ئابووری هەرێمەکەیە، لەناو ئەم بەدامەزراویکردنەی هەموو کایەکانی ناو کۆمەڵگاش «ئابووری دامەزراویی نوێ» پێداویستییەکی سەردەمی ئەم قۆناغەی هەرێمەو، زامنی گەیشتنمانە بەئابووری بازاڕ و رێکخستنی بازاڕ لەسەر بنەمای رێزگرتن لەیاساو دادپەروەری و پاراستنی ماف و ئەرکەکان، بەپێچەوانەشەوە نەبوونی ئابووری دامەزراویی نوێ بەواتای بوونی ئابووری حزبی و شەخسی دێت و رێگرە لەبەردەم پەیڕەوکردنی بنەماکانی ئابووری بازاڕ.

بوونی پیلان دژ بەگەلی کوردستان و دەسەڵاتی سیاسی هەرێم، تەحەددای بەردەم حکومەتی هەرێم ئاڵۆزو گەورە کردووە، پێویست بەوە دەکات حکومەتەکە پرۆفیشناڵ و لەئاست ئەو تەحەددایە بێت، هەنگاوی خێراو زانستییانە بکرێتە بەر بۆ سەقامگیری ئابووری و بەهێزکردنی هەرێمەکە. حکومڕانی سەرکەوتووش بێ بەدامەزراویکردنی ئابووری شانسی کەمترە رووبەرووی گەندەڵی و ناشەفافییەت و بێ بەرهەمی دەبێتەوە، کاتێکیش لەهەڵبژاردنە پەرلەمانییەکەی کوردستان لەبەرنامەی لیستی هاوپەیمانی کوردستان پەیامی( بەرەو نوێبوونەوەو ئاوەدانی ) بەرزکرایەوەو ئاماژە بەدەستکەوتەکان کرا، هەروەها بەڵێنی رووبەڕووبوونەوەو چارەسەرکردنی کەموکورتییەکانیش درا، بۆ ئەوەی ماوەکان کەمبکرێنەوەو بتوانین هەنگاوەکانی (سەروەری یاساو دادپەروەری و رەخساندنی هەلی کارو خۆشگوزەرانی بۆ هاوڵاتییان..) دابین بکرێت و بەپراکتیکی هەنگاو بەرەو نوێبوونەوەی دامودەزگا حکومی و تایبەتییەکان بنێین و بەڵێنەکان جێبەجێ بکرێت، پێویستیمان بە بنیاتنانی ئابووری دامەزراویی نوێ ( الاقتصاد مؤسساتی الجدید) هەیە.



## بەدامەزراویکردنی کوردستان
## تێکەڵاوکردنی سەرمایەو بیرۆکراسییەتە

ناوچەکەو عێراق بەپێگەیەکی ئاڵۆز لەرۆژهەڵاتی ناوەراســـت دادەنرێـــت، بۆیە خۆرێکخســـتنەوەی دامـــەزراوەکان و بەدامەزراویکردنـــی ئابـــووری لەهەرێمەکـــەدا شانســـی زیاترمـــان دەداتێ بۆ رووبەرووبونەوەی ئاســـتەنك و رووداوە کتوپڕەکان، کەرەنگـــە بەهـــۆی ئاڵۆزبوونـــی بارودۆخـــە سیاســـییەکانەوە بکەوێتـــەوە. بنیاتنانی ئابووری بازاڕ لەڕێگای ئابـــووری دامەزراوەیی نوێ وە، بێ حوکمڕانییەکی دیموکراتی و پاراســـتنی ماف و رێکخســـتنی ئەرکەکان تاك نایەتە بەرهەم، کە تێیـــدا کار پیرۆز بکرێت و بەهای راســـتەقینەی بۆ بگەڕێتـــەوەو پاڵنەریش بۆ پێشـــکەوتنی کار هەبێت لەڕێگای پاڵنەری ماددی و پاراســـتنی مافـــی موڵکـــداری و دروســـتکردنی کێبرکێ، لەکۆمەڵگایـــەك کـــە سیســـتەمی دامەزراوەیی هەبێت یاســـا لەخزمەتی تاك دەبێت و پاڵنەریشە بۆ جێبەجێکردنی یاسا، چونکە تاکەکان لەناو ئەو کۆمەڵگایانە خاوەنی ئیرادەی خۆیان دەبن، یاساکان لەپێناوئازادی تاکەکان و مافـــی موڵکدارێتییان دادەنرێت، ئابـــووری دامەزراوەیی نـــوێ پێیوایە کە ڕێزگرتنی ســـەروەری یاسا گرنگە بۆ کاری ئابووری بازاڕ. ئەمەش بەمانای ئەوەی کە ژیانی کۆمەڵایەتی لەســـەر بنچینەی چەند یاســـایەك دەڕوات کە لەدەســـتووردا هاتووەو، دەوڵەت پێوەیان پەیوەســـتەو بەزۆر حەزو ئارەزووی خۆی بەســـەر خەڵکیدا ناسەپێنێ. «پێجۆڤیج و بەچنان» کە دوو ئابووریناسی ئەوروپین پێیانوایە لەکۆمەڵگایەکی پڕ لەکەسانی ئازاد، وشەی «دەستوورو یاسا» زۆر گرنگترە لەوشەی «دیموکراتی». ئەگەر وڵاتان پەیوەســـت نەبن بەم مەبدەئەوە ئەوسا سەرمایەدارو دەسەڵات هاووڵاتیان بۆ بەرژەوەندی خۆیان بەکار دەهێنن. ئەگەر کۆمەڵگا ڕێز لە ســـەروەری یاسا بگرێت ئەوسا گەشەسەندنێکی گەورەی ئابووری دێتەکایەوە.

کێشـــەکەی ئەو کۆمەڵگایانـــەی وەکو هەرێمی کوردســـتانن و دەیانەوێـــت هەنـــگاوەکان بـــەرەو بنیاتنانـــی حکومەتی دامەزراوەیـــی و ئابووری دامەزراوەیی نوێ بنێن، ئەوەیە» یاسا لەخزمەتی تـــاك دا نییە» و هەربۆیە دادپەروەریش دروســـت نابێت، لەم کۆمەڵگایانـــە پاڵنەری دژە گەندەڵی نییە تاوەکـــو گەندەڵی نەکرێت، بـــۆ دۆزینەوەی ڕێـــگا چارەســـەرکان خوێندنەوەمان بـــۆ رابردوو گرنگە، لەگـــەڵ دامەزرانی حکومەتی عێراقەوە هەوڵـــی بەموئەسەســـادکردنی ئـــەو حکومەتە درا، بەڵام نەبوونی عەقڵییـــەت و تێکەڵنەکردنی لەگەڵ بیرۆکراسی ئیجابییەوە ڕێگای نەدا بەرەو بەدامەزراویکردنـــی حکومەت و ئابووری هەنگاو بنێـــت، عەقڵییەتی شـــۆڤێنی و دوور لەبنەمای دیموکراتییەت و پاراستنی مافی تاك لەئازادی و کۆکرنەوەی هەموو هاوڵاتییان بەجیاوازی نەتەوەو بیروباوەڕەکانـــەوە لەژێر چەتری یاســـا هەمووی ڕێگربوون لەبەردەم بەدامەزراویکردنی حکومەت و کەرتی تایبەت، ئەمـــە جگە لەوەی لەبارودۆخی شەڕو نائارامی و لەغیابی دیموکراتییەت مومکین نییـــە ئەم دامـــەزراوە ئابوورییانە بنیـــات بنرێن، پرۆڤیسۆر کازم حەبیب توێژەری ئەکادیمی عێراقی لەمبارەیـــەوە دەڵێت : لەعێراقدا گروپەچەکدارەکان و پارت و دەســـەڵاتە داپڵۆسێنەرەکان وڵات بەڕێوە دەبەن و کەســـانێك دروستبوون لەسەروو دەسەڵاتی حکومەتەوەو لەناوچەو شـــارەکاندا خاوەنی پێگەو حوکمـــی خۆیانـــن و وڵاتەکەیان خســـتۆتە ناو زەلکاوی گەندەڵی دارایی و کارگێڕییەوە، زەحمەتە لەم دۆخەدا عێراق لەســـەر بنەمای دامەزراوەیی دەستوورو دیموکراتی دامەزرێت ..

**بۆ ئەوەی ماوەکان کەمبکرێنەوەو بتوانین هەنگاوەکانی (سەروەری یاساو دادپەروەری و رەخساندنی هەلی کارو خۆشگوزەرانی بۆ هاوڵاتییان..) دابین بکرێت، پێویستیمان بە بنیاتنانی ئابووری دامەزراوەیی نوێ هەیە**

**هاوڵاتییان لەناو دامەزراوەییەکان باشتر ئەرک و مافەکانیان رێک دەخرێن**

### بەرژەوەندییە تایبەتییەکان
### ڕێگرن لەبەردەم بەدامەزراویکردنی ئابووری

لەســـەرەتای نەوەدەکان کاتـــێ بۆ یەکەمینجار هەرێمـــی کوردســـتان بەڕێوەبردنـــی خۆی کرد، هەوڵدرا لەئابوورییەکی مەرکەزییەوە بۆ ئابووری بازاڕ هەنگاو بنرێت، بەڵام گەمارۆی ئابووری و شـــەڕی ناوخۆو ئابووری حزبی و شەخسی ڕێگر بوون لەبەدیهاتنی ئەم ئامانجە ستراتیژییە، ئەوەبوو زۆر گروپی خـــاوەن یەك بەرژەوەندی هاتنەکایەوە کـــە دەتوانن دەوڵەت بەکاربهێنـــن بۆ بەرژەوەندی تایبەت و رەوشـــەکەیان بەئاراستەیەکی تردا برد، خراپی پێکهاتەی ئابووری و بازاڕ لەپاڵ نەبوونی کێبرکێ و گەشەنەکردنی سروشتی سەرمایەداری دۆخێکی زیاتری ڕەخسانت بۆ ڕێگرتن لەگەیشتن بەئابووری بازاڕ . بەمەش کەرتی تایبەت لەبری ئەوەی ببێتـــە هاندەرو پاڵپشـــتیکردنی ئابووری هەرێمەکـــە بووە کەرتێکی هەلپەرســـت و هەموو کارێکی بریتی بوو لەکارکردنە سەرکاری دەوڵەت، بۆ بەدەســـتهێنانی قازانجی شەخســـی لەســـەر حسابی کەســـانی ترو گروپی دیکە، بەمشێوەیە خەڵکێکی زۆر هەوڵی دەوڵەمەندبوونیان دا لەسەر حســـابی خەڵکی تر. ئەم جۆرە خەڵك و گروپانە مەترسیان لەسەر پرۆسەی گۆڕان هەیەو لەوانەیە بتوانن یاسای دامەزراوەیی وا دەربکەن کە زیان بە ئابووری بازاڕ بگەیێنێت.

بۆ رووبەرووبونـــەوەی گەندەڵـــی و قۆرخکاری و بێ ســـەروبەری یاســـاکانی ئابووری و بازاڕو رێکخســـتنەوەی بنەماکانی بنیاتنانی ئابووری بازاڕ، بەدامەزراویکردنی ئابووریمان پێویســـتەو، بوونی ئیرادەو خواســـتی تاکەکان لـــەم پێناوەدا گرنگە، ناکرێت بـــاس لەدامەزراویکردن بکەین، بەڵام کارمـــان لاپیـــرۆز نەبێـــت و کاروبارەکان لەژێـــر چەتری یاســـادا نەبێـــت و، قۆرخکردن ڕێگر بێـــت لەبەردەم گەشـــەکردنی هەرێمەکەدا بـــاس لەبەدامەزراویکردنـــی ئابـــووری بکەین، رێگا چارەســـەری دیکەش نییە چونکە بەدیلی دامەزراوەیی تەنیا دیکتاتۆرییەتە،

### ئابووری دامەزراوەیی نوێ
### زیاتر واقیعیانەیە

گەشـــەکردنی ئابـــووری لەڕوانگەی ئابووری دامەزراوەیی نوێوە پرۆسەیەکی درێژو بەردەوامی دامەزراوەکانەو، تێکەڵبووە بەستاندارە ئەخلاقییەکانی



گەشەکردنی ئابووری لەهەرێمی کوردستان پرۆسەیەکی هاوبەشە لەنێوان دەسەڵات و هاووڵاتیان



**هاوڵاتییان لەناو دامەزراوەییەکان باشتر ئەرك و مافەکانیان ڕێك دەخرێن**

نەریتەکان و بیروباوەڕو چۆنیەتی بیرکردنەوەی کۆمەڵگا، گەرچی بەدەستهێنانی دامەزراوەیی بەهێزو پۆزەتیڤ پێویستی بەکات و کاری زۆر هەیە، ئەوەندە گرنگە بێ ئەم دامەزراوانە ناکرێت لەڕووی ئابوورییەوە سەرکەوین، سەرکەوتنی گۆڕانە ئابوورییەکان پشت دەبەستێت بەوەی تاچەند یاسا سەرەکییە نوێیەکان گونجاون لەگەڵ یاسا ناسەرەکییەکانی نێوکۆمەڵگا. بەشێوەیکی گشتی دەتوانرێت وەسف بکرێت بە گۆڕان لەئابوورییەکی مەرکەزییەوە کە بەشێوەیك دارێژراوە دەوڵەت خاوەنی هەموو سەرچاوە ئابوورییەکان بێت، بەرەو ئابووری بازارو موڵکایەتی تایبەت، ئابووری دامەزراوەیی نوێ شوێنێکی زۆر گرنگی ئابووری هاوچەرخ داگیر دەکات، هەرچەندە بیرۆکەکە لەساڵانی حەفتایەکان سەریهەڵدا (یاخود پەرەی سەند)، بەڵام لەهەرێمی ڕۆژهەڵات و ناوەڕاستی ئەوروپادا لەساڵانی نەوەدەکاندا ناوبانگی دەرکرد، ئەو گۆڕانەی لەوڵاتانی ناوەڕاست و ڕۆژهەڵاتی ئەوروپادا ڕوویدا ئێستا نزیکەی بیست ساڵە بەردەوامە، لەگەڵ ئەوەشدا ئەزموونی ئەم وڵاتانەو دەرئەنجامی ئەو گۆڕانانە بەتەواوی لەیەکتر جیاوازن. هۆی ئەو جیاوازییەش دەتوانرێت بەهۆی ئابووری دامەزراوەیی نوێ ڕوونبکرێتەوە، چونکە سەرنجمان بۆ لایەنی نوێی گۆڕانەکە ڕادەکێشێ. ئابووری دامەزراوەیی نوێ لەمەبەستیدا ئامانجی کەمکردنەوەی مامەڵەکردنە لەگەڵ ئابووری نیو-کلاسیك، ئابووری دامەزراوەیی نوێ زیاتر واقیعیانەیە. لەسەرەتادا شوێنی ئەوە دەگرێتەوە کە مرۆڤ نەکائینێکی زۆر ژیرەو نەبەتەواوی کامڵە، پێشی وایە کە ژیریش سنووری هەیە. ئەمەش بەمانای ئەوە دێت کە ئابوورییەکی وەك یەك ناتەواوەو نەڕاستیشە، چونکە مرۆڤەکان هەمیشە هەوڵی ئەوە دەدەن قازانجی خۆیان زیاد بکەن سەرەڕای ئەوەش کە ژیرییەکەشیان سنووردارەو زانستی تەواویشیان نییە. هەمووشیان حەز دەکەن هەلەکان لەبەرژەوەندی خۆیاندا بقۆزنەوە، ئەمەش لەوانەیە گۆڕانی بازاڕ نادیارو بەرەو مەترسی ببات.

دی نۆرس ئابوریناس وهەڵگری خەڵاتی نوبڵ دامەزراوەکان دابەش دەکات بۆ دوو جۆری سەرەکی و ناسەرەکی، کۆمەڵی یەکەم بنچینە یاساییەکان پێك دەهێنن کە کارلێکە ئابووری و سیاسییەکان ڕێك دەخەن وەکو (دەستوور، یاسادانان، فەرمانەکان و دامەزراوەکان ..) کە بەرپرسن لەجێبەجێکردنی یاسادا، بۆیە زیاتر دامەزراوەکانی دەوڵەت دەگرنەوە. دامەزراوە ناسەرەکییەکان بریتین لە بنچینە ئەخلاقییەکان، ئایین، بیرکردنەوەی تاکەکانی نێو کۆمەڵگا. تاکو دەوڵەتێکیش کارەکانی بەباشی بەڕێوە بچێت ئەوا دامەزراوە سەرەکی و ناسەرەکییەکان پێویستە گونجاوبن لەگەڵ یەکتری و لەبارێکی هارمۆنیدابن. ئابووری دامەزراوەیی نوێ تەنها لەدامەزراوەکان پێك نایەت چەند بیردۆزێکیش لەخۆ دەگرێت وەکو «بیردۆزی گۆڕانی نرخ، بیردۆزی هەڵبژاردنی خەڵکی، بیردۆزی ئابووری سیاسی نوێ».

## کورتکردنەوەی ماوەکان بۆ گەیشتن بەگەشەکردن

ئابووری وڵاتانی کەمتر پێشکەوتوو دەتوانرێت لەڕێگای تەکنەلۆژیاو لاساییکردنەوە ماوەکان کەمتر بکەنەوە، لەئەوروپا لەڕێگای بەرزکردنەوەی داهاتی تاکەکەسی و خێراکردنی کارەکان ماوەکانی گەیشتن بەپێشکەوتن و پەرەپێدان کورتکرایەوە، ئەمەش وایکرد ئەو گۆڕانکارییەی لەبەریتانیا بە ١٠٠ساڵ ڕوویدا لەژاپۆن و کۆریای باشوور بەکەمتر ڕوو بدات . تەکنەلۆژیا تەنیا دیوێکی خێراکردنی گەشەسەندن و کەمکردنەوەی ماوەی گەیشتنە بەپەرەپێدان دیوەکەی تری بوونی دامەزراوەیی ئابوورییە کەوایکرد ڕووبەڕووی هەموو ئەو ئاستەنك و بەربەستانە بێتەوە کەڕێگر بوون لەگەیشتن بەئابووری بازاڕ، وڵاتی نێجیریا لەساڵی ١٩٦٠ زۆر لەکۆریای باشوور دەوڵەمەند تر بوو، کەچی ئەمڕۆ بەهۆی بەدامەزراویکردنی ئابووری و پەیڕەوکردنی ئابووری بازاڕ کۆریا لەگەشەکردن و پێشکەوتنی ئابوورییەکەی نێجیریای بەجێهێشت .

جیاوازی نێوان هەردوو کۆریا تەنیا هێڵێك نییە لەنێوان سنووری هەردوو وڵاتدا بەڵکو بوونی ئابووری دامەزراوەیی نوێیە، کە وایکردووە کەرتی تایبەت و وەبەرهێنان ڕۆڵی خۆی بگێڕێت و هاوڵاتییانی کۆریای باشووریش لەڕێگای زامنکردنی ئازادییەکان و پاراستنی مافی موڵکداری خاوەنی بەرهەم و داهێنان بن، بەپێچەوانەی کۆریای باکورەوە کە دەسەڵاتی حکومەت و قۆرخکردنی ئابووری گەندەڵی ولاوازی بۆ ئابووری و داهاتی تاکەکەسی هێنا بەرادەیەك بەردەوام ئەو وڵاتە لەبەردەم هەڕەشەی کەم خۆراکیدا بێت،

زۆر وڵات بەهاوشێوەی چین خاوەنی دامەزراوەیی ئابوورین، بەڵام لەچوارچێوەی ئابوورییەکی ناوەندی و دوور لەئابووری بازاڕ، ئەمەش وایکردووە دامەزراوەکانیان ببنە سەرچاوەی گەندەڵی، بەپێچەوانەی هەوڵەکانی وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ئەوروپا، سلۆڤینیا لەساڵی ٢٠٠٦ دا گەیشتە هەردوو ئاستی بەدیموکراتی کردن وو ڕێزگرتن لەسەروەری یاسا. ئەو دەرەنجامەی کە لەوڵاتانی بەلقان و باڵتیکەوە بەدەستهاتووە پرۆسەیکی لەسەرخۆ پیشان دەدەن لەگەشەکردنی پێکهاتەی دامەزراوەکاندا، بەڵام پێویستە بڵێین کە ئەم وڵاتانە ساڵ بەساڵ لە پێشکەوتن دان، گەرچی ئەم پێشکەوتنە لەسەرخۆیە، ئەو لێکۆڵینەوانەی کە لەلایەن بانکی نێودەوڵەتییەوە ئەنجامدران پیشانی دەدەن، پرۆسەی گۆڕان لەو وڵاتانەی کە ئەندامی یەکێتی ئەوروپان لەئاستێکی بەرزترن لەو وڵاتانەی ئەندام نین، ئەمەش بۆ بەرزی ڕێزگرتنیان لەسەروەری یاساو توانای زیاتر بەڕێوەبردنی حکومەتەکانی ناو یەکێتی ئەوروپا دەگەڕێتەوە.

دانانی گەشەکردن و پەرەپێدانی بەڕێوەبردن لەریزبەندی پێشەوەی کارەکانی حکومەتی هەرێم، زامنی گەیشتنمانە بەرەو گەڕانەوەی متمانەو ڕێزی خەڵکی بەرامبەر بەیاسا، بۆ ئەوەی یاساکانی ئابووری بازاڕیش بەباشی جێبەجێ بکرێت، پێویستە کێبرکێ هەبێت و ببینە خاوەنی ئابووری دامەزراوەیی نوێ.

**کێشەکەی ئەو کۆمەڵگایانەی وەکو هەرێمی کوردستانن و دەیانەوێت هەنگاوەکان بەرەو بنیاتنانی حکومەتی دامەزراوەیی بنێن، ئەوەیە یاسا لەخزمەتی تاک دا نییە**

**ڕۆڵی سەرۆکی کوردستان بۆ بەدامەزراویکردنی کوردستان کاریگەرە، چونکە سەرۆک بەرزترین دەسەڵاتەو لەگەلەوە هەڵبژێردراوە**